( 2512 )

# ناسیۆنالیزم و

# سیاسەت

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ناسیۆنالیزم و سیاسەت

نووسینی: محمد فاتح

کۆمپیوتەر: زانا احمد

چاپخانە:

تیراژ: ٥٠٠

---

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٢٨٣٢ )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە

---


هەواڵنامەی کتێب

# ناسیۆنالیزم و سیاسەت

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

**محمد فاتح**

هەولێر

یەکەم چاپ/ ۲۰۱۲

# بابەتەکان


| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | بەشی یەکەم - ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی | ١٣ |
| ٢. | چەمك و پێناسەی زاراوەی ناسیۆنالیزم | ١٧ |
| ٣. | نەتەوە – نەتنیك | ٢٥ |
| ٤. | نەتەوە – دەوڵەت | ٣١ |
| ٥. | چەند تیۆرێکی پەیوەندار بەدیاردەی ناسیۆنالیزم | ٣٧ |
| ٦. | سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی | ٣٩ |
| ٧. | فاکتەرەکانی ناسیۆنالیزم | ٥٣ |
| ٨. | سەرچاوەکانی بەشی یەکەم | ٦٦ |
| ٩. | بەشی دووەم – ناسیۆنالیزم و هزرە سیاسیەکان | ٧٣ |
| ١٠. | ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆژیا | ٧٤ |
| ١١. | ناسیۆنالیزم و دیموکراسیەت | ٨٣ |
| ١٢. | ناسیۆنالیزم و لیبرالیەت | ٨٤ |
| ١٣. | ناسیۆنالیزم لەدیدی مارکسیزمەوە | ٩٧ |
| ١٤. | ناسیۆنالیزم و فاشیزم | ١١٢ |
| ١٥. | سەرچاوەکای بەشی دووەم | ١٢١ |
| ١٦. | بەشی سێیەم – بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەچەند وڵاتێکدا | ١٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧. | یەکێتی ئەلمانیا – ئەلمانیا لەمێژوودا | ١٢٨ |
| ١٨. | بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئەلمانی و هێزە سیاسیەکان | ١٣٢ |
| ١٩. | فیختەو هزری ناسیونالیزمی لەئەلمانیا | ١٣٤ |
| ٢٠. | کاریگەری شۆڕشەکانی ١٨٤٨ | ١٣٧ |
| ٢١. | ڕۆڵی گرینگی بسمارك | ١٤١ |
| ٢٢. | قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی یەکێتی ئەلمانیا | ١٤٢ |
| ٢٣. | یەکگرتنی ئیتالیا – دەربارەی مێژووی ئیتالیا | ١٥١ |
| ٢٤. | بارودۆخی سیاسی و وکۆمەڵایەتی ئیتالیا پێش یەکگرتنەوەی | ١٥٦ |
| ٢٥. | هۆکارەکاریگەرەکان لەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەئیتالیا | ١٦٠ |
| ٢٦. | ڕۆڵی بید مۆنت (سەردینیا) لەیەکگرتنی ئیتالیا | ١٦٩ |
| ٢٧. | کۆبوونەوەی بلۆمبیر | ١٧٢ |
| ٢٨. | شەرەکانی ڕزگارکردنی ئیتالیا | ١٧٤ |
| ٢٩. | بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەچین | ١٧٨ |
| ٣٠. | نەتەوەی چین. پێکهاتەو پەرەسەندنی | ١٧٩ |
| ٣١. | هزری سیاسی کۆن لەچین | ١٨٢ |
| ٣٢. | پەیوەندی نێوان ئەورووپاو چین | ١٨٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٣. | قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزافی ناسیۆنالیزمی لەچین | ١٩٠ |
| ٣٤. | ناسیۆنالیزمی چین لەنێوان رابوون و پێناسەدا | ١٩٥ |
| ٣٥. | شۆرشی ١٩١١ | ٢٠٠ |
| ٣٦. | ململانێ لەناوحیزبی (کیومینتانگ) | ٢٠٥ |
| ٣٧. | ململانێ لەنێوان کیومنتانگ وکۆمونیستەکان | ٢٠٧ |
| ٣٨. | کۆتایی | ٢١٢ |
| ٣٩. | سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی سێیەم | ٢١٧ |


هەزارنامەی کتێب

# پێشەکی

دەکرێ بوترێ کەکۆمەڵە خەڵکێك، ئەگەر لەنێوانیاندا جۆرێك لەهەست و سۆزی هاوبەش پەیدابێ، بەپلەیەك کە ئەو جۆرە پەیوەندییە تایبەتیەی هەیە لەنێوانیان، لەگەڵ پەیوەندیان بەخەڵکانی تر جیاوازی هەبێ یان نەبێ. ئەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و جۆرێك لەهاوکاری و تەبایی لە نێوانیاندا دەخولقێنێ.

ئەو هەستە هاوبەشە کەئەو کۆمەڵەی لەیەك نزیکردۆتەوەو یەکیانی خستووە. هۆی جۆراوو جۆری هەیە. ڕەنگە ڕەگەز بێت، یان زمانی هاوبەش، یاخود ئەو پارچەخاکەی لەسەری دەژین، دەکرێ مێژوو کەلەپوری هاوبەش بێت.

کۆمەڵناسی مەعریفی فێرمان دەکات کەهیچ بیروڕایەك یان تیۆرییەك لە[1] بۆ شاییەوە ناخولقێت، هەروەها تێگەیشتن لەو بیروڕاو تیۆرییانە، تێگەیشتنێکی ڕاست نابێت، تەنها بەزانینی ئەو کەش و هەوا هزری و سیاسییەی کە باوبووە لەناوکۆمەلگەکەی لەپێش و لەماوەی دەرکەوتنیان.

ناکرێ ئەوبیروڕاو تیۆرییە نوێیانە راڤەکردنیان بۆ بکرێت بە دوور لەپاشینەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکانیان و ئەو بەرژەوەندییانەی دەیان نوێنێ بەشێوەیەکی هۆشیاری بێت یان نا هۆشیاری.

دیارە هزری ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کاریگەری تائێستاش بەسەر هەموو کۆمەلگاکان هەیە، ئەو دیاردەیەی کەلە

---

[1] مجلة قضايا عربية – العدد (٢) السنة ٦ حزيران ١٩٧٩: د. سامي مصطفى ص٢٤١

سەرەتای سەدەی هەژدەوە بەتەوژم و کاریگەری سەری هەڵداوە، زیاتر لەگەڵ بەرپا بوونی شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ز و بیروراو تیۆرییەکانی بیرمەندانی ئەو سەردەمە.

بۆ نموونە ئەگەر تەماشای نەخشەی جوگرافی جیهان بکەین، دەبینین کە لەساڵی ١٩٤٥، لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تەنها (٥٠) دەوڵەتی سەربەخۆ بەشداریان تیادا کردووە، بەڵام ئەو ژمارەیە بەرەو زۆربوون دەچێ و ئێستاش زیاتر (١٩٠) دەوڵەت ئەندامن لەو ڕێکخراوە کە ئەگەر هەمووشی نەبێ، زۆربەی زۆری ئەو دەوڵەتانە لەسەر بنەمای ناسیۆنالستی دامەزراون و ژمارەیەکی گەورەی تر لە نەتەوەکان لە خەباتدان بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتیان.

ئەم بابەتەی لەبەر دەستدایە دەربارەی ناسیۆنالیزم، لەسێ بەش پێکدێت: بەشی یەکەم : بریتیە لەباسێکی گشتی دەربارەی چەمك و پێناسەی ناسیۆنالیزم و پەیوەندی نێوان زاراوەکانی نەتەوایەتی و نەتەوەو ئەتنیك و پێکهاتنی دەوڵەت. هەروەها هۆکارەکانی و کورتەباسێکی سەرهەڵدانی لەماوەی مێژوودا.

لەبەشی دووەمی هەوڵمداوە پەیوەندییەکانی نێوان هزری ناسیۆنالیزمی لەگەڵ هزرو رێبازە سیاسیەکانی وەك دیموکراسی، لیبرالی، مارکسی، فاشی، بخەمەڕوو.

لەبەشی سێیەمدا، ئەزموونی دێرینی چەند وڵاتێکی وەك: ئەلمانیا، ئیتالیا، چین، خراوەتەڕوو.

دیارە دەربارەی بابەتی ناسیۆلیزم، نووسینێکی زۆر هەیە، بەڵام ئەوەی من هەوڵمداوەو جەختم لەسەری کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی، زیاتر بریتیە لەدوو خاڵ:

١- پەیوەندی دیاردەی ناسیۆنالیزم، بەهزرو ڕێبازە سیاسییەکان وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئەو ڕێبازو هزرە سیاسیانە، هەڵسەنگاندنیان بۆ بیرۆکەی ناسیۆنالیزم چۆنە، بواری پەیوەندییەکانی نێوانیان.

٢- کاری سیاسەتی نێو دەوڵەتی و پەیوەندییە هەرێمایەتیەکان و کاریگەری لەسەر مافی نەتەوەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی. کەلەمیانەی ئەزموونی ئەو چەند وڵاتەی باسکراون. باشتر ڕوون و ئاشکرایە.

**لەگەڵ ڕێزم**

نووسەر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

# ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی

هەواڵنامەی کتێب

## ١- دەروازەیەك بۆ بابەتەكە:

لەئاكامی ئەو گۆڕان و پەرەپێدانەی بەسەر مێژوودا هاتووە، مرۆڤایەتی بەچەندین سەردەم و قۆناغی جیاوازدا تێپەر بووە، كە هەر سەر دەمێك لەو سەردەمانە بەخسلەت و تایبەتمەندی خۆی ناسراوە لەهەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەلایەتی و ئابووریدا.

ئەو بارو دۆخە كارتێكردنی بەسەر كەلتوری مرۆڤدا هەبووەو بۆتە هۆی ئەوەی كە مۆركی ئەو سەردەمە هەلگرێت، لەنەقلیەت و لە بیركردنەوەدا، هەروەها لەهەمان كاتدا ئەو كاریگەرییە هاندەریش بووە بۆ بیركردنەوەو داهێنان، لەبەهاو هزرو پەیوەندییەكۆمەلایەتیەكان و شێوازو جۆرەكانی ژیان.

بابەتی ناسیۆنالیزم لەجیهاندا، وەك كێشەیەكی زۆر گرینگ لەبەشێكی ولاتانی جیهاندا، تائێستا چارە

سەری تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەم کێشەیە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە (١٩١٤ – ١٩١٨) بەگەرمی وروژێنراوەو لەوتاری سیاسی سەدەی بیستەمدا باو بووە.

• بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی گەلان بەراگەیاندنەکەی سەرۆکی ئەمریکا (ودرۆولسن) بەستراوەتەوە، ئەو ڕاگەیاندنەی کەبریتی بووە لە (١٤) بەند. هەروەها چەندین وتارو لێدوانی سیاسی گرینگی دیکەی ئەوسەردەمەو سەرەڕای نووسینەکانی (ستالین) دەربارەی پرسی نەتەوایەتی لەگەڵ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بۆیە کاتێ باس لەبابەتێکی گرینگی بەم جۆرە دەکرێ واپێویست دەکات لەچوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا لێکۆڵینەوەی لەسەردا بکرێت و بەپێی هەڵ و مەرجی بابەتی و تایبەتمەندییەکانی خۆی

(لەهەرناوچەیەك و لە هەرکۆمەڵگەیەك) دیاردەکانی بخرێنە ڕوو.

ئەو هەوڵ و چارەسەریانەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروان، لەڕاستیدا هەموویان جەخت لەسەرمافی چارەی خۆنووسین و دژایەتی ئیستعمار دەکەن، هەروەها ئەو بارو دۆخانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم هاتوونەتە ناراوە، کاریگەری خۆیان هەبووە لەووروژاندنی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان، بەتایبەتی لەناوچەکانی وەك ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و کێشوەری ئەفریقیا.

زۆر لەزانایانی سیاسەت وکۆمەڵناسی لەماوەی نووسینەکانیان باس لەدیاردەی ناسیۆنالیزم دەکەن، سەرەڕای نووسەران لەبواری مێژوو فەلسەفە، هەریەکە بەپێی بابەتەکەی و بیروبۆچوونی خۆی.

## ٢- چەمك و پێناسەی زاراوەی ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی وسیاسی، شارەزایان و نووسەران، بیروڕای جیاوازیان هەبووە بۆ پێناسەكردنی و باسكردنی پێكهێنەرەكانی.

زۆر جۆرە پێناسەو ڕاڤەكردنی بۆ كراوە، هەریەكە بەپێی بیروباوەڕی نووسەرەكەی و ئەو هەل و مەرجە مێژووییەی سەردەمەكە، ڕەنگە تارادەیەكی گەورە جیاوازی لەنێوانیاندا هەبێ.

چەمكی ناسیۆنالیزم بۆ یەكەم جار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانیا (یۆهان گۆڵفراید هێردەر) لەگەڵ بیرمەندی فەرەنسی (ئۆكستین دی بادیل) لەكۆتاییەكەی سەدەی هەژدە بەكارهێنراوە (١) .

لێرەدا چەند پێناسەیەكی جۆراو جۆراو لەچەند سەرچاوەیەكی جیاوازەوە دەخەینەڕوو.

أ) كۆمەڵە خەڵكێكی خەملیو لەنەتەوەیەكدا بەهۆی پرۆسەیەكی مێژوویی، تیادا: زمان و مێژوو كەلتورو دەروون و خاكێكی هاوبەشیان بۆ دروست بووە(٢).

ب) كۆمەڵە خەڵكێكن چەند خەسلەتێكی هاوبەشیان هەیە، یان كۆمەڵە تاكێكن لەسەر پارچە زەوییەكی سنووردار دەژین، چەند پەیوەندییەكی كیانی بەیەكیان دەبەستێتەوە.(٣)

ج) نەتەوایەتی كۆمەڵە خەڵكێكن لەهەرێمێك دەژین، ڕەگەزەكانی زمان و مێژوو داب و نەریت و كولتوری هاوبەش بەیەكیان دەبەستێتەوە. ئەو ڕەگەزانە پێویستن بۆ بیرۆكەی بونیادنانی نەتەوە.(٤)

د) دەربارەی زاراوەی ناسیۆنالیزم، ئەتوانین بڵێین، بەشێوەیەكی گشتی بەمەبەستی دەربڕینی دووچەمكی جیاواز بەكار دەهێنرێت.(٥)

١. وەك بیروباوەڕێكی سیاسی یان وەك ئایدۆلۆژیایەك، بەمانای كۆمەڵێك بنەمای سیاسی كە كەسێك یان گروپێك یاخود بزاڤێك باوەڕی پێدێنن و پشتیوانی لێدەكەن.

٢. وەك بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی سیاسی، بەمانای ئاراستەیەك لەكۆمەڵگا جیاوازەكاندا، كەلەناستی جیهانداو لەدوو سەدەی رابردوو كاریگەری خۆی هەبووەو بەشێك لەچەمكە سیاسیە باوەكانیشی گۆڕیوە.

ناسیونالیزم هەستێكە مرۆڤ بەنەتەوەكەی دەبەستێتەوە هانی دەدا كە بیر هەر لە ئاشنایەتی نێوانیان بكاتەوەو چیبكرێ لەو بوارەدا .

لەساڵی (١٨٨٢) ئێرنست رێنان، مێژووناسی فەرەنسا لەزانكۆی (سۆربۆن) لەسیمینارێكدا بەناونیشانی(٦) (نەتەوە چیە) ووتی: نەتەوە ڕۆحە. پرەنسیپێكی

رۆحی و مەعنەوییە، ئەم پرەنسیپە مەعنەوییە دەرئەنجامی دووشتی سەرەکین، یەکەمیان: سامانی یادەوەرییە، دووەمیان: رەزامەندییەکانی ئێستایە.

ه) پێناسەی ئیرنست گیلنەر :

ناسیۆنالیزم بەپلەی یەکەم پرەنسیپێکی سیاسییەو باوەڕی بەجۆن یەکبوونی مانای سیاسی نەتەوەیی هەیە.

لەمیانەی راڤەکردنی زاراوەی ناسیۆنالیزم، کۆمەڵە واژەیەکی لە یەك نزیك و تێکەڵاو لەبۆ چوون و مانا هەن، لەڕووی چەمکەوە تەماوین و ئاسان نیە لێك جودا کردنەوەیان.

هەردوو زاراوەی نەتەوایەتی (Nationalism) نەتەوە (Nation) جیاوازی هەیە لەنێوانیان، نەتەوە ئینمایەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام نەتەوایەتی، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە(٨).

هەولێرنامەی کتێب

جیاوازی لە نێوان نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری ، هەردوکیان جۆرێك لەهەست و سۆزن ، هەروەها شێوەیەك لە ملکەچیە بۆ میلەتەکەیان ، بەڵام خودی نیشتان پەروەری ملکەچیە بۆنیشتمان (خاك و دەوڵەتە) (٩) جێگای ئامازە پێکردنە کەچەمکی نەتەوایەتی مانای چەمکی کەسایەتی نەتەوایەتی نابەخشی ، هەروەها چەمکی کە سایەتی نەتەوایەتی بەمانای چەمکی کەسایەتی نایێت .

هەر بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم چەمکە چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو:

١. کەسایەتی نەتەوایەتی بایەخ بەلێکۆڵینەوە لەخەسلەتە جیاکارو بەردەوامەکان دەدات. بۆ گەلی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی دیاریکراو.

٢. کەسایەتی نەتەوایەتی چەمکێکە بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردنی خەسلەتە دەروونی و

کۆمەڵایـەتی وشارسـتانیەکان، کەبەجێگیرییـەکی ڕێـژەیی دەناسرێ، دەگـرێ لەمیانەیـدا جیـاوازی لەنێوان گەلان، هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە بکرێ.

ورد بوونەوە لـەو دوو پێناسـەیە دەمانگەیەنێتـە دوو دەرئەنجام:

أ) ڕێککەوتنی تەواو لەنێوان زانایـان نیـە، دەربـارەی چەمکی کەسایەتی نەتەوایەتی.

ب) خودی چەمکی کەسایەتی نەتەوایەتی چـەمکێکی روون و ئاشکرانیە.

چـەمکی سـایەتی وەك زۆبـەی چـەمکە مرۆیـەکان چـەندین مانـای هەیـە و چـەند شـێوەکی هەیـە . چـەمکی کەسـایەتی رەنگـە بـەمانی کۆمەڵـە رەفتارێـك(رۆڵ) بێـت ، بـە هۆکارەکـانی پێگەیانـدنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵدا. (١٠)

جیاوازی لە نێوان چەمکی کەسایەتی نەتەوایەتی لەگەڵ چەمکی کەسایەتی، ئەودیە کە چەمکی دووەم تایبەتە بەئەندامانی کۆمەڵگە (هەموو ئەندامان تەنها منداڵ نەبێ)، بەڵام چەمکی کەسایەتی نەتەوایەتی بایەخ بەکۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگاکان دەدات، نەك ئەندامانیان.

زۆر جار، زاراوەی نەتەوە لەگەڵ زاراوەی وڵات یان دەوڵەت تێکەڵاو دەکرێت.

**بەکورتی:**

ناسیونالیزم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. بۆیە وەك هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە بیروڕای جیاواز دروست دەبێ لەناستیان. کە هەر یەکەیان گوزارشت لەئەزموون و بەسەرهات و بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ڕێبازە ئایدۆلۆژیەکان دەکات. بەپێی جیاوازی لەبیروڕای شارەزایانی ئەو بوارە.



هەواڵنامەی کتێب

پوختــەی پێناســەو بـیروڕای پەیوەنــدار بەنەتــەوەو نەتەوایـەتی دەتوانێـت لـە دوو قوتابخانــەی ئـەڵمانی و فەرەنسیدا ببینینەوە.

قوتابخانەی ئەڵمانی بەگشتی: زمان، خـاك، رۆشـنبیری، مێژووی هاوبەش بـەگرینگترین فاکتـەرەکانی نەتـەوە دەزانێت.

قوتابخانــەی فەرەنســی: هەســتی بەســتراوەیی تــاك بەکۆمەڵگاکـــەی و هۆشــیاری و بەهاوپەیوەنـــدی چــارەنووس بەکۆڵەگـەی پێکهێنــانی نەتــەوەدەزانێ بــەڵام لــەجیهانی ســێیەم، تێهەڵکێشـێك لــەم دوو ئاراستەیە لە ئارادایە، چونکە تاکەکانی زیاتر هەستی پەیوەست بوونیان بەکۆمەڵگە پیشان دەدەن بـەهۆی فاکتــەرەکانی پێکهێنــانی نەتــەوە کـە بوونەتــە هـۆی شێوازی یەکگرتن.

## ٣- نەتەوە – ئەتنیك

هەر لەمیانەی ئەم باسەدا وابەپێویست دەزانرێ، ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندەییەی کە لەنێوان ئەتنیك و نەتەوە هەیە بکەین، وەك دوو چەمكی باو لەتوێژینەوەكان دەربارەی ناسیۆنالیزم.

هەر دوو چەمكەكە لەو باسانەن ئاڵۆزی و مشتومرێكی زۆریان لەسەردو هزرڤانانی بواری زانستە كۆمەڵایەتیەكان بەردەوام رووبەڕووی دەبنەوە.

ئەتنیك (ردگەز) بەمانای كۆمەڵە خەڵكێكن لەمێژوودا كەلەسەر خاكێكی دیاریكراودا جێگیر بوون و (١١) چەندین خەسڵەتی تایبەتی هاوبەشیان هەیە. وەك زمان، فەرهەنگ، رەوشی سایكۆلۆژی، ئابوری هاوبەش لەم بارەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو لەلایەن بیرمەندان

وشــارەزایانی ئــەم بــوارە. ئەگــەر وردبینــەوە لــەو پێناســانە جیــاوازی ئاشــکرایان تیــادا بــەدی دەکــرێ، لێرەدا دوو پێناسە دەربارەی زاراوەکە دەخەینە ڕوو[1]:

١. کۆمەڵە خەڵکێکن، تاکەکانی بەشدارن لەخوو نەریت و زمان و ئایین هەر خەسڵەتێکی جیاکاری دیکە، وەك: ڕەچەڵەك و روخسارە جەستەییەکان.

بەڵام لە هەمان کۆمەڵگەو دەوڵەتدا دەژین، لەگەڵ کۆمەڵێك یان چەند کۆمەڵێکی دیکەی جیاواز لەو خەسڵەتانە.

٢. گروپە ئەتنیهکان بریتین لە (کۆمەڵە خەڵکێکی جێگیر، لەماوەی مێژوودا پێکهاتوون و لەسەر پارچە زەوییەك نیشتەجێن، هەڵگری چەند

---

[1] اثر التعددية الاثنية على الوحدة الوطنية في العراق- د. كوردستانى سالم مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية – سليمانية/٢٠٠٨ صحـ١٩



هەواڵنامەی کتێب

خەسـلەتێکی هاوبەشـن، وەك زمـان، کـەلتور، پێکهاتنی دەروونی و هۆشیاری.

بـەمانای دەرککـردن بەیـەکگرتوویی و جیاوازیـان لەهەموو پێکهاتە مرۆڤایەتیە لەیەك چووەکان.

ئـەتنیك لەوشـەی لاتینـی (Ethnos) وەرگـیراوە. بەزمانی یۆنانی کۆن بەو خێڵە کۆچەریانە دەگوترا کە هێشتا لەشار نیشتەجێ نەبووبوونە . بـەڵام ئـەم وشەیە لە چەمکە نوێیەکەیدا کە لـە نیـوەی دووەمی سەدەی بیستەم - سـەری هەڵداوە بووەتـە سـیمبولێك لـە چـەمکی نەتـەوە گـەرایی. بـەو واتایـەی کـە لەراسـتیدا دەوڵەتـە نەتەوەییـە نوێیـەکان شـتێك نـین جگە لە جۆرە (ئەتنیك)ێکی بە سیاسی بوو. نووسـەر (محمودمـەلا عـزەت) لـە وتـارێکی لـە ژێـر ناونیشـانی (کـوردو ناسـیۆنالیزمی نـوێ و دەوڵـەت ) نـوو سیویەتی: (١٢)

هەر لەمانا کۆن و سەرەتاکەیەوە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە خێزانەوە گەشەی کردوە و پەرەی سەندوە، کە ئەوەش دیاردەی هاوخوێنی هێناوەتە ئاراوە، ئیتر ئەم دیاردەیە لە خێزانەوە بۆ بنە ماڵە، بۆ تیرەو بۆ هۆز درێژەی هەبووە ،

ئەمە بۆ خۆی بنەمایەکی یەکگرتوویی کۆمەڵە خەڵکێکی لێوەی دروست بووە ، لە مەشەوە بە تایبەتی دوای نیشتەجێبوون و دەستکردنە کوشتوکاڵ و ئینجا دیاردەی پاوانکردنی ناوچەی لەوەرو کشتوکاڵ و هاتنە کایەی گەڵێ هۆی زیاتر بەیەکەوە بەستنی کۆمەڵگاکانە .... تیرەو هۆزو قەوم و گەل و نەتەوە، دوا بەدوای یەك ، یان لەناو یەکدا ، پێکهاتوون و گەشەیان کردووە . نەتەوە لەوشەی لاتینی (nation) وەرگیراوە ،کە،بە،واتای لەدایك بوون یان باپیری هاوبەش(١٣) دێت . خاوەن



هەولێرنامەی کتێب

بەهایەكی مێژویی و نەریتێكی هزریە كە هۆكارە پێكهێنەرەكانی بۆ شۆرشی فەرەنسا لە (١٧٨٩)ز دەگەرێتەوە .

كەواتە نەتەوە لەماوەی رێرەوی مێژووەوە دروست دەبێت ، رەگی داكوتاوە لەناو زمان و كە لەپوری كولتوری گشتی،كە رەنگە بۆ ماوەیەكی درێژ هەوڵی بە دەستهێنانی دەوڵەتی دابێت، یاخود داوای سەربەخۆیی نەتەوەی كرد بێت. (١٤) بەپێی ئەم بۆچوونە بۆ درووست بوونی نەتەوەیەك ،دەبێ توانای دامەزراندنی دەوڵەتی هەبێ، بەلام رەنگە نەتەوە وەك گروپێكی مێژوویی و خاوەن پێكهاتەی فەرهەنگی تایبەت، بەبێ بوونی دەوڵەتیش بێت .

(ئەنتۆنی دی سیمث) مامۆستای بەش سۆسیۆلۆژی لەزانكۆی (لندن) (١٥) لەسالی (١٩٧٠) وە توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەكات.



هەولێرنامەی کتێب

بۆ چوون و تێڕوانینی جیاوازو تایبەتی هەیە، لەبارەی مەسەلەی پێناسەو سەرچاوەو دروستبوونی نەتەوە.

ئەو پێی وایە نەتەوە دیاردەیەکی مۆدێرن نیە، بەڵکو زۆر کۆنە.

لەکتێبەکەی بەناوی ( the ethnic origin of nations) دەڵێ نەتەوە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووی گروپە ئەتنییەکانی بەر لە مۆدێرنێتەیە کەکۆمەڵگەیەك پێك دێنێت.

نەتەوە لای (سمیث) ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە ناوێکی دیاریکراویان هەیە، هەروەها وڵات و ئەفسانەی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، خاك و کولتووری گشتی هاوبەش و یەك ئابوریان هەیە.

ناوبراو دانەری تیۆری هێما گەری – نەژادییە. دەربارەی سەرهەڵدانی هزری ناسیۆنالستی(١٦).

## ٤- نەتەوە – دەوڵەت :

ناسیۆنالستەکان بیرو بۆ چوونیان وایە کە (نەتەوە – دەوڵەت) بەرزترین شێوەی ڕێکخستنی سیاسییە.

ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی ئەو گوتەیەیە کە دەڵێت، نەتەوە تاکە (یەکەی) ڕەوای حوکمی سیاسییە، لەوەتەی ساڵی (١٧٨٩) بەدواوە جیهان لەسەر بنچینەی بنەما داڕێژراوەتەوە.

بۆ نموونە لە (١٨١٠)ز. تەنها (١٥) دەوڵەت بوونیان هەبووە وەك دەوڵەت لەکۆی (١٥٩) دەوڵەت کەتاساڵی (١٩٨٩ دانیان پیانراوە.

هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەرەورووی داگیرکاری بوونەتەوە لەلایەن یەکێك لەزلهێزەکان، لەپێش ساڵی (١٩١٠)تەنها سێ دەوڵەت لەکۆی (٦٥) دەوڵەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا هەبوون.(١٧)

ئـەو گۆرانكاريانـەی كـە روويانـدا بـەهۆی داواكردنـی سـەربەخۆيی نەتەوەييـەوە بـووە، واتـە ئـارەزووی هەبوونی نەتەوە –دەوڵەت، گرينگی نەتەوە- دەوڵـەت لەوەدايـە كەلايـەنی يـەكگرتنی سياسـی و كولتـوری لەخۆدەگرێت، كـاتێ گروپێـك خـەڵك كەهاوبەشـن لـە ناسنامەيەكی كولتوری مافی خۆحوكمكردن بەدەست دێـنن، ئـەوا لەوكاتـەدا كۆمەڵگـەو هـاوڵاتيبوون پێـك دەگـەن، هـەر لەبـەر ئـەوە ئـەو دياردەيـە بـەكارێكی سروشتی و سەربەخۆيی تێدەگەن.

نووسەر (ئەكرەمی ميهرداد) لەكتێبەكەی –ناسيۆناليزم- ئامـاژە بـۆ سـێ قۆنـاغ دەكـات دەربـارەی گەشـە كردنـی ئەتنيك، قۆناغەكانيش بريتين لە: (١٨)

ا ) **قۆناغی یەکەم:** سەردەمی خێل.

لەخەسلەتەکانی ئەم قۆناغە، پەیوەندی خوێن و خزمایەتی، نەبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، پەیدابوونی زمانی هاوبەش – فەرهەنگی هاوبەش.

ب ) **قۆناغی دووەم:** قۆناغی میللەت

پەیدابوونی میللەت لەئەنجامی یەکگرتنی چەند خێلێك، وەکو بەر ئەنجامی یەکێتی و بەرژەوەندی هاوبەش، یان لەترسی دوژمنی هاوبەش.

لەم سەردەمە جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دەردەکەوێ. ئیمپراتۆرەکان دروست دەبن بەهۆی دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی بەهێز.

## ج- قۆناغی سێیەم: سەردەمی نەتەوە:

لەئەنجامی گەشەکردن و بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکان و سەرهەلدانی چینی بورژوازی و پەیدابوونی سەرمایەداریدا، ئەم دیاردانە هاوکاتە لەگەل قۆناغی پێکهاتنی نەتەوەدا.

ئەم چینە (بورژوازییەت) لەگەل بەهێزبوونی، پێویستی بەدەسەلات و دەولەت دەبێ، رازی نابێ بەدەسەلاتی دەرەبەگایەتی و ئایینی، رووی خۆی لەخەلك کرد بۆ دروستکردنی دەسەلاتێکی بەهێزتر لە دەسەلاتی پێشوو.

پرۆسەی پەرینەوەی ئینتمای مرۆڤ لەخێلەوە بەرەو نەتەوە، وەرچەرخانێکی سادە نەبووە، کۆمەلێك گۆرانکاری ریشەیی لەسەرخانی و ژێرخانی کۆمەلیش لەگەل خۆی راپێچ کردووە. بەکورتی: (١٩)

أ) لەڕووی سیاسییەوە:

لەسیستمی ئیمپراتۆرییەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، لەپادشاییەوە بۆ کۆماری، لەسیستمی ثیوکراسیەوە بۆ سیستمی دیموکراسی.

ب) لەڕووی ئابوورییەوە:

لەژیانی کشتوکاڵیەوە بەرەو پیشەسازی لەژیانی گوندەوە بۆ ژیانی شار. (مەبەست ئەوە نییە کە واز لەژیانی پێشووتر هاتبی بەیەکجاری)

ج) لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە

لەناسنامەی خێلەکیەوە بەرەو نەتەوە.

لەدەرەبەگایەتیەوە بەرەو بۆرژوازییەت.

د) لەڕووی بەهاو فیکرەوە:

لەبەرژەوەندی گشتیەوە بەرەو بەرژەوەندی تایبەت.

لەسیاسەتی ئایدیالیزمیەوە بەرەو میکیاڤیلی،

لەئایینی کلاسیکیەوە بەرەو عەلمانیەت.

**بەکورتی:** دەکرێ بووترێ کە دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی، لەدیدی ناسیۆنالستەکانەوە، بەرجەستەکردنێکە بۆ ئیرادەی (هاوڵاتیان)، بۆیە واپێویست دەکات کە ئەو دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندییەکی گشتی بێت، کەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموو گروپە ئەتنیە جیاوازەکانە بەیەکەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٥- چەند تیۆرییەکی پەیوەندار بەدیاردەی ناسیۆنالیزم:

بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی ناسیۆنالیزم، چەندین بیروراو تێوری جیاواز خراونەتەڕوو، لێرەدا چەند تێورییەکی سەرەکی لەوانی نووسەران زیاتر باسی دەکەن، دەخەینە ڕوو: (٢٠)

### ١) تیۆری ئەڵمانی:

ئەم تیۆرییە پشت بەڕەگەزو زمان دەبەستێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دوو بنچینەن لەپێکهێنانی نەتەوەکان (تیۆری فیختە).

### ٢) تیۆری فەرەنسی:

ناوی تیوری (ئیرادە)ی لێنراوە.پشت بەویست و ئیرادە دەبەستێ لەژیانی هاوبەشدا، (تیۆری رینان).

٣) تیۆری سوسیالستی:

ئەم تیۆرییە، پشت بەبەرژەوەندییە ئابووری و چینایەتیەکانی دەبەستێ، وەك بنچینەیەك بۆ پێکهێنانی نەتەوە، بەپێی دیدی ئەم تیۆرییە، ناسیۆنالیزم قۆناغێکە کۆتایی دێت بەنەمانی جیاوازییەکی نێوانی گەلان.

٤) تیۆری ئایینی:

لێرەدا ئایین بەهۆکارێك دادەنرێت بۆ یەکگرتنی هزرو رۆشنبیری، هەر لەبەر ئەوە بانگەشەی زۆر هەیە بۆ پێکهێنانی نەتەوەکان لەسەر بنجینەیەکی ئایینی. (وەك کۆمکاری ئیسلامی).



عەوالنامەی کتێب

### ٥) تیۆری ئیرنست گلنەر: (٢١)

بەبیروڕای ئەم زانایە، ناسیۆنالیزم پەیوەندی بە (Modernity) هەیە، مۆدێرنێتش دەرئەنجامی پیشەسازییەو پیشەسازیش پێویستی بەسیستمی خوێندنی گشتی هەبووە، سیستمی خوێندنی گشتیش کولتورێکی دروستکردوە، ئەم کولتورەش خۆی لەخۆیدا کولتوری ناسیۆنالیزمەو کولتوری نەتەوەیە. هەروەها (گلنەر) پێی وایە ناسیۆنالیزم بریتیە لەتیۆری شەرعیەتی سیاسی کە سنوری دەوڵەت و ئەثنیك پێکەوە دەبەستێتەوە.

### ٦- سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی:

**یەکەم//** سەرەتاکانی هزری نەتەوایەتی .

لەمیانەی ئەو بیرو بۆ چوونانانەی پێشتر باس کراون، تێڕوانینی جیاواز تەنها دەربارەی پێناسەو

ڕەگەزو هۆکارەکانی نەتەوایەتی نەهاتۆتەدی، بەڵکو ئەو جیاوازیانە مێژووی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتیشی گرتۆتەوە، لە مبارەوە دوو بیروڕای جیاوازی سەرەکی هەن: (٢٢)

ا) یەکەم:

هەستی نەتەوایەتی بەدیاردەیەکی سروشتی پەیوەست بەمرۆڤەوە دادەنرێ، هەر لەو سەردەمانەی کەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست بووە، هەندێ لەخەسلەتەکانی کۆنن لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتیدا.

ب) دووەم:

دیاردەی نەتەوایەتی بەدیاردەیەکی تازە (مۆدێرن) دادەنرێ تارادەیەك، کۆمەڵگە مرۆڤایەتیە کۆنەکان نەیان زانیوە، ڕەنگە لەگەڵ (جەنگی سەد ساڵەی

نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا) سەری هەڵدابێ، یان لەسەردەمی شۆرشی فەرەنساوە بێت.
ئەگەر تەماشای رووداوەکانی مێژوو بکەین دەبینین کە هەستی پەیوەندی کردنی نێوان کۆمەڵە مرۆییەکان و پەیوەست بوونیان بەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا لەسەردەمی یۆنانیە کۆنەکانەوە دەستی پێکردوە، بەلکو زۆر لەوە پێشتریش هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتیەوە، ویست و ئارەزووەکانی خۆشەویستی نیشتمان کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە، پەیدابووە، لەنێوانیشیاندا زمان و داب و نەریتی باو دروست بووە.
گروپە جیاجیاکانی مرۆڤ پاش برینی پرۆسەیەکی دوورودرێژ بوونەتە خاوەن ژمارەیەك خەسلەتی نەوتۆ کە دەدرێنە پاڵ نەتەوە، وەك (هۆشیاری - کەلتوری هاوبەش، پەیوەندی بەخاك، مێژووی

هاوبەش)، لەڕاستیدا ئەوانی نەتەوایەتی بەشارستانیەتی ئەوروپا دەبەستنەوە وادەر دەکەوێت کەتوێژینەوە کانیان تەنها پشتی بە شارستانیەتی ئەوورپاو کولتورەکەی بەستووە.

ئەو هەست و سۆزدارییەی کەباس دەکرێت و گوزارشت لەهەندێ لەو رەگەزانە دەکات، کە نەتەوایەتی پێکدێنێت، دەکرێ بەروونی لەو شارستانیەتانە بەرچاو بکەون کە زۆر لەشارستانیەتە ئەو روپیەکان لەپێشترن.

رەنگە ئەوەی لەڕاستیدا نزیکتربێت ئەوەیە، کە دەرکەوتنی نەتەوایەتی بەو جۆرەی دەیزانین لەگەڵ(٢٢) گەشەکردنی توێژی خوێندەوار (نەك پیاوانی ئایینی) هاتۆتەدی.

ئەو توێژە خوێندەوارە بەهۆی هۆشیارییەوەو پەیوەست بوونی بە زمانێکی دیاریکراوی کۆمەڵ،

توانیویەتی بەرۆڵی مێژوویی خۆی هەستێت. هەر لەرێگای ئەو توێژە خوێندەوارە هۆشیارەوە، بنەما سەرەتاییەکانی نەتەوایەتی گواستراوەتەوە بۆ گەلان، ئەو نەتەوایەتیەی پەیوەستە بەبانگەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی، خاوەنی سەروەریەو تایبەتمەندە بەنەتەوەیەکی دیاریکراو، هەر لەگەڵ دابەشکردنی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بۆ چەند رەگەزێکی جیاواز. ئەوا توانای گەشە کردنی نەدەبوو. ئەگەر چەند گروپێکی گەورەی خەڵك بایەخیان بەنیشتمان و کۆمەڵگە نەدایە.

کاتێ وڵاتانی وەك: فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئیسپانیا، پورتوگال، لەئەوروپای رۆژئاوا، رازی نەبوون بەدەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی تازەو و بگرەبەدەسەڵاتی کلێسای کۆنیش. گیانی سەربەخۆیی تیایاندا گەشەی کرد. هەر لەچوار چێوەی ئەو گۆڕان

و گەشەکردنەدا (دەوڵەتی ناسیۆنالیزم)یش پەرەی سەند.

لەچاخەکانی ناوەڕاست لەئەوروپا بنەمای دیکەش گەشەی کرد کە کاریگەری بەسەر دروست بوونی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی و گیانی ناسیۆنالستی هەبووە، ئەویش بریتی بوو لەدەسەڵات بەسەر هەرێمێکدا لەلایەن کەسێکەوە یان بنەماڵەیەك، بارودۆخ لەئەوروپا بەو ئاراستەیە بەرەو گەشە کردن دەڕۆیشت لەهەموو ناوچەکان، بەهاوکاری چینی بازرگانەوە.

کەواتە نەتەوەی نوێ (مۆدێرن) ئەنجامێکی مێژووییە بەهۆی زنجیرەیەك کردار دروست دەبێ. کە هەمووی بەیەك ئاراستە دەڕۆن، هەندێ جار یەکگرتنە بەهۆی بنەماڵەیەك، وەك لەنموونەی فەرەنسا دەردەکەوێت، یان بەهۆی ئیرادەی

راستەوخۆی هەرێمەکانی دەسەڵاتدار (نموونەی هوڵەنداو سویسرا)، هەندێ جار بەهۆی گیانێکی (ئەقل – رۆح)ی گشتیەوە، وەك لەرێگای لەناوبردنی دەسەڵات و پێگەی فیودالی لەئیتالیا و ئەلمانیا.

بۆیە هەردەم هۆکارێکی قول سەرۆکایەتی یان سەرپەرشتی دروست بوونی نەتەوەی کردووە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوە جۆراو جۆرەکانی شارەزایان ئاماژە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەکەن دەربارەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیاردەی نەتەوایەتی، دەکرێ بەکورتی ناویان بنێین. وەك: گۆڕان لەباری ئابوری و کۆمەڵایەتی. گەشەکردنی خوێندەواری و زانست و پیشەسازی و سەرمایەداری، یەکخستنەوەی هەرێمەکان و ناوچە دەرەبەگایەتیە دابراوەکان لەژێر چاودێری دەسەڵاتێکی سیاسی ناوەندی.

گەشەکردنی هەست و هۆشیاری نیشتمان پەروەری و چەمکەکانی مافی مرۆڤ.

**دووەم// دەرکەوتنی بیرو باوەڕە نوێیەکانی ناسیۆنالیزم:**

زۆر لەشارەزایانی ئەم بوارە لەئاکامی لێکۆلینەوەکانیان، بیروباوەڕەکانی (جان جاك رۆسۆ) یان بەسەرەتای راستەقینەی هزری ناسیۆنالیزم داناوە، ئەوەش بەهۆی لیکۆلینەوە لەتیۆرییەکەی رۆسۆ (پەیمانی کۆمەلایەتی) و بیرۆکەی ئیرادەی گشتیەوە هاتۆتەدی.

بۆ چوون و رامانەکانی رۆسۆ دەربارەی قەوارەی سیاسی، کەلەسەر بنەمای ئازادی هاولاتی دروست دەبن، هەروەها بیرۆکەکەی دەربارەی پێویست بوونی یەکسانی لەنێوان ئەندامانی یەك کۆمەلگە، کارتێکردنی گەورەی هەبووە بەسەر ئەو بیرو باوەڕ

سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی هاوشان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەشەی کردووەو بەرەو پێش هەنگاوی ناوە.

نووسینەکانی رۆسۆ رۆڵی گەورەیان هەبووە لەدیاریکردنی گرینگی هەستە نیشتمانیە خۆرسکەکان، لەچەمکی ناسیۆنالیزمی نوێدا، لەگەڵ روونکردنەوەو دیاریکردنی چەمکی هاوڵاتی بوون لەسەر ئەو بنەمایە، رۆسۆ لەکتێبەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگەیەکی نموونەیی وێناکرووە، کە پێکدێت لەسەر بنەمای بەشداریکردنێکی پۆزەتیڤانە لەلایەن هاوڵاتیانی یەکسان لەماف، ئامانجیشیان دڵسۆزییە بۆ ئەو بیرۆکە هاوبەشەکە هەستی نیشتمان پەروەری بەیەکیان دەبەستێتەوە.

ئەو کۆمەڵگایەی رۆسۆئاماژەی بۆ کردووە لەسەر چەند بنچینەیەك دادەمەزرێت:

**یەکەم:** ئازادی هاوڵاتی و یەکسانی لەنێوانیاندا.

**دووەم:** سەروەری نەتەوەو بوونی ئیرادەی گشتیە.

**سێیەم:** هەست و سۆزە نیشتمانیەکانە، یان خۆشەویستی نیشتمان.

بەبێ ئەو مەرجانە رێککەوتن و سازدان لەنێوان ئازادی تاك و سەروەری نەتەوەو دروستکردنی کۆمەلگە بەدی نایێت.

سەرەڕای هەموو ئەو بۆ چوونانەو ئەو لێکدانەوە جیاوازیانەی کە پێشووتر ئاماژەیان بۆ کرا، سەبارەت(٢٦) بەدەرکەوتن و مێژوویەك بۆ سەرهەلدانی (ناسیۆنالیزم) ، ناکرێت ئەو راستیە فەراموش بکرێت، کەبەشی هەرەزۆری بیرمەندو مێژوو نووسانی هاوچەخ، دەرکەوتنی دیاردەی ناسیۆنالیزم لەرووی مێژووییەوە دەگەڕێننەوە بۆ نێوەی دووەمی سەدەی هەژدەی زایینی، بەتایبەتی

هەواڵنامەی کتێب

بـۆ روودانـی شۆڕشـی فەرەنسـا. هـەروەها سـەدەی نۆزدەش بەسەدەی ناسیۆنالیزم ناو دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ سێ قۆناغی سەرەکی و تەواو کەری یەکتر بۆ پەرەسەندنی نەتەوەو بنەمای نەتەوایەتی دیاری بکرێت: (٢٧)

١) قۆناغی یەکەم :

ئەم قۆ ناغە پەیوەستە بەسەردەمی رۆشنگەرییە وە لە ئەورووپا (نێوان سەدەکانی ١٥ ، ١٦ ) زاینی .بە شێوەیەکی تایبەتیش بەندە بە مافی گەلان لە بریاردانی مافی چارەنوس ئەم مافەش ، کاتێک بەدیدێت. کە کۆمەڵێکی مرۆیی خاوەنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەش بن و بواری ئەوەیان بۆ برەخسێ کە بەگونجاوتوین هۆکار ئەو بەرژە وەندیە بەدی بهێنن.

هەواڵنامەی کتێب

٢) قۆناغی دووەم :

ئەم قۆناغە لەگەڵ هەلگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسا(١٧٨٩)ز سەرهەڵدەدات، کاتێك نەیارانی حوکمی پاشایەتی نازناری (نەتەوە)یان بۆ خۆیان هەڵبژارد، کە مەبەستیان کۆی تاکەکانی گەلی فەرەنسا بوو، لەگەڵ جیاوازی لە پیشەو نازناوی پێشوویاندا، هەر بەهۆی بیرۆکەی هاوڵاتیانی هاوبەش و گشتی، یەکسانی بەدی دەهێنرێت، کە ئەوەش بیرۆکەی یەکێتی گەل دەگەیێنێ، دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنساش بریتی بوون لە (ئازادی ، یەکسانی ، برایەتی) کەبە هەلگری ئەم بیرۆکەیە دادەنرێت.

٣) قۆناغی سێیەم:

لای بیرمەندانی ئەلمانیا وەك (فیختە. هێردەر) گەل ناسنامەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەبەهۆیەوە

گـەلان لەیـەکتر جـودا دەکاتـەوە، (فیختـە) درکـی بـەوەکرد کـە پەیوەندییـەکی تونـد هەیـە لـەنێوان ناسیۆنالیزم، و ناوەرۆکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی، چـەمکی گـەل ئامـاژدیـە بـۆ کۆمەڵگەیـەك پشـتی بەفاکتەرەکانی مێژوو کولتورو خوو نەریت بەستبێ. هەر لە ئـەنجامی پێکـەوە گرێـدانی هـەر سێ قۆناغـە کـە ئـەو بنەمایـە هاتۆتـە ئـاراوە کـەپێی دەوترێـت ناسیۆنالیزم، لـە روویـەکی دیکـەوە، هـەر دەربـارەی شێوازو جۆرەکانی ناسیۆنالیزم، بیروڕای جیاواز هەیە لە نێوان شارەزایان، بەپێی ئەو بیروڕایانە:

ناسیۆنالیزم شێوەی جیـاوازی دەبـێ بـەپێی شـوێن و جیاوازییـەکانی کۆمەڵگـە. بـەپێی بـیروڕای ژمارەیـەکی گەورەی بیرمەندان ناسیۆنالیزم دوو جۆری هەیە: (٢٨)

١) ناسیۆنالیزمی مەدەنی (سیاسی). ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە رازین بەو دەستورو یاسایانەی لە وڵاتێکدا باڵادەستن، بێ ئەوەی رەچاوی رەگەزو کو لتورو داب و نەریت و تایبەتمەندییەکانی دیکە بکات.

٢) ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی (کەلتوری). ئەم جۆرەیان جەخت لەسەر کۆمەڵێك رەگەزی جیاواز دەکات، وەك زمان، کەلتور، مێژووی هاوبەش و رەگەزو ئایین، ئەم دوو جۆرە ناسیۆنالیزمەش لە جیاوازی دوو ئەزمون و بیری سیاسی سەریان هەڵداوە، کە زۆرترین کاریگەرییان لە بزووتنەوە ناسیۆنالیزمەکانی جیهان کردوە، ئەو دوو ئەزمونەش بریتین لە:

١) شۆرشی فەرەنسای ساڵی (١٧٨٩) ز .

٢) ناسیۆنالزمی ئەڵمانیا .

## ٧- فاكتەرەكانی ناسیۆنالیزم :

بەشێوەیەكی گشتی فاكتەرە سەرەكیەكانی هزری ناسیۆنالیزمی، دابەش دەبنە سەر دوو بەش، فاكتەرە بابەتیەكان (مادی)، واتا ئەو راستیانەی كە دەسەلمێنرێن لە رێگای چەند هۆكارێكی دوور لەویست و هەستی مرۆڤ .هەروەها فاكتەرە خودیەكانی (مەعنەوی)، كە توانای سەلماندنیان تەنها لەرێگای خوودی مرۆڤەوە دەبێ، ئەو فاكتەرانەش هەموویان لەیەك ئاستی گرینگیدانین بۆ دیاریكردنی ئەو پەیوندنیە نەتەوایەتیە.

هەروەها هیچ نەتەوەیەك نیە هەموو ئەو فاكتەرانە بگرێتە خۆی. بۆیە ئەو تیۆرییانەی پەیوەندییان بەدیاردەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. جیاوازیان لەنێواندا بەدی دەكرێ، بەهۆی جیاوازییان لەو رەگەزانەی كەبایەخ بەباسكردنیان دەدات.

## یەکەم//

### فاکتەرەبابەتیەکان (ماددی): (٢٩)

### ١- زمان

یەك لەو فاکتەرە بابەتیانەی کە زۆر باون لەپێناسە کردنی دیاردەی نەتەوایەتی، فاکتەری زمانە، زۆربەی بیرمەندانی ناسیۆنالیزم زمان بەپێوەری بنچینەیی دادەنێن.

ئەوانە پشت بەو ڕاستیە دەبەستن کەزمان دەبێتە هۆی خولقاندنی لەیەکچوونی بیرکردنەوە لەنێوان خەلکی. لەئاکامدا خولقاندنی هۆشیاری و هەست بەپەیوەندیکرن و یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکان، دیارە زمان ئامرازی پەیوەندیکردن و کارلەیەك کردنیشە.

## ٢- ڕەگەزی هاوبەش:

وادەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوان نەتەوایەتی و یەك بوونی ڕەگەز تارادەیەك چەمکێکی نوێیە، بەڵام لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دەسکراوە بەباسکردنی و تەنها لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بەڕوونی دەرکەوتووە.

لەسەدەی هەژدەشدا هەندێ لەزانایانی وەك (بوفون-دوبزتون) وشەی ڕەگەز(Race) یان بەکارهێناوە بۆ دابەشکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەچەند گروپێکی نەژادی کە بەجیاوازی جەستەیی دەناسران.

ئەم زاراوەیە پەیوەست بووە بەو جیاوازیانەی کە مۆرکێکی ئەقلی و ڕۆحیان هەلگرتووە. سەرەڕای جیاوازییە جەستەییەکان، بۆیە هەر لەوکاتانەوە، دەبینرێت کەهەندێ ناسیۆنالست خوازانی ئەڵمانی وەك (ڤیختە) شانازیان بەوەوە کردووە کە ئەڵمانیا

گەلێکی بەختیار پێکدێنێ، لەبەر ئەوەی گەلێکی ڕەسەنەو هیچ کەسی بیانی تیادانیە.

تیۆری یەکبوونی ڕەگەز لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا جێگای خۆی کردۆتەوە لەنێوان تیۆرییە ناسیۆنالیزمەکان و لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەسەر دەستی (هوستون ستیوارت)، ئەم تیۆرییە گەیشتە لوتکە، هەر وەك لەکتێبی (بنچینەکانی سەدەی نۆزدە)لەساڵی (١٨٩٩) بڵاوکراوەتەوە.

٢- ئایین :

ئایین ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەگەشەکردنی هزری ناسیۆنالستی نوێ لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەئەوروپا، هەر لەسەرەتای سەدەی شازەدەوە بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی، هەست و نەستی

نیشتمان پەروەری و وروژاندووە لەو جەنگانەی کە بەهۆی ئەم بزووتنەوەیە بەرپابوون.

هەروەها لە هەر دووکیشوەری ئاسیاو ئەفریقیا هەمان رۆلی گێڕاوە لە سەدەی نۆزدەو بیستدا.

بەلام سەرەڕای ئەو دیاردانەی ئاماژەیان بۆکرا، وەك دەردەکەوێ ئایین هیچ رۆڵێکی نەبووە لەچەند بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی لەولاتانی چین و هیندو هەندێ بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەکیشوەری ئەفریقیا.

٤- خاك :

یەك لەخەسلەتە بنچینەییەکانی دەولەتە نەتەوایەتیەکان، بوونی پارچە زەوییەکی دیاریکراوە کە بەهۆیەوە ئەو دەولەتە دەسەلاتەکانی بەکار دێنێ و بەبێ بوونی ئەو پارچە زەوییە، چەمکی دەولەت

ناتـــەواو دەبـــێ، بـــوونی ناوچـــەیەکی جـــوگرافی بەرجەســـتە کردنێکـــی مادییـــە بـــۆ داواکارییـــەکانی نەتەوەیـــەك، هـــەروەها لەفاکتـــەرە گرینگـــەکانی بزووتنـــەوەی نەتەوایـــەتی نوییـــە، بگـــرە هەنـــدێ لـــە شـــارەزایان ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوە دەکـــەن کـــە دەرکـــەوتن و گەشەکردنی نەتەوەکان بۆ یەکەم جار بەهۆی بـوونی سنورێکی سروشتیەوە دەبێ.

٥- مێژووی هاوبەش:

نەتـــەوە خـــوازان مێـــژوو بەفاکتـــەرێکی بنچـــینەیی دادەنێن بۆدیاریکردنی ئەو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیانـەی نەتـەوە پێکدێنن، هـەر بـەپێی بـۆ چوونیان هـزری نەتەوایەتی رەگ و ریشەی قوڵی هەیە لـە رابـردوودا. وەك هـــەموو دیـــاردە مێژووییـــەکان، ئـــەم دیاردەیـــە بەرهـــەمی چـــەند هۆکـــارێکی سیاســـی، ئـــابووری،

کۆمەڵایـــەتی، هــزری و ســایکۆلۆژییە، کەلـــەماوەی چــەندین ســەدەدا دەرکــەوتووەو سیماهاوبەشــەکانی بەدەست هێناوە.

فەیلەسوفی ئەڵمانی (هردەر) جەخت لەسەر مێـژووی هاوبەش و سـەروەریەکان دەکاتـەوە، نـاوبراو چـەمکی (رۆحی گەل)ی بەکار هێنـاوە وەك ئامـاژە پێکـردنێـك بۆ ئەو بـۆ چوونانەی خـۆی، ئـەو چـەمکە رابـردووی کـۆنی گـەل و خـوو نـەریت و سـەروەریەکانی ئێستا بەیەك دەبەستێتەوە.

هەندێ لەپسپۆرانی ئەم بوارە پێیان وایـە کەمێـژووی هاوبـــەش وەك هـــەموو فاکتـــەرە بابەتیـــەکان بەشێوەیەکی رەها پێویست نیـە. نموونەشیان لەسـەر ئەوە نەتەوەی نـوێی ئـەمریکاو هەنـدێ وڵاتـانی تـازە دامەزراوی کیشوەری ئەفریقیایە.

٦- كولتوری هاوبەش :

بایەخدان بەمێژوو زمانی هاوبەش لەپێکهێنانی نەتەوەکان، دەبێتە هۆی بایەخدان بەلایەنی رۆشنبیری هاوبەش بۆ نەتەوە، کە رۆڵی گرینگی دەبێ لەپێکهێنانی کەسایەتی نەتەوایەتی.

بیرورایەکی دی هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە نەتەوایەتی سەرچاوەیەکە لەسەر چاوەکانی یەکبوونی کەلتور، بەواتای ئەوەی کەرۆشنبیری هاوبەش لەدایك بووی نەتەوایەتیە، نەك هۆیەك بێت لەهۆیەکانی.

سەرەرای هەموو ئەو بیرو بۆ چوونانە، واباوە کەکەلتوری دوو نەتەوەی جیاواز، بەتەواوی لەیەك ناچن.

٧- بەرژەوەندییە ئابوریەکان:

بیروراو بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی سەدەی بیستەم زیاتر بایەخ بەفاکتەری ئابوری دەدەن تائەوانی پێشوتر، پلەو رادەی ئەو بایەخ پێدانەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستە بەو هەل و مەرجە کۆمەلآیەتیەی نەتەوە کەپەیوەندی بەدیاردەکەوە هەیە.

سۆسیالستەکان داکۆکی لەسەر فاکتەری ئابووری دەکەن، بەلآم لەهەمانکاتدا لایەنەکانی دیکە فاکتەری ئابووری بەفاکتەرێکی سەرەکی دانانێن.

(د.موکەرەم تالەبانی) لەنووسینێکیدا باس لەفاکتەری ئابووری دەکات کەبناغەی ئابووری پەرەسەندنی نەتەوایەتی لەسەر دەوەستێت. سەرکەوتنی بەرهەمی پیشەسازی کەل و پەل پێویست بەوە دەکات کەبورژوازی دەست بگرێتە سەر

بازاری ناوخۆی وڵات و پێکەوە نانی ئەو هەرێمانەی کەدانیشتوانی بەیەك زوبان قسەدەکەن، لەیەك دەوڵەت و لابردنی هەموو کۆسپێك لەرێگای پەرەسەندنی ئەو زوبانەو سەقامگیری کاروباری بازرگانی، چونکە زوبان هۆیەکی گەورەیە بۆ پەیوەندنی هاوڵاتیان لەگەڵ یەکتر، هەروەها یەکێتی زوبان و سەرپەستی پەرەسەندنی، گرینگترین مەرجە بۆ ئاڵ و گۆڕی بازرگانی ئازادو فراوان، لەگەڵ سەرمایەداری نوێدا رێکدەکەوێت، پەیوەندییەکی سەخت لەنێوان بازاڕدا پەیدا دەکات، واتا لەنێوان خاوەن کارگەی گەورە یان بچووك و لەنێوان فرۆشیاروکڕیار. هەروەها تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەگەڵ هەموو پێویستیەکی سەرمایەداری نوێدا دەگونجێت و شتێکی پێویستە بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی

نەتەوایەتی، قوڵترین کاروباری ئابووری پاڵ بەمەوە دەنێت.

## دووەم//

### فاکتەرە خودییەکان (مەعنەوی) (٣١)

بەپێی بیروڕای ژمارەیەکی گەورەی شارەزایان، فاکتەرە بابەتییەکان بەتەنها بەس نین وەك بنچینەیەك بۆ بونیادی نەتەوایەتی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بیروڕای جیاوازیش هەیە دەربارەی گرینگی فاکتەرە خودیەکان و پێویستیان بۆ پێکهێنانی نەتەوەکان.

بەشێك لەشارەزایان بیروڕایان وایە کەهیچ یەکێك لەفاکتەرە گرینگەکانی وەك: زمان، خوونەریت، ئایین، زەوی، لەناو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بەگرینگ نازانرێت بۆ پێکهێنانی هزری نەتەوایەتی.

نەتەوەکان بریتی نین لەیەکەی زمانەوانی یاخود ئۆرگانی، بەڵکو بریتین لەیەکەی رۆحی، هەروەها دەڵێن نەتەوایەتی بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی رۆحیە لەناوەرکدا، بەو مانایەی کەهەستە نەتەوایەتیەکان تەنها شتی گرینگ و پێویستن بۆ بوونی نەتەوە.

**بەکورتی:**

زۆربەی نەتەوەکان بەفاکتەرە بابەتیەکان دەناسرێن کەلەیەکتریان جودا دەکاتەوە، بەڵام لەنێوان ئەو فاکتەرانە هیچیان بەو رادەیە پێویست نین کە بەنەبوونیان نەتەوە دروست نەبێت. فاکتەری جەوهەری لەم بوارەدا بوونی ئیرادەی زیندوو چالاکە.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ چوونێکی دیکەش هەیە لەم بارەوە، بریتیە لەوەی کە چەندی بوونی فاکتەری خودی (مەعنەوی) بەپێویست دەزانرێ..

بەڵام دەبێ فاکتەرە بابەتیەکانی وەك: زمان، خاك، ئابوری...) پالپشتی بکات.

سەرەڕای ئەوەش دەبێ جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە فاکتەری خودی (مەعنەوی) بکرێت، ئەوانەش بریتین لە :

ئەو فاکتەرانەی یارمەتی پێکهێنانی هەستی نەتەوایەتی دەدەن، وەك هەست کردن بەخزمایەتی لەگەڵ فاکتەری ئیرادە.

# سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


١- گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە (٤) مانگی تشرینی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٥ لاپەڕە/٥٦ هەولێر، بابەتی – ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی کورد- نووسەر/ماهر عزيز.

٢- مەوسوعەی جوودی – مسعود عبدالخالق – ساڵی ٢٠٠٨ – لاپەڕە/٤٩٣

٣- البعد السياسي للمشكلات القومية، د.خليل اسماعيل محمد-طا سنة/٢٠٠٩ صحـ٢١.

٤- النظام العالمي الجديد وقضايا القوميات في الشرق الاوسط – ريبوار عبدالرحيم بابەکی – سنه/٢٠١١ اربيل. صحـ٥.

٥- گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٥٧) ساڵی ٢٠٠٨ بابەتی نووسەر/د. انور محمد فرج.


هەواڵنامەی کتێب

٦- گۆڤاری توێژینەوە، ژمارەی(٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٥٦.

٧- گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٥٧) سەرچاوەی پێشو، پەلاپەڕە/١٧٢.

٨- مەوسوعەی جودی، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە/٤٩٣.

٩- قضايا القومية وأثرها على العلاقات الدولية – القضية الكردية (أنموذجا) مثنى أمين قادر – طا سنة٢٠٠٢ صحـ١١

١٠- مجلة – قضايا عربية حول مفهوم الشخصية القومية د. سيد عويص العدد/٢ حزيران/ ١٩٧٩ صحـ٢١٢ و صحـ٢٤١.

١١- گۆڤاری کاروان – ژمارە (١٨٤) ساڵی/٢٠٠٤ بابەتی نووسەر: ئەمیر سجادی – وەرگێڕانی لەفارسیەوە – ئازاد وەلەد بەگ.

١٢- گۆڤاری – ڕێبازی نوێ ژمارە (٢٠) ئەیلول ساڵی (٢٠٠٠) بابەتی نووسەر مەحمود مەلا عززەت – لاپەڕە/١٠٦.

١٣- گۆڤاری کاروان – ژمارە (١٨٤) – سەرچاوەی پێشوو

١٤- تێوری سیاسی – نووسەر – ئاندرو هێورد – وەرگێران گۆران صباح دەزگای ئاراس – هەولێر ٢٠٠٧ لاپەرە/١٦٦.

١٥- گۆڤاری توێژنەوە – ژمارە/٤ سەرچاوەی پێشوو.

١٦- گۆڤاری ڕێبازی نوێ – ژمارە (٤١) ساڵی ٢٠٠٦ – بابەتی نووسەر ئەنتونی دی سمیت، وەرگێڕانی/ شۆرش محمد لاپەڕە/١٣٥.

١٧- تیۆری سیاسی – ئاندرو هیۆرد – سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/.١٧٦

هەواڵنامەی کتێب

١٨- ناسیۆنالیزم – ئەکرەمی میهداد – ساڵی ٢٠٦ – سلێمانی – مەکتەبی بیرو هۆشیاری لاپەرە/٤٢.

١٩- مەوسوعەی جودی – مسعود عبدالخالق – سەرچاوەی پێشو – پەلاڕە/٤٩٢.

٢٠- البعد السیاسی للمشكلات القومیه – سەرچاوەی پێشو- صحـ٢٢.

٢١- گۆڤاری توێژنەوە – ژمارە/٤ سەرچاوەی پێشو- صحـ٥٨.

٢٢- القومیة والمذاهب السیاسیة – د.عبدالكریم احمد – القاهرة – سنة ١٩٧٠صحـ٨٩.

٢٣- گۆڤاری مێژوو – ژمارە – ١٩- ساڵی ٢٠١١/٥ لاپەڕە/١٧٩- بابەتی – دەرکەوتنی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم – مصطفی محمد كریم.

هەواڵنامەی کتێب

٢٤- گۆڤـــاری – کوردلــۆجی – ژمـــاره/١ ســـاڵی٢٠٠٩- بابـەتی نەتـەوە چییە وەرگێڕانـی/ د. محسن احمد لاپەرە/.٣٦٢

٢٥- نماذج الديمقراطيـة – ديڤيـد هيلد – ترجمة – فاضل جێگر – طا – السنة/٢٠٠٦ – صحـ١٠٣.

٢٦- گۆڤاری مێژوو – ژماره (١٩) سەرچاوەی پێشوو- لاپەرە/١٧٦.

٢٧- گۆڤـــاری ســـەردەم – ژمـــاره (٥٧) سەرچـــاوەی پێشوو.

٢٨- گۆڤـــاری رەهەنـــد – ژمـــاره(٢) ســـاڵی (٢٠١٠) – بابەتی / ناسیۆنالیزم و وەرگێران – رێبین هەردی – لاپەرە/١١.

٢٩- القومية والمذاهب السياسية- د. عبدالكريم احمد سەرچاوەی پێشو – صحـ٤٤ – ٧٠

هەواڵنامەی کتێب

٢٠- كورته دوانێك لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی – د. موكەرەم تالەبانی- چاپی/١ ساڵی ٢٠٠٨ – لاپەرە/١٢.
٢١- القومية والمذاهب السياسية د. عبدالكريم احمد – سەرچاوەی پێشوو – صحـ٧٠

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

# ناسیۆنالیزم و هێزە سیاسییەکان

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم:

## ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆژیا:

لەمیانەی لێکۆڵینەوکان، لەلایەن بیرمەندو رۆشنبیران دەربارەی هزری ناسیۆنالیزم، چەندین بیروڕای جیاواز دروست بووە، هەرلایەکیان لەهەوڵی ئەوەدایە، راستیەکانی لای خۆی بسەلێنێ.

لەو بوارانەی کەجێگای جیاوازین، پەیوەندی ناسیۆنالیزم بەئایدیۆلۆژیاوە، یان، ئایا ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیایە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دوو بیروڕای جیاوازو بەرامبەر بەیەك هاتوونەتە ناراوە.

هەواڵنامەی کتێب

١-        بیروڕای یەکەم: (١)

بڕوای وایە کە ناسیۆنالیزم یەکێکە لەئایدیۆلۆژیا سەرەکیەکان، کە لەهەر دوو سەدەی نۆزدەو بیستدا. کاریگەری لەسەر نەتەوکان هەبووە.

٢-        بیروڕای دووەم:

بڕوای وایە کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیا نییە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەدا. ئەوا بەهاژی فەلسەفی و یەکنەگرتوویی دەناسرێت، ئەوەش لەبەر دوو هۆ.

أ) ناسیۆنالیزم خاوەنی میتۆدوو دیدگایەکی فەلسەفی دیاریکراو نیە، بەڵکو لەهەموو فەلسەفەکان سوودی وەرگرتووە.

ب) لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزم لەسیاسەتدا. هەر بەو جۆرە نزیکایەتی لەگەڵ پەیرەوکارانیدا هەیە. لە

ئەو پەڕی راستەوە تامیانڕەوو دەگاتە ئەو پەڕی چەپ.

**دەربارەی بیروڕای یەکەم // ئەوانی ناسیۆنالیزم** بەئایدیۆلۆژیا دەناسێنن، جەخت لەسەر ئەم خالأنە دەکەن، وەك ڕەگەزی سەرەکی هاوبەش لەنێوانیاندا:

١- جیهان بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بووە، هەریەکەیان خاوەنی کەسایەتی و چارەنووس و مێژووی خۆیەتی.

٢- نەتەوە تەنها سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییە.

٣- دڵسۆزی بۆ نەتەوە لەسەرووی هەموو دڵسۆزییەکی دیکەوەیە.

٤- بۆ ئەوەی خۆ بەخت و سەربەخۆبین. هەموو کەسێك دەبێت سەر بە نەتەوەیەك بێت.

هەواڵنامەی کتێب

٥- هەموو نەتەوەیەك پێویستە خاوەنی مافی بریاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی خۆی بێت.

٦- ئاشتی و داد پەروەری جیهان، خوازیاری بوونی سیستەمێکن، کەتیایدا نەتەوەکان سەبەرست بن.

سەرەرای ئەو بیروراییانەی سەرەوە، وەك ڕەگەزی هاوبەش لەنێوان نەتەوەکان. ئەگەر ئایدیۆلۆژیا بەواتا فراوانەکەی ووشە وەربگرێت. کە هەر جۆرە تیۆرییەك یان هەر جۆرە قوتابخانەیەکی سیاسی دەگرێتە خۆی، هەروەها لەگەڵ ئامادە بوون و کاریگەری بەهێزی ناسیۆنالیزم لەجولاندنی هەست و هۆشیاری مرۆڤ و کۆمەلانی خەلك. بەهۆی ئەوەش کە پەرینەوە بەرەو ئینتما بۆ نەتەوە وەرچەرخانێکی گەورەیە لەژیانی مرۆڤ و گەلان. کۆمەلە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەسەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ و لەگەڵ خۆی راپێچ دەکات.

لەبوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رەوشتی و هزری و کەسایەتی، ئەوا دەکرێ بڵێین کەناسیۆنالیزم، ئایدیۆلۆژیایە بۆ هەر جۆرە دڵە راوکێیەك .

**بیروڕای دووەم//** دیدی ئەوانەی ناسیۆنالیزم بەئایدیۆلۆژیا نازانن، لەم خاڵانە کورت دەکرێنەوە:

أ) دووپرسی سەرەکی هەیە پەیوەندییان بەئایدیۆلۆژیاوە هەیە، کە ئەوانەش بریتین لە:

١- توخمە پێکهێنەرەکانی ئایدیۆلۆژیا چین؟

٢- ئایدیۆلۆژیا چ نەخشەیەکی لەسیاسەت و مێژوودا دیاریکردووە.

ب) ناسیۆنالیزم لەتەواوی جیهانی بزووتنەوە سیاسیەکاندا. هەڵوێستی سیاسی و فەلسەفی و چینایەتی تایبەتی نەبووە، بەڵکو نەتەوە خوازەکان

لـەناو هـەموو بزووتنـەوەكانی ڕاسـت و چـەپ و میانڕەودا هەبوون، ئەم دیارەیـەش ئەوەنیشان دەدات كـە ناسـیۆنالیزم شـتێكی گشـتی تـرە نارۆشـنترە لەئایدیۆلۆژیایەكی تایبەت.

ج) كاریگـەری تـەواوی ئایـدیۆلۆژیاكان (لیبرالیـزم – ماركسیزم - كۆنەپارێز- ئایینی – سكۆلاریزم) نـەك تەنها یەك ئایدیۆلۆژیای دیاریكاو، یەكێكە لە بەلگە بـە هێزەكـانی لایـەنگرانی ئـەم دیدگەیـە كـە تـەنها ناسیۆنالیزم هیچ هەلوێستێكی دیـاریكراوی تایبـەت و بنچینەی نییە سەبارەت بە ئایدیۆلۆژكان .

پەیوەنـدی نێـوان ناسـیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیاسـیاسـییە ناسراوەكانی جیهان، لەڕوانگەی سوودو رەوش و هـەل و مـەرجی تایبـەتی و خۆییـەوە مامەلـەیان لەگـەل دەكات.

ئەم رەخنانەش لەلایەن هەلگرانی بیروڕای یەکەم هەمووی وەلام دراوەنەتەوەو مشتومڕەکەش لەنێوانیان لەسەر ئاستێکی فیکری درێژەی هەیە.

هەر چۆن لەبارەی ئەوەی کەئایا ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیایە، بیروڕای جیاواز هەیە، هەروەها لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیا بیروڕای جیاواز دروست بووە.

شارەزای ئەم بوارە (ئیلی قدوری) لەساڵی ١٩٦٠ لەکتێبەکەی بەناوی (نەتەوایەتی) پێ لەسەر ئەوە(٢) دادەگرێت کەنەتەوەکان بوونیان سروشتی نییە. بەلکو بوونێکی دروستکراویان هەیە، بیری ناسیۆنالستی سروشتی نییە. ناسیۆنالیستیش ئایدۆلۆژیایەکە بەرهەمی سەرهەڵدانی (مۆدێرنێتە)یەو بەر لەسەر هەڵدانی مۆدێرنێتە بوونی نەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەکانیش

بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنێتەن و بەر لەو سەردەمە بوونیان نەبووە.

(قدوری) پێی وایە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکە لەسەدەی نۆزدەدا لەئەلمانیا لەلایەین رۆشنبیرە ئەلمانەکانەوە داهێنراوە، کتێبەکەی (فیختە)ی فەیلەسوفی ئەلمانیا، بانگەوازێك بوو بۆ نەتەوەی ئەلمان و رۆلێکی سەرەکی گێراوە لەداهێنانی ئەو بیرو باوەرەدا.

شارەزایەکی دیکەی ئەم بوارە (ئیرنست گلنەر) ئەو بۆ چوونەی (قدوری) بەتووندی رەتدەکاتەوەو پێی وایە هزی فەیلەسوفان ئەو هێزەی تیا نیە کەبتوانێ واقیعی کۆمەلایەتی کۆمەلگاکان بگۆرێت، بەلکو بەپێچەوانەوە ئەوە واقیعی کۆمەلگاکانە گۆران لەهزر، بیرمەندەکان دروست دەکات، بۆیە ناتوانین بلێین ناسیۆنالستەکان بیروڕای (ئایدیال)ی

نەتـەوەییان لـەو بیرانـە خولْقانـدووە کەلەبەرهـەمی کۆمەڵە فەیلەسوفێکدا هەن.

هەواڵنامەی کتێب

دووەم//

## ناسیۆنالیزم و دیموکراسیەت:

بەپێی بیروڕای هەندێ بیرمەندان، دیموکراسیەت و ناسیۆنالیزم، شێوە یەکگرتنێکی ئالۆزو گۆڕاو لەنێوانیاندا هەیە.

هەندێکێکی دیکەیان لەهەوڵی ئەوەدا بوون ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی تر بخەنە ڕوو، هەروەها وتراوەکە دیموکراسیەت بووە، ناسیۆنالیزمی بەدوای خۆیدا هێناوە.

شارەزایانی دیکە دەڵێن بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی بۆ یەکەم جار لەدوای بیروباوەڕەکانی سەروەری گەلەوە دەرکەوتووە و لەهەندێ باردا کەوتۆتە پێش دیموکراسیەت.(٢)

لەسەرەای دامەزراندنی دەوڵەتە ناسیۆنالستەکانەوە، دەسەڵات لەنێوان دەستەیەکی بژاردەی بچووک



هەواڵنامەی کتێب

کۆبۆتـــەوە، بـــەڵام لەگـــەڵ رۆژگـــارداو بـــەهۆی گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی و لەئاکامی گۆڕانکاریـە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، خەڵکی دیکەش داوای بەشـداریکردنیان دەکـردو رۆڵیـان هـەبێ بـە شـــێوەیەکی ڕاســـــتەوخۆیان ناڕاســـــتەوخۆ لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، داوای ئـەوە دەکـرا کەدەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت لـەڕێگای هەڵبژاردنـەوە بێت، هەروەها بوونی شێوازی نوێنەرایەتی کردن.

ئاشکرایە ئەو هەنگاوانـە بوونەتـە هۆی گەشـەکردنی دیموکراسـیەت، بەتایبـەتی لەهـەردوو سـەدەی نۆزدەوبیستدا.

هەربـەم شـێوەیە چـەند بیروڕایـەکی دیکـە پەیوەندییەکانی نێوان ناسیۆنالیزم و دیموکراسیەت یەك دەخەن، لەماوەی ناساندنیان بۆ خودی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم.

هەر لەمیانەی درێژەپێدان بەمێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە سەدەی هەژدەوە وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی، کاردەکرێت لەپێناو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتەکان و جەخت کردن لەسەر مافە مەدەنیەکان، ئامانجیش خولقاندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئەقلانی ئازادیخوازانە بووە، نوێنەرایەتی چین و توێژەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەی (جون لوك) بکات.

هەروەها باس لەوە دەکەن کەبایەخدان بەبایەتی نیشتمان لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا کەمتر بووە لەئاست مافی ئازادی هاوڵاتی.

زۆر لەبیرمەندان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەپەیوەندی نێوان دیموکراسیەت و ناسیۆنالیزم لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێکردووە بەشێوەیەکی تایبەت، هەروەها ناسیۆنالیزم

لەسەردەمی شۆرشی فەرەنسا بەمانای دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ هاتووە بەشێوەیەکی گشتی.

جەوهەری داخوازی هزری ناسیۆنالیزم ئەوەیە کەدان بەمافە رەواکانی گەلان بنرێت، ئەگەر دیموکراسیەت و دەسەلاتی خەلك وەك بەهاترین شێوەی حوکمرانی قبول بکرێت. ئەوکات دیاریکردنی مافی چارەی خۆ نوسینی نەتەوەکان بەتەنها دەبێتە بەلێ لە ئەنجامی ئەو بیروباوەرە.

بەکورتی هەر چۆنێك بوو بێت پەیوەندییەکانی نێوان ناسیۆنالیزم و دیموکراسیەت لەسەرەتا. ئەواکۆدەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی کە هەردوو هزرەکە لەگەڵ شۆرشی فەرەنسا تێکەڵ بەیەکتر بوونە، هەر لایەکیان پشتگیری لایەکەی دیکەی کردووە لەقۆناغە جیاوازەکاندا، بۆ پارێزگاریکردن

لەڕووە پێشکەوتنخوازەکەی ناسیۆنالیزم، بە دوور لەتوندرەوی.

جۆزیف ماتزینی (١٨٠٥ – ١٨٧٢) نەتەوە خوازو دیموکراتی ئیتالی، بەم شێوەی خوارەوە باس لە ناسیۆنالیزمی دەکات: (٤)

نەتەوە یاخود وڵات رایەڵەی نێوان تاك و مرۆڤایەتیە. خۆبەخۆ مانا بەتاك و ناراستەش بەشارستانی دەبەخشێت. پێشکەوتنی نەژادی مرۆیی پەیوەستە بەدەسکەوتە نەتەوەییەکانی هەر نەتەوەیەك. جا ئەو نەتەوەیە گەورە بێت یان بچووك. بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستیە پێویستە نەتەوە دابەشکراوەکان یەکبگرن و گەلانی ستەم لێکراویش ئازاد بن.

بەپێی تێڕوانینی ماتزینی، نەتەوە یان وڵات بەپلەی یەکەم، قەلەمڕەوێکی جوگرافی رووت نیە، بەلکو

ئەندیشەو چەمکێکە یاخود تێگەیشتنێکە کەئەوی هێناوەتە دونیاوە، لەسونگەی ئەمەوە. هەر ولاتێك یەکەیەکی تایبەت و بێ هاوتایەو خاوەن پەیامێکی تایبەت بەخۆیەتی، کەفەلسەفەی بوونی ئەو دەوڵەتە پێك دەهێنێت.

ماتزینی بەقولی باوەڕی بەوە هەبوو، کەباشترین و راستەقینەترین زەمینە بۆ پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم، لەسیستمی کۆماری دیموکراسیدایە.

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم//

## ناسیونالیزم و لیبرالیەت:

زاراوەی لیبرالیزم (Liberalism) لەوشەی لاتینی (Liber)وە وەرگیراوە کەبەمانای ئازادی دێت.

ئەوان لەو باوەڕەدان مرۆڤ لەراستیدا بەئازادی لەدایك بووەو دەبێ ئەئازادیش بژێ، دەوڵەت نابێ ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکاندا دروست بکات، تائازادییەکان گەشە بکات.

رێبازی لیبرالیزم لەسەدەکانی (١٨-١٩) بەتایبەتی لەولاتی ئینگلتەرا گەیشتۆتە لوتکە، پاشان بیرو بۆچوونە فەلسەفیەکانی ئەلمانیاو فەرەنسای تێکەلاو بووە.

لەدامەزراندنی هزری لیبرالیزم چەند فەیلەسوف و بیرمەندێ کاریگەرییان هەبوود. لەوانە: فەیلەسوفی



هەواڵنامەی کتێب

ئینگلیـزی (بنتهـام) کەلـەنێوان (١٧٧٦ – ١٨٣٢)ژیـاوە، جون ستیوارت میل و سبنسەر، هەروەها تۆماس هیـل گرین و جۆن لوك.

لیبرالیزم لەماوەی قۆناغەکانی گەشە کردنیـدا چـەند ئاراستەیەکی لێ پەیدابووووە، وەك: لیرالیزمی کۆنسـەر ڤـاتیزم (میـانرەو)، لیبرالیزمـی سوسیالسـتی و لیبرالیزمی سیاسی. (٥)

لـەنێوان بیرمەنـدو نووسـەرانی لیبرالیـزم بـیرورای ئـالۆزو جیـاواز دروسـت بـووە لەئاسـت پرسـی ناسـیۆنالیزم، ئەمـە سـەردرای مشـتومڕیان لەگـەڵ بیرمەنـدو نووسـەرانی ڕێبـازە سیاسـییەکانی دیکـەو نەیارانیان. بـۆ ئـەوەی وێنەیـەکی دروسـت بخەینـە ڕوو. لەچـەند سەرچـاوەیەکی جـۆراو جـۆردەوە، بیروڕاکان وەردەگرین.

أ) نووسەری کتێبی – لیبرالیزم – جان سالوین شاپیرۆ، بەم شێوەیە باس لەپەیوەندییەکانی نێوان لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم دەکات.(٦)

نەتەوە پێکهاتەیەکی خاوەن دەسەڵات و سەر بەخۆو جیاوازترە لەهەموو نەتەوەکانی تر. دەسەڵاتیش لەچوار چێوەی سنوردەکانی تێپەڕناکات.

ئەو زەمینەو کۆڵەکە سیاسییەی کەخەڵك لەچوار چێوەی نەتەوەیەکدا بەیەکەوە پەیوەست دەکەن. هاوڵاتی بوونی یەکسان و هاوبەشە.

ئەو ڕشتە رۆشنبیرییەش کە ئەم نەتەوەیە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە هاوڵاتی بوونی یەکسان و زمانی نەتەوەیی و هاوبەشە. باڵاترین ئەمەکداری هەر هاوڵاتییەکە سەبارەت بەوڵاتەکەی.

جانتیمای چینایەتی و ئەزادی یان باوەرداری ئەم هاوڵاتییە هەر چییەك بێت.

ناسیۆنالیزمی لیبرال مافی هەموو نەتەوەیەکی لەپێناو دیاریکردنی مافی چارەنووس و ئازاد لەیاسا دەرەکیەکان ڕاگەیاند.

نەتەوە، وەك تاکەکەس، وەك (هەبوون)ێکی سەربەخۆو ئازاد، تەماشای دەکرێ و لەسۆنگەی ئەمەوە نەك تەنها مافی ئازاد بوونی هەیە، بەلکو مافی سەربەخۆ بوونیش هەیە.

ب) نووسەر (ئاندرۆهیۆرد) لەکتیبەکەی بەم جۆرە ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم دەکات:(٧)

لیبرالەکان لەڕووی نەریتەوە مشتومر لەسەر ئەوە دەکەن کە ناسیۆنالیزم ڕێچکەیەکی بەلێبوردەو دیموکراسیە. یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بنەمای ئاشتی نێو دەوڵەتی و کۆز مۆپۆلیتزم...لیبرالەکان پێیان وایە ئەگەر ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزم بەدەست

هێنرا، ئەوا هەر نەتەوەیەك دەبێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆو خۆی حوکمی خۆی دەکات، هۆی سەرەکی ململانێی نێو دەوڵەتی لادەبرێت، نەتەوەکان هیچ پاڵنەرێکیان نابێت بچن بۆ جەنگ و لەدژی یەکتربجەنگن.

هەرچەندە لیبرالەکان ئەو ئایدیایە رەت دەکەنەوە کەناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی جەنگ، نکوڵی لەوەش دەکەن کەناسیۆنالیزم نابێتە هۆی لێك نەبوردن و هەستی رەگەز پەرستی دوور لەهەرەشەکردنی پتەوی نەتەوەیی.

ج) بۆ باشتر روونکردنەوەی پرسی ناسیۆنالیزم لەبەر رۆشنایی هزری لیبرالیزم، بیروڕای چەند بیرمەندێکی لیبرال دەخەینەڕوو:

١- راسل هاردین: (٨)

لەبۆ چوونەکانی سوورە لەسەر ئەو بڕوایەی کەهەموو بانگەشە ناسیۆنالیزمەکان بۆ وڵاتە لیبرالەکان، وەك ژەهروایەو مایەی لەناو بردنین، لیبرالەکان دەبێت هەوڵبدەن بناغەی ئەو پەیوەست بوونانەی لەسەر بناغەی بانگەشەی نەتەوەی هاوبەشە، لاواز بکەن.

٢- بیل تمبر:

تمبر لەناسیۆنالیزمی لیبرالیدا شوناسی نەتەوەیی لەچوار چێوەی لیبرالیزمدا دادەنێت، تمبر دەڵێ.

دەبێ بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، هەلی دەرخستنی شوناس بەتاکەکان بدرێت. هەم بەشێوەیەکی تایبەتی و هەم بەشێوەیەکی ئاشکرا...بوونی فەزایەکی گشتی هاوبەش، مەرجی

پێویسته بۆ زامنکردنی هێشتنەوەی نەتەوەیەك، وەك کۆمەڵگایەکی چالاك و زیندوو.

٢- ویل کیمیلتا، بەپێی بۆ چوونەکانی:

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستدا گروپە خاوەن بەرژەوەندییە نەتەوەییە ڕێکخراوەکان، بەکردەوە لەهەموو وڵاتە لیبراڵەکاندا، بانگەشەی پلەو دەسەڵاتداری دەوڵەتی دەکەن.

کیملکا دەپرسێت: ئایا پێوەری لیبرالانە هەیە کەلەڕێگەیانەوە، باسی ئەم بانگەشانە بکرێت؟

کیملکارەخنە لەتیۆری لیبراڵی دەگرێت، چونکە لەچوار چێوەیەکی لیبرالیدا بابەخی ئەمجۆرە بانگەشانە هەڵناسەنگێنێت، بۆ نموونە ناکرێت خواستی ڕابەرانی گروپێکی نەتەوەیی بۆ خۆ بەڕێوەبردنی ناوچەیی لەسەر بناغەی کولتوری هاوبەشی زۆرینەی ئەو خەڵکانەی لەناو سنووری

ناوچـەیەکی دیـاریکراودا دەژیـن، بـە دەمارگیرانـە بزانرێت، چونکە بەکردەوە هـەموو وڵاتـە هـەبوەکان (چ لیبرالیـەکان و چ ئـەوانی دی) هـەمان بانگەشـەیان بۆ رەوایەتی سنوورەکانی خۆیان هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

چوارەم//

## ناسیۆنالیزم لەدیدی مارکسیزمەوە:

مارکسیزم، بریتیە لەبیروڕاکانی مارکس، فەیلەسوفی بەناوبانگ کەلەساڵانی (١٨١٨-١٨٨٣) ژیاوە، لەگەڵ هاوڕێی خۆی ئەنگلس (١٨٢٠-١٨٩٢)و دواتر نووسینەکای لینین، نووسینەکانی مارکس نەك تەنها لەبواری بزاڤە سیاسییەکان، بەڵکو لەبواری چەمکەکانی کۆمەڵناسی ئەمڕۆشدا کاریگەریان لەسەر ئەو زانستە بەجێ هێشتووە.

مارکسیزم، تیۆرێکی فەلسەفیە لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەك هەوڵی سەقامگیر بوونی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی داوە لەجیهاندا.

دیدو بۆ چوونەکانی ئەم تیۆرییە لەئاست پرسی نەتەوایەتی بەم خاڵانەی خوارەوە بەکورتکراوەیی دەخەینە ڕوو: (٩)

أ) ماركس دەربارەی پرسی نەتەوایەتی بیرو بۆ چوونێکی روون و ئاشکرای نیە، پێناسەیەکی وردشی بۆ نەتەوە نەخستۆتە ڕوو، مارکسیزم بەوە ڕەخنەی لێگیراوەکەکاری بۆ لەناوبردنی جیاوازییە نەتەوایەتیەکان کردووە، ئەگەرچی ئەو پێش بینیانەشی ئاماژەن بۆ نەهێشتنی جیاوازییە ئابوری و کۆمەلآیەتیەکان، جیاکردنەوەی ناڕەواو نابەجێکان، نەهێشتنی ململانێی سیاسی و چەوساندنەوە. تیۆری مارکس لەئاست مەسەلەی ناسیۆنالستی بەئاشکرا لەدوو بواردا دەردەکەوێ:

١) لەپەیوەندی نێوان پەیدابوون و دەسەلآتی بورژوازی و پێکهێنانی دەولەتی نەتەوەیی.

٢) لەگەل گەشەی بورژوازییەت، بازرگانی ئازادو بازاڕی جیهانی، پیشەسازی گەورە چینێك دروست

دەکات کەلەهەموو نەتەوەکاندا بەرژەوەندی یەکسانیان هەیە.

مارکس لەنووسینەکانی دەربارەی ئیرلەندا سێ ئامانجی گرینگی بۆ ئەو کێشەیە خستەڕوو:

أ) تەنها ئازادی نەتەوەی ستەم دیدە سەرچاوەیە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و دژایەتی نەتەوایەتی، بەچینی کرێکاری هەردوو نەتەوەش (چەوساوەو چەوسێنەر) توانای ئەوە دەدات کە یەکبگرن لەدژی دوژمنی هاوبەشیان (سەرمایەداری).

ب) چەوساندنەوەی نەتەوەیەك هۆکارە بۆ بەهێز بوونی هەژموونی ئایدیۆلۆژیای بروژوازی بەسەر کرێکارانی نەتەوەی زاڵ.

ج) رزگاری نەتەوەی چەوساوە هۆکارە بۆ لاوازبوونی بنکەکانی ئابووری، سیاسی، سەربازی


هەواڵنامەی کتێب

و ئایدیۆلۆژی چینە باڵا دەستەكانی نەتەوەی چەوسێنەر.

لەدوای ماركس و ئەنگلز، لینین لەئاست مەسەلەی نەتەوەیی كاری بۆ تێگەیشتنی دەكرد.

ب) لەڕوانگەی لینینەوە هەر كات كەسێك ڕووبەڕووی ڕاستیەكانی سەردەمی ئیمپریالیزم دەبێتەوە،(١٠) یەكەم شت كە نابێت لەبیری بكات ئەوەیە كەجیهان ئێستا لەنێوان نەتەوە چەوسێنەرو چەوساوەكان دابەشكراوەو چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەفراوان بووندایە.

لینین لەكتێبی (مسائل السياسة القومية والاممية البروليتارية) كە لەساڵانی (١٩١٣-١٩١٦) نووسراوە. بەڕوونی باس لەمەسەلەی نەتەوایەتی و پەیوەندی بەخەباتی كرێكاران و دامەزراندنی دەوڵەتی

نەتــەوەیی و سیاســەتی ئیمپریــالیزم و شۆڕشــی دیموکراسی و سۆسیالستی دەکات.

لێرەدا چەند ڕستەیەك لە نووسینەکانی لینین دەخەینە ڕوو: (١١)

لەکۆمەلگەی بورژوازی وەك ڕووداوێکی مێژووی دیاردەی ناسیۆنالیزمی کارێکی چارەنووس سازە، دەربارەی ئەم کۆمەلگایە، مارکس بەئاشکرا دان دەنێت بەرەوایەتی مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان، بەلام بۆئەوەی ئەم کارە نەبێتە دان پیانان. بەخۆ بەزل زانین و توندرەوی نەتەوایەتی. ئەوا واپێویست دەکات بەوردی تەنها لایەنە پێشکەوتنخوازیەکەی وەربگیرێت و نەبێتە هۆی ڕۆشنبیرکردنی برولیتاریا بەئەقلیەت و بیرکردنەوەی بورژوازی.

بەئاگاهێنانەوەی جەماوەر لەبێ دەنگی و
دامرکاندنەوەی دەرەبەگایەتی کارێکی
پێشکەوتنخوازانەیە، هەروەها خەباتی جەماوەر دژ
بەچەوساندنەوەی نەتەوایەتی، بەهەر جۆرێك بێت و
لەپێناو سەروەری گەل و سەروەری نەتەوە.

لێرەدا ئەرکێکی رەها پەیدا دەبێ، ئەویش پێویست
دەکات لەسەر مارکسیەکان بەرگری لەگیانی
دیموکراسیەت بکەن، بەبەهێزترین شێوازەکان و
بەیەکگرتووییەکی توند، لەهەموو بوارەکانی پرسی
نەتەوایەتی...پێویست دەکات پرۆلیتاریا هەموو
زۆردارییەکی دەرەبەگایەتی داماڵێنێ، هەروەها
زاڵبێت بەسەر هەموو چەوساندنەوەیەکی
نەتەوایەتی و بەسەر هەموو مافێکی تایبەتی و
سوودی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکان یان زمانێك
لەزمانەکان کە بەدەستیان هێناوە. ئەوە ئەرکێکی

هەواڵنامەی کتێب

ڕەهای بڕولیتاریایە، لەبەر ئەوەی هێزێکی دیموکراتە، لەو جۆرە خەباتەش ململانێ و ناکۆکیە نەتەوایەتیەکان ڕێگر دەبن و دوای دەخەن.

پێویست بەخەباتکردن دەکات دژی هەموو زۆردارییەکی نەتەوایەتی، ئەم کارە گومانی تیادانیە، بەڵام هەروەها ئەوی گومانی تیادا نیە، خەبات لەپێناو هەموو پەرەپێدانێکی نەتەوایەتی. لەپێناو (کولتوری نەتەوایەتی)...بەشێوەیەکی گشتی کارێکە جێگای قبولکردن نییە بەهیچ جۆرێك.

پەرەپێدانی ئابووری لەکۆمەلگەی سەرمایەداری لەهەموو جیهاندا، چەند نموونەیەکمان دەداتێ دەربارەی ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیانەی بەشێوەیەکی تەواو پەرەیان سەندووە، هەروەها چەند نموونەیەکی دیکە دەربارەی پێکهاتنی نەتەوە گەورەکان لەڕێگای تێکەڵاوبوونی چەند نەتەوەیەکی

بچووك لەگەڵ یەكتر، یان لەسەر بەرژەوەندی هەندێكیان.

توندرەوی نەتەوایەتی بورژوازی، بریتیە لەپەرەپێدانی نەتەوایەتی بەشێوەیەكی گشتی، ئەو پەرەپێدانەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئەوەی دەكرێ ناوی لێ بنرێت بەیەكچوونەوە، یان دەبێتە هۆی تەقینەوەی ئەو ململانێیە نەتەوایەتیانەی كە كۆتاییان نیەو چارە سەریشیان بۆ نییە.

سەرمایە داری لەمیانەی پەرەپێدانی مێژوویی دوو ئاراستە دەگرێتە بەر دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی:

١- بەئاگا هێنانەوەی ژیانی نەتەوایەتی و بزووتنەوە نەتەوایەتیەكان، لەگەڵ خەباتكردن دژی هەموو چەوساندنەوەیەكی نەتەوایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی.

٢- پەرەسەندنی جۆرەها پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوەکان و زۆر بوونیان، هەروەها نەهێشتنی بەرهەڵستیە نەتەوایەتیەکان، لەگەڵ دامەزراندنی یەکگرتوویی سەرمایەداری جیهانی و یەکگرتوویی ژیانی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی...هتد.

هەردوو ئاراستە کەبریتین لەیاسای جیهانی بۆ سەر مایەداری، یەکەمیان لەسەرەتای پەرەپێدانەوە، دووەمیان، کاتێ سەرمایەداری گەشەسەندوو، لە وەرچەرخاندا بێت بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالستی.

ج) لەکتێبی - معجم الشیوعیة العالمیة — کەبلاوکراوەیەکی کۆمۆنیستیە لەساڵی ١٩٨٥ لەمۆسکۆ چاپکراوە، بەم شێوەیە باس لەبزافی ناسیۆنالستی دەکات: بزافی ناسیۆنالستی بزافێکی دەروونی و

ئایدیۆلۆژی و هەزری و سیاسییە، چەند نەتەوەیەك بەباشتر دادەنێ لەوانی دیکە، ئەم بزاڤە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەتەوەکەی خۆی بەمەزن بزانێ، هەروەها دەبێتە هۆی ناحەزی و ڕەق و قینی نەتەوایەتی.

جۆرەکانی بزاڤی ناسیۆنالیزمی زۆرن، دەست پێدەکات لەناسیۆنالیزمی توندڕەوی فاشیزم. تاکۆتایی دێت، بەو جۆرەی خۆی بەزاراوە مارکسیەکانەوە داپۆشێ.

ڕەنگە ئەم بزاڤە شێوەی شۆڤینیەتی دەوڵەتی گەورە وەربگرێت. بۆ نەتەوەیەکی زۆردار کە نەتەوەکانی دیکە ریسوابکات. یان لەشێوەی ناسیۆنالیزمێکی ناوچەیی وەك نەتەوەیەکی چەوساوە لە گۆشەگیری و بێ باوەڕی بەنەتەوەکانی دیکە دەرکەوێ.

کۆسمۆپۆلیزی ئیمپریالیزمی، ڕوویەکی دیکەیە، بەرامبەر بەبزاڤی ناسیۆنالیزمی، بانگەشە بۆ تواننەوەی نەتەوەو میللەتان دەکات لەناو نەتەوەیەکی نموونەیی (زاڵبوو)

بزاڤی ناسیۆنالیزمی بەهۆی پەیوەندییە مولکایەتیە تایبەتیەکان و چەوساندنەوەوە پەیدا دەبێت، بۆژروازییەت و بورژوازییەتی بچووك هەلگری ئەو بزاقەن. بەلام برولیتاریا کەرابەرایەتی نەتەوە خوازی دەکات بەخۆرسك دوورە لەتاوانی ناسیۆنالیزمی.

لەلایەکی دیکەوە ئەزموون و بەسەرهاتەمێژووییەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کەدەکرێ لەڕێگای ڕواندنی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی بەبەردەوامی و بە ڕێکوپێکی و لەماوەیەکی دوورو درێژدا، جەماوەر بەو دپاردەیە ژەهراوی بکرێت.

مارکسیزم رەوتی ناسیۆنالیزمی رەتدەکاتەوە، بەڵام لەچەند قۆناغێکدا لەباری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، بزاڤی ناسیۆنالیزمی لای نەتەوەی چەوساوە دەردەکەوێ وەك بەرنامەیەك بۆ رابوونی ناسیۆنالیزمی، هەروەك ئایدیۆلۆژیایەك و سیاسەتێکی خەبات دژ بە ئیمپریالیزم، هەروەها لەپێناو سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری، لەپێناو سەروەری نەتەوەو پەرەپێدانی لەهەموو بوارەکان.

مارکسیە- لینینیەکان، ئەو بزاڤە ناسیۆنالیزمیەی ناوەرۆکێکی دیموکراسی گشتی دەگرێتە خۆی، بەدیاردەیەکی مێژوویی ئەژمار دەکەن و پالپشتی دەبن، بەهەر جۆرێك و لەهەر کاتێ ئەو ناوەرۆکە دەرکەوت. بەڵام ئەوە لەبیر ناکەن لەو حالەتەدا، کێن ئەو هێزانەی لەژێر پەردەی خەباتی دیموکراسیانە

خۆیان شاردۆتەوە، کە ئامادەن خیانەت لەبەرژەوەندیە راستەقینەکانی نەتەوە بکەن.

د) بیروڕای ستالین دەربارەی دیاردەی ناسیۆنالیزم: (١٢)

ستالین (١٨٧٩-١٩٥٣) سەرکردەی بەناوبانگ، لەمیانەی نووسینەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لەدیاردەی ناسیۆنالستی دەکات:

نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکن، لەماوەی مێژوودا پێکهاتوون لەسەر بنچینەی زمانی یەکگرتوو، زەوی، ژیانی ئابووری و پێکهاتەی دەروونی. کەبە جۆری کولتورێکی هاوبەش دەردەکەوێ.

بەڵام دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە هەر یەك لەو خەسلەتانە، ئەگەر بەتەنها وەرگیرا، ئەوە بەس نیە بۆ پێناسەکردنی نەتەوە. لەوەش زیاتر ئەگەر هەر یەك لەو خەسلەتانە لەدەست بدرێن، ئەوە

ناكرێ بلێین نەتەوە هەیە، لەكاتێكدا دەكرێ باسی نەتەوە بكەین بەمەرجێ هەموو ئەو خەسلەتانە بوونیان هەبێ.

لەراستیدا نەتەوە یەك خەسلەتی جیاكاری نییە، بەڵكو كۆمەڵە خەسلەتێك هەن، كەلەسەر بنچینەیان دەكرێ بەراورد لەنێوان نەتەوەكان، هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی دیكە بكرێ.

نەتەوە، بەتەنها گوتەیەكی مێژوویی نییە، بەڵام گوتەیەكی مێژووییەو بۆ سەر دەمێكی دیاریكراو دەگەڕێتەوە (سەر دەمی سەرمایەداری پەرە سەندو كەپرۆسەی زاڵبوون بەسەر سیستمی دەرەبەگایەتی و پەرسەندنی سیستمی سەرمایەداری. لەهەمان كاتدا ئەوە پرۆسەی پێكهێنانی نەتەوەیە.

لەسالّی ١٩٢٥ ستالین، وەك وەلاّمدانەوەیەك بۆ (سیمتسن) سەرکردەی کۆمۆنیستەکانی یۆگۆسلاف، وتوویەتی:

بزووتنەوەی ناسیۆنالستی بروژوازی بوو، پێش جەنگی جیهانی ئیمپریالیزمی و پێش شۆڕشی نوکتۆبەر، بەلام بارودۆخەکە گۆڕا، بزووتنەوەی ناسیۆنالستی ئێستا بەپلەی یەکەم، بزووتنەوەی جەماوەری تێکۆشەرە، لەبنچینەدا بزووتنەوەی جوتیارانە.

هەواڵنامەی کتێب

## پێنجەم//

## ناسیۆنالیزم و فاشیزم

ڕەگ و ریشەی فاشیزم، لە وشەی لاتینی (Fasces) وە وەرگیراوە، ئەو وشەیە بەواتای باقەیەك لق وپۆپی درەخت دێت.

لەرۆمای کۆندا باقەیەك وردە چیلکەی تەر، سومبولی پاێزگاری بووە لەئارامی و یاسادا.

سەرەتا وشەی فاشیزم، ناوی بزافێکی سیاسی بوو لەئیتالیا، لەلایەن (موسولینی)یەوە رابەرایەتی دەکرا، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم. چەند بۆ چوونێکی لەو جۆرە لەزۆر شوێنی ئەوروپا سەریان هەڵدا، وەك رەوتی نازیزم لەئەڵمانیا.(١٤)

فاشیزم بەشانازییەوە دان بەوەدا دەنێ کەبۆ چوون و بابەتەکانی خۆی. لەسەر بنچینەی بەلگە هێنانەوەی

تیۆری، یان بەشێوەی نەقلانی دانامەرزێنی، بۆیە دژوارە دۆزینەوەی تیۆرێکی سیاسی ئەقلانی پەیوەست بەیەك لەمیانەی بنەماكانی فاشیزم.

خواستی فاشیزم لەرێگای قەناعەت پێکردنی مرۆڤەوەیەو بەلگەی تیۆری نیە، لەرێی ئەفسانەو خۆشەویستی خستنەدەروون و شێوە ڕاکێشانێکی سۆفی گەرییە، بگرە چەند بیروڕایەك ناوەرۆکی هۆکارە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکان، بنەمای بزاڤی فاشستی پێگدێنی، زیاتر بریتیە لەویست و کارو ئارەزووی رابەر (دۆشی) لەئیتالیا و پێشەوا (فوهرەر) لەئەلمانیا.

لێرەدا دەکرێ جەخت لەسەر ئەو رەگەزە بنچینەییانە بکرێت. کە هزری فاشیزمی لەسەر بوونیادنراوەو بریتین لە: ناسیۆنالیزمی و ڕەگەز پەرستی هەردوو رێبازی ناسیۆنالیزمیەکی پەرگیرو

ڕەگەزپەرستی ڕێبازی فاشیزمن، بۆیە بەپێی ئەم بنەمایە فاشیزم لەهەوڵی دەست گرتنە بەسەر هەموو وڵات و هەموو ڕەگەزەکانی دیکە.

بەپێی باوترین بۆچوون، دەکرێ ئایدیۆلۆژیای فاشیزمی ناوی (کۆنسەر ڤاتیزمی توندرەو) یان (ڕاست ڕەوی توند)ی لێ بنرێت (١٦) بەلام ئەوی ئاشکرایە. کە فاشیزم هیچ جۆرە لێکچوونێکی لەگەڵ ڕاسترەوی هۆشیارانە (نووسینی هیگل) نییە. فاشیزم تەنانەت لەراسترەوییەکەوە ناوەکەی پێ براوە.

(فتختە - و - نیتشە) وەك دوو فەیلەسوفی دیاری نەوروپی. توندو تیژی و هێزی فاشیانە لەنووسینەکانیاندا هەیە.(١٧)

یەکەمیان بڕوای بەدامەزراندنی بازاڕی نەتەوەیی داخراو هەبوو، کەنازییەکان لەتیۆری سۆسیالستیە

نەتەوەییەکەیاندا پشتیان پێ دەبەست و پێیان وابوو هەر نەتەوەیەك ئابوری سۆسیالستی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە ناکرێ باس لە بازاری جیهانی یان سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال بکرێ.

بەڵام دووەمیان (فردریك نیتشە) فەیلەسوفی ئیرادەی هێزو جوامێری بوو. ڕەخنەی سەختی لەمۆدێرنێتەو نەقلانیەتی خۆر ئاوایی دەگرت، زۆر لە نازییەکان لەژێر کاریگەری ئەودا بوون. بەتایبەتی سەبارەت بەبیرۆکەی سوپەرمان و ڕەتکردنەوەی کولتوری مێینیەیی و پیرۆز ڕاگرتنی ئیرادەو جوامێری.

دەکرێ بنەماگشتیەکانی فاشیزم کەموسولینی لەئینسکلۆپیدیای ئیتالیا لەساڵی ١٩٣٢ ڕایگەیاند. بەم خاڵانە بخرێتە ڕوو: (١٨)

١- ئاشتی هیچ کەلکێکی نیە.



هەواڵنامەی کتێب

٢- دژاتیکردنی بیروباوەڕی سۆسیالستی و هەموو بیروباوەڕێکی چەپ و پێشکەوتنخوازو دژایەتیکردنی دیموکراسیەت و فرەیی .

٣- پێرەوکردنی کۆمەڵگە بۆ سیستمێکی گشتگیری، کە خۆی لەدەوڵەتی (عەسکەرتارییەت) دەنوێنێ.

٤- بڕوای قوڵ بەقارەمانی و پیرۆز راگرتنی رابەر.

٥- سیستمێکی تاك حزبی.

کەوانامەی کتێب

## نەتەوە، ڕەگەز، دەڵەت، لەئایدیۆلۆژیای فاشیزم: (١٩)

دەوڵـەت دەبـێ دەسـەڵات و سـەروەری خـۆی هـەبێ، سـەرەتا بەسـەر تاکەکانـداو دواتـر بەسـەر هـەموو چینەکۆمەڵایەتیەکاندا.

بەبڕوای فاشیزم، دەوڵـەت دەبـێ بـەجۆرێك چەسپاو بـەهێزبێ کـەناکۆکی و ململانێـی کۆمەڵایـەتی لەنێوانـدا نـەهێڵێ، چالاکی هـەموو چـین و توێـژو تاکەکانی کۆمەڵ لەبەرژەوەندی دەوڵەت بێـت. لەبـەر ئەوە سیاسەتی توندو تیژ و ئارامی یاسایی پێویستن، هـەموو لـەژێر سێبەری یاسایەکی سێ لایەنـە دەبـێ بژین کەبریتیە لە (سیستم، ئیرادە، باوەڕهێنان)

ئەم شێوازە لەبـەڕێوەبردن بـەدوو بنـەمای (بڕیـاردان و ملکەچـی بـوون) دەبەستریتەوە. ئـەو بـارە جێگـای ئازادی تاکەکان دەگرێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

لای ئایـــدیۆلۆژیای فاشـــیزم، رابـــردوو مێـــژووی نەتەوایـــەتی بنچـینەی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـــە، بـــەڵام ئایدیۆلۆژیای نازیزم زیاتر بایەخ بەرەگەز دەدات.

دەوڵەتیش دەبێ پاشکۆی نەتەوە بێت، هەروەك چۆن تاك و گروپە کۆمەڵایەتیەکان، دەبێ پاشکۆی دەوڵـەت بن.

مۆسۆلینی دەڵێت: (٢٠)

- ئـیرادەی گـەل ئـامرازی حوکمڕانییـــە، بـــەڵام بەرێگای هێز یاسا دەچەسپێ.
- (لەماوەی داگیرکردنی ئیتالیا بـۆ وڵاتـی ئـەثیوبیا لە(١٩٣٦)لە وتارێکیدا:
- "هاوڕێیان...لەکۆتاییـــــدا ئیتالیـــــا بـــــووە ئیمپراتۆرییەت، لێرەبەدواوە، نازنـاوی ئیمپراتـۆر دەخەمە سەر نازناوی پادشای ئیتالیا...بۆ ئـەوەی پشتاویشت ڕۆڵەکانی بەکاری بهێنن.

هیتلەر دەڵێت: (٢١)

- لەبەر ئەوەی دەوڵەت بۆ ئێمە نموونەو شێوازە، لەو حاڵەتەدا ناوەرۆکی ئەو خەڵك بێ یان میللەت گرینگیەکی بنەڕەتی هەیە، ئاشکرایە کە هەموو شتێ دەبێ لەپێناوی بەرژەوەندییە گرینگەکانی نەتەوەدابن.
- ئەو مەبەستەی کە دەبێ دەوڵەت کۆششی بۆ بکات، پاراستن و مانەوەی نەژادە (رەگەز) و دبێ مەبەستی دەوڵەتی نەلان پاراستنی رەگەزی ئاریایی بێ.
- ئەوەی شارستانیەت نیشانمان دەدات، لەبەرهەمی هونەرو زانست و تەکنیك لەوانیە هەمووی بەرهەمی چالاکی ئاری بێت، ئەم راستیە بواری ئەوەمان دەدات بڵێین بەڕاستی ئارییەکان

لەرابردوودا دامەزرێنەری مرۆڤایەتی سەرکەوتوون.

- ئەگەر مرۆڤایەتی پۆلێن بکەین بۆ سێ پلە: ئەو دەستانەی شارستانیەتیان دۆزییەوە، ئەو دەستەی پاراستی، لەگەڵ ئەو دەستەی ستونەکانی دارمان، ئاریەکان نموونەی یەکەمی دەستەی یەکەمن.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەکانی بەشی دووەم

١- گۆڤـاری (ڕێبـازی نـوێ) ژمـارە ٤١ سـاڵی ٢٠٠٦- یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان – سـلێمانی – بابەتی تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم- نووسین ئـەنتۆنی دی سمیـث – وەرگێڕانـی شـۆرش محمـد – لاپەڕە/١٤٤.

٢- بـوونی نەتـەوەیی کـورد، لـەنێوان فەلسـەفەو سۆسیۆپۆلەتیکدا، هەولێر چاپی/١ – ساڵی ٢٠١١ – د. عرفان مستەفا – لاپەڕە/٩٤.

٣- القومیـة والمذاهب السیاسـیة. د.عبدالکریم احمـد – القـاهرة – الهیئـة المصـریة العامـة للتـألیف والنشر – ١٩٧٠ – ص١٣٤.

٤- لیبرالیزم – چەمك و مێژوو - نووسین – جان سالوین شاپیرۆ – وەرگێڕان. عثمان حسن شاکر



هەواڵنامەی کتێب

– سـالّی/٢٠٠٥ یـەکێتی نشـتمانی کوردسـتان – لاپەرە/١٩.
٥- فەرهەنگی – رامیاری نیگا - ئازاد وەلەدبـەگی – چـاپی/١ – سـالّی/٢٠٠٥ – هـەولێر – وەزارەتـی رۆشنبیری – لاپەڕە/٣٦٢.
٦- لیبرالیـزم – چـەمك و مێـژوو – سەرچـاوەی پێشوو – لاپەرە – ٤٦.
٧- تیـۆری سیاسـی، نووسـینی - ئانـدرۆ هیـورد – وەرگێـڕان – گـۆران صباح – دەزگـای نـاراس - هەولێر – ٢٠٠٧ – لاپەرە – ١٧٢.
٨- گۆڤاری سـەردەم . ژمـارە (٥٧) سـالّی ٢٠٠٨ بابـەتی زانسـتە سیاسـیەکان و ناسـیۆنالیزم – نووسـەر د. لیـنین، وەرگێڕانـی لەفارسـیەوە: ڕێـبین هـەردی، لاپەرە/١٤٦.

٩- ناسیۆنالیزم - ئەکرەمی میهرداد - یەکێتی نیشتمانی کوردستان - ساڵی ٢٠٠٦ - سلێمانی لاپەڕە/١٤٠.

١٠- گۆڤاری ئایدیا واڵا - ژمارە - ٢٩ - ساڵی ٢٠١١ - بابەتی نووسەر / سەلاح بایەزیدی.

١١- مسائل السياسة القومية والاممية البروليتارية - لينين - دارالتقدم موسكو - ١٩٦٩ - ص٢٦-٣٧.

١٢- مجلة قضايا عربية - العدد/٢ - حزيرانی ١٩٧٩ - د. سامی مصطفی ص٢٥٥.

١٣- معجم الشيوعية العلمية - دار التقدم - موسكو١٩٨٥. ص٤٠٠ .

١٤- مێژووی بیروباوەڕی سیاسی - نووسین - سڤین نێریك لیدمان وەرگێر - علاء نوری - دلێر میرزا - ساڵی ٢٠٠٤ - وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر - لاپەڕە/٤١٠.

هەواڵنامەی کتێب

١٥- مێژووی بیروباوەڕی سیاسی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/٤١١.

١٦- مجلة (الهدف٢٠٠٠) العدد/٥٩ – السنة الثانية – ١٩٧٥ – القاهرة.

١٧- گۆڤاری سەردەم – سەرچاوەی پێشوو – بابەتی نووسەر د. شاهۆ سەعید. لاپەرە/١٩٢.

١٨- فەرهەنگی ساسی نێ – زاهیر محمد – یاسین حاجی زادە – سالی ٢٠٠٦ – هەولێر – لاپەرە/٦٢٠.

١٩- مێژووی بیروباوەڕی سیاسی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/٤١٨.

٢٠- بنیتو موسولینی - الحسینی الحسینی المعدي – كنوز للنشر والتوزیع – القاهرة – ٢٠٠٩ ص١٣٩.

هەواڵنامەی کتێب

٢١- خـەباتی مـن – ئـەدۆلف هتلـەر – وەرگێـڕان – سـەلاح نەقشبەندی – چاپی٢ – سـالّی – ٢٠١١ – هەولێر – لاپەڕە-١٧٥.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی سێیەم

# بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەچەند وڵاتێکدا

هەواڵنامەی کتێب

# یەکێتی ئەڵمانیا

وەڵاتی ئەڵمانیا دەکەوێتە ناوەڕاستی کیشوەری ئەوروپا، سنورەکەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەم شێوەی خوارەوەیە:

لەباکورەوە: دەریای (بەلتیق) و دەریای (شەماڵ)

لەباشورەوە: وڵاتانی سویسرا و نەمسا

لەرۆژهەڵاتەوە : وڵاتانی چیك و پۆڵەندا.

لەرۆژئاواوە: وڵاتانی هولەندا، بەلجیکا، لوگسمبۆرگ، فەرەنسا.

رووبەری زەوی ئەڵمانیا: (٣٥٦/٩١٠) کم٢.

ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا: بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٩٥. نزیکەی (٨١.٥٩١.٠٠٠) کەسە.

پایتەختی ئەڵمانیا: شاری بەرلین

سیستمی حوکمڕانی : کۆماری فیدراڵی(١)

# بەسەر کردنەوەیەکی مێژووی ئەڵمانیا

مێژووی گەلی ئەڵمانیا بۆ پێش یەك هەزار ساڵی (پێش زایین) دەگەڕێتەوە، لەو دەوروبەرەدا، هۆزە شەرکەرەکانی لەباکوری ئەوروپاوە بەرەو ئەڵمانیا کۆچیان کردووە، لەسەر خاکەکەی بەکاری راو کشتوکاڵیەوە ژیاون.

ساڵی (٩) زایین، ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی هەوڵی داگیرکردنی ئەڵمانیای داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. لەکۆتایی سەدەی چوارەمی زایین ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا. بۆیە لەسەدەی پێنجەمی زاینیدا هۆزە جەرمانیەکان بەرەو باشور هەڵمەتیان بردو شاری (رۆما)یان داگیر کرد.

ئەڵمانیا ماوەیەکی دوورو درێژ لەمێژوودا. لەسێبەری دەسەڵاتداری رژێمەئیمپراتۆری و پادشایەتیەکاندا

ژیاوە، ئەو رژێمانە لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو وڵاتەدا، بەڵام ئەڵمانیایان تووشی چەندین جەنگ کردووە، زۆرداری و جەور باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشاوە، تاسەردەمی چاکسازی ئایینی، کەپیاوی ئایینی بەناوبانگ (مارتن لوثە ر) هێرشی کردە سەر کاروکردەوەکانی کلیسەی کاثولیکی ساڵی (١٥١٧)ز.

ئەم جولانەوەیە گۆڕانێکی گەورەی لەژیانی دانیشتوانی ئەڵمانیای خولقاند.

مێژووی نوێی ئەڵمانیا لەجەنگی نێوان فەرەنسا و بروسیاوە (١٨٧٠ – ١٨٧١)ز دەست پێ دەکات.(٢)

پێش ئەو مێژووە ئەڵمانیا پێکهاتبوو لە (١٨٠٠) یەکەی سیاسی کەمۆرکی دەرەبەگایەتی بەسەریاندا زاڵبوو. لەو ژمارە زۆرە نزیکەی (٧٧) میرنشینی عەلمانی بوون. لەگەڵ (٥١) شاری ئازادو (٤٥) گوندی

هەواڵنامەی کیز

سەربەخۆو زیاتر لە (٧٥) یەکەی دەرەبەگایەتی کە لەژێردەسەڵاتی سوارەکانی ئیمپراتۆردا بوون.

لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا ژمارەی هەرێمەکان بوونەتە (٣٦٠) هەرێم، هەر بەناو لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی و پادشای جەرمان بوونە، کەلەبنەماڵەی (هابسبروگ)ی نەمساوی بوون.

هەردوو بنەماڵەی (هابسبورگ) لەنەمساو (هۆهنزولون) لەبروسیا، دووبنەماڵەی بەهێز بوون، بەلام لەباشووری ئەلمانیا و لەهەرێمی (باڤاریا) بنەماڵەی (وتیسلباخ) دەسەڵاتیان هەبووە.(٢)

هەموو ئەو میرنشین و شارە ئازادو ناوچە دەرەبەگایەتیانە، لەسێبەری ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی پیرۆز کۆبیوونەوە.

سالی (١٨٠٦) کاتێ ناپلیۆن هێرشی هێنایە سەر ئەلمانیا و داگیری کرد، دووبارە ئەو پێکهاتە سیاسی و

هەواڵنامەی کتێب

کارگێرییەی دابەشکردەوە بەجۆرێك کە ژمارەی یەکە سیاسییەکان نزیکەی (٣٠٠)یەکە دەبوون و کردینی بە (١٠٠)یەکەو لەنێوانیاندا جۆرە سیستمێکی کۆنفیدرالّی دامەزراند کە لەژێرچاودێری خویدا بوون.

## بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئەلمانیاو هزرە سیاسییەکان: (٤)

ئەلمانیا لەماوەی سالآنی (١٨٠٦ – ١٨١٥)ز. بەرەو رووی بەئاگاهاتنەوەو رابوونێکی جەماوەری راستەقینە بۆتەوە، دیارە کاریگەری ئەو دیاردەش، بەزرکردنەوەی ورەو گیانی نیشتمان پەروەری بووە لەشەڕدا دژ بە فەرەنسا، ئەم دیاردەیە پشتگیرییەکی فراوانی هەبووە لەناوجەماوەری ئەلمانیا.

بەرچاووترین کەسایەتی ئەم بزووتنەوەیەش (بارون فون شتاین) بوو، کە بانگەشەی بۆ ریفورم دەکرد.

هەندێ لەمێژوو نووسان بەرابەری یەکەمی دیموکراسیەتی دادەنێن لەئەلمانیا، ئەو هەولێدا کەچینی بورژوازییەت و جوتیاران ببنە بنچینەی دووبارە رێکخستنەوەی کۆمەلگە.

بەشێك لەو کەسانەی توژێنەوەیان دەربارەی ئەم بابەتە هەیە، بیروڕایان وایە کە ئەو بەئاگاهاتنە نەتەوایەتیەی ئەلمانیای گرتەوە لەو سەردەمەدا، مۆرك و سروشتێکی (ئازادیخوازانەی چاکسازی گرتبووە خۆی لەژێر سێبەری ئەو بیروباوەڕو پرەنسیپانەی شۆڕشی فەرەنسا بلاوی کردۆتەوە).

بەلام جۆرە جیاوازییەك بەدی دەکرێ، لەنێوان ئەو بیروباوەڕو هزرەی لەئەلمانیا گەشەی کرد، لەگەل ئەوەی کە شۆڕشی فەرەنسا بلاوی کردۆتەوە.

لەبەرئەوەی بیرمەندەکانی ئەلمانیا، بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگاکەیان زیاتر پشتیان بەستووە بەباری راهاتوو مێژووی ئەلمانیا لەبیرو بۆ چوونەکانیان، نەك وەك شۆرشی فەرەنسا کە مێژووی رابردوویان پشت گوێ خست.

## رۆڵی فیختە لە وروژاندنی هزری ناسیۆنالیزمی ئەلمانیا

ڕەنگە یەك دەنگیەك هەبێ لەسەر ئەوەی کەفەیلەسوفی ئەلمانیا (فتختە)(٥) ( ١٧٦٢ — ١٨١٤)ز، گرینگترین رابەری ناسیونالستی ئەلمانیابێت، کەلەساڵی (١٨١٠) سەرۆکی زانکۆی بەرلین بوو.

ژیانی هزری فیختە دابەش دەکرێتە سەر دوو قۆناغ:

## قۆناغی یەکەم// (٦)

ئەم قۆناغە درێژەی کێشا تاهێرشی لەشکری فەرەنسا بۆ سەر بروسیا لە (١٨٠٦)ز لەم ماوەیەدا بیرو باوەڕەکانی (ڕۆسۆ) کارتێکردنی هەبووە لەسەر فیختە.

هەر لەچوار چێوەی ئەو بیرو باوەڕانەدا، دەوڵەت بۆی نەبووە دەست بخاتە بەردەم چالاكیەکانی تاك. تەنها لەسنووری پاراستنی مافەکانیان نەبێ.

دواتر وردە وردە فیختە گۆران بەسەر بیرو بۆچوونەکانی دەهات، ئەرکی دەوڵەتی لەهەندێ بواردا فراوانترکرد. هەروەها بە بۆچوونی ئەو (مولکداری تاك) دەبێ لەڕێگای دەوڵەتەوە بێتەدی.

لەو کاتانەدا فیختە درکی بەوە کرد کە پەیوەندییەکی توند هەیە لەنێوان ناسیۆنالیزمی و ناوەڕۆکە سیاسی و کۆمەلایەتیەکەی.

**قۆناغی دووەم//**

ئـەم قۆناغـە لـە چـالاكیەهزرییەكانی فیختـە دەس پێدەكات بـە (نامـەكانی بـۆ نەتـەوەی ئـەلمانیا)، ئـەو نامانـە نموونەیـەك بـوون بـۆ بانگەشـەی نەتەوایـەتی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا لەئەوروپا.

هەندێ لەمێژوو نووسان بیرو بۆ چوونیان وابـوو. كـە ئـەو نامانـە (گیـانی گـەلی ئـەلمانیا)ی دەجولانـد، ئـەو نامانــە چــەمكێكی سـنورداری هــەبووە بــۆ بــوارە ناسیۆنالسـتیەكان، جـەخت لەسـەر نەتـەوەو زمـان دەكـات وەك فاكتـەری سـەرەكی لـەپێكهاتنی مـۆركی نەتەوایەتی.

هەولێرنامەی كتێب

## کاریگەری شۆڕشەکانی ١٨٤٨: (٧)

ساڵی ١٨٤٨، دوای ماوەیەکی کەم لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانی پاریس، زۆربەی ناوچەو هەرێمەکانی ئەلمانیا بەرەو ڕووی ڕاپەڕین و جولانەوە جەماوەری بۆتەوە، ئەو هەڵوێستە جەماوەرییە فراوانە دەر برینێك بوو لەبێزاری و نارەزایی توند بەرامبەر دەسەڵات و فەرمانڕەوا و دۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی ئەلمانیا بەگشتی.

ئەو ڕاپەڕینانە لەئەلمانیا، وەك هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپا دوو ڕووی هەبوو:

لەلایەکەوە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بوو، ویست و ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی ئەلمانیای دەردەبڕی بۆیەکگرتنەوەی گەل و خاکی ئەلمانیا، لەلایەکی

دیکەوە ئەو راپەرینانە دوا جەنگی گەورە لیبرالە کلاسیکیەکانی ئەلمانیا بوو، ئەو بیروباوەرەی لەناو چینی ناوەڕاست بڵاوببۆوە.

سەرکردە لیبرالەکان، ئەوانی سەرکردایەتی ئەو راپەڕینانەیان دەکرد لە هەموو هەرێمەکانی ئەلمانیا، داوای یەکێتی گەلی ئەلمانیایان دەکرد، لەڕێگای دەستورێکی دیموکراسیانە کەهەموو لایەك کۆبکاتەوە، هەروەها رێگا بەچینی ناوەڕاست بدات بەشداری دەسەڵات بەڕێوەبردن بکات، ئازادی بۆ هەموو کەسێك دەستە بەربکات.

گرینگترین ئەنجامەکانی ئەو شۆرش و بزاڤە جەماوەریانە، بریتی بوون لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئەلمانیا، ئەم ئەنجوومەنە لە شاری (فرانکفۆرت) کۆبۆوە بۆ دانانی دەستورێکی فیدرالی بۆ هەموو ئەلمانیا.

کاتێ ئەنجوومەنی - فرانکفۆرت - کۆتایی بەکارەکانی هێنا، بڕیاری لەسەر (بەیاننامە)و (دەستور)دا بۆ وڵات، داوایان کرد پادشای بروسیا (فردریکی چوارەم) (١٧٩٥ - ١٨٦١) سەرۆکایەتی دەوڵەتی فیدرالی نوێ بکات، بەڵام ناوبراو ئەو داواکاریەی ڕەتکردەوەو قبولی نەکرد، ئەوەش لەبەر زۆر هۆی ناوخۆیی و دەرەکی.

ئەم بڕیارەی (فردیکی چوارەم)، هەموو هەوڵی لیبرالەکانی بۆ یەکێتی ئەڵمانیا شکست پێ هێنا.

هەر لەئاکامی ئەو دیاردەو دۆخانەی کەبەسەر ئەڵمانیادا هات، هێزی لیبرالیەت ڕووی لەشکستی و پاشەکشەکرد، لەجێگای ئەودا بیروباوەڕی سیاسی و فەلسەفی نوێ جێگای دەگرێتەوە، ئەو بیروباوەرە سیاسییە نوێیانە زیاتر بایەخی بەڕۆڵی دەوڵەت دەدا نەك تاك. دەوڵەت بووە ناوەڕۆکی چالاکی

کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوەش لەسەر دەستی فەیلەسوفی بەناوبانگ (هیگل) (١٧٧٠ – ١٨٣١) دابوو بیروباوەرە سیاسی و فەلسەفیەکانی هێگل چەند رەگەزێکی گرتە خۆی، هەندێکیان ناوەرۆکی هزری لیبرالیان پێکدهێنا. وەك بوونی دەستورو دەسەلاتی یاسا، هەروەها هەندێ پرەنسیپی کۆنە پارێزیش هەلگرتبوو، وەك دابەشکردنی کۆمەلگا بۆ چەند چینێك لەگەڵ رۆلی مولکیەت، هەروەها چەند بنەمایەکی دیکەکە بوونە بنچینەی فەلسەفەی سۆسیالستی لای مارکس.

بەلام دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێت کەبەردی بناغە لەفەلسەفەی سیاسی (هیگل) بریتی بوو لەچەمکی (کۆمەلی مەدەنی) کەرۆلێکی ناوەراست دەگێری لەنێوان دەولەت و تاك.

## رۆڵی گرینگی بسمارك لەیەكێتی ئەڵمانیا:

بسمارك (١٨١٥ – ١٨٩٨)ز، سیاسەتمەدارێكی گەورەی ئەڵمانیا بوو، لەهەرێمی بروسیا ژیاوە، دایكی لەبنەماڵەیەكی ئەرستوكراتی بووە، لەبەر ئەوە دەرگای خوێندنی لەبەردەم ئاسان بوو، ئەمەش كاریگەری هەبووە لەسەر ژیان و هەڵس و كەوت و كەسایەتی بسمارك بەدرێژایی تەمەنی.

ناوبراو كاراترین كەسایەتی بووە لە پێناو یەكێتی ئەڵمانیا. ساڵی (١٨٧١)بۆتە سەرۆكی وەزیران تاساڵی (١٨٩٠)، گرینگترین دەسكەوتەكانی بەدیهێنانی هاوپەیمانیەتی ناوخۆو دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ئاڵمانی بووە.

لەسەر ئاستی دەرەوە، گەورەترین دەسكەوتی بریتی بووە لەدابین كردنی پێگەیەكی گەورە بۆ بروسیاو دواتر بۆ ئەڵمانیا، ئەوەش دوای زنجیرە جەنگێكی

سەرکەوتوو، دژ بەدانیمارك لە ١٨٦٤، هەروەها دژ بە نەمسا لە ١٨٦٦ و دژ بەفەرەنسا لەنێوان سالآنی (١٨٧٠ – ١٨٧١). (٨)

بسمارك بەرنامەیەکی کاری هەبووە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، ئەو لەوبارەوە، دەڵێت (کێشە گەورەکان بەدەنگدانی زۆرینەو وتار خوێندنەوە یەکلانابێتەوە، بەلکو بەئاسن و بەخوێن یەکلا دەبێتەوە). (٩)

**قۆناغەکانی جێ بەجێکردنی یەکێتی ئەلمانیا:**

١- **قۆناغی یەکەم:** جەنگی بروسیاو نەمسا دژ بەدانیمارك. (١٠)

لەپاش کۆچی دوایی (فریدریکی حەوتەم)، پادشای دانیمارك لە سالی (١٨٦٣)ز. ئال و گۆڕێك لەپەیوەندییە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکان روویدا.

دانیمــارك بــەپێی بەنــدەكانی كــۆنگرەی ڤییــەنا دەسەڵای بەسەر سێ هەرێمدا دەشكایەوە، كـە بریتـی بوون لە :

أ) وڵاتی دانیماك :

ب) بەشی باشور لە (چیتلند) كەدۆقیەی (هۆڵشتین) دەگرێتەوە. (باكوری ئێستای ئەڵمانیا)

ج) دۆقیەی (شلزویگ) كەدەكەوێتە نێوان دانیمارك و هۆلشتین.

٦ بروسیا بەپێی سیاسەتی (بسمارك) لەهەوڵی ئەوەدا بوو پەیوەندییەكانی ئاسایی بكاتەوە لەگەڵ ئەمسا. بۆ ئەوەی بتوانی پشتگیری دەرەكی هەبێ لەكاتی هەر روو داوێك.

ئــەڵمانیا داوای لەهــەردوو دۆقیــەی (هۆڵشــتین و شلزویگ) كـرد كـە لـەدانیمارك جیاببنـەوەو خۆیـان بەبروســیا ببەســتنەوە، هــەروەها بســمارك داوای

لەنەمسا کرد کە پشتگیری هەوڵەکانی بروسیا بکات بۆ ئەوەی ئەو دوو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی دانیمارك دەرچێ و بگەڕێتەوە سەر بروسیا.

هەر بۆیە لەئاکامی چەند روو داو گۆڕانکارییەکی سیاسی، لەمانگی کانوونی دووەم، ١٨٦٤ لەشکری هەردوو دەوڵەتی بروسیاو نەمسا، هێرشیان کردە سەر دانیمارك، لەبەرامبەردا بێ توانایی دانیمارك، ناچاری کرد کەملکەچی داواکاریەکانی بروسیا بێت، بۆیە دەسەڵاتی لەسەر هەردوو دۆقیەکە هەلگرت، هەرێمی (شلزۆیگ) خرایە سەر بروسیا، بەلام هەرێمی (هۆلشتین) درایە نەمسا لەبەرامبەر هاوکاری کردنی بۆ بروسیا.

٢- **قۆناغی دووەم:** جەنگی بروسیا دژ بەنەمسا. (١١)

بسمارك سوور بو لەسەر ئەوەی هەردوو دۆقیەی (شلزویگ و هۆڵشتین) بگەڕێنێتەوە سەرخاکی

ئەڵمانیا، هەر چەندە لەجەنگیدا دژ بە دانیمارك سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام سەرکەوتنێکی تەواو نەبوو، بەڵکو نەمسا ڕێگر بوو لەبەردەمی.

بۆیە هەر زوو دەستی کرد بەخۆئامادەکردن بۆ جەنگی نەمسا، لەهەردوو بواری سەربازی و سیاسییەوە.

لەڕووی سەربازییەوە بسمارك ترسی نەبوو، سەرکردایەتی هێزی چەکداری خۆی ئامادە دەکرد بەڕێکو پێکی بۆ ئەوەی سوپای بروسیا ببێتە بەهێزترین سوپا.

بسمارك زیاتر گرینگی بەلایەنی پەیوەندییە سیاسییە دەرەکیەکان دەدا، بەتایەبتی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە.

بۆیە هەوڵیدا کە فەرەنسا بێلایەن بکات و ئیتالیاش بکاتە هاوکارێ خۆی بۆ جەنگ دژ بەنەمسا.

هەواڵنامەی کتێب

لەمانگی کانوونی دووەمی ١٨٦٦، بسمارك وڵاتی نەمسای بەوە تاوانبار کرد کە لەبەندەکانی ڕێکەوتنی (گشتاین)(*) لایداوە، بۆیە لەشکرەکەی هێرشی کردە سەر دۆقیەی (هۆلشتین) و داگیری کرد.

ئەم کارە بوو بەهۆی بەرپا بوونی جەنگ لەنێوان هەر دوو لا لە ١٥/حوزەیران/١٨٦٦، ئەم جەنگە کە تەنها (٧) هەفتەی خایاند، کۆتایی هات بە تێشکانی نەمسا.

بۆیە نەمسا ناچار بوو دەست لەدۆقیەی (هۆلشتین) هەڵبگرێت و بخرێتە سەرخاکی بروسیا. لەگەڵ چەند هەرێم و ناوچەیەك وەك: (هانۆڤەر - هس - فرانکفۆرت) کەبوونە بەشێك لەخاکی بروسیا.

لەلایەکی دیکەوە هەرێمەکانی باکور، یەکێتیەك لەنێوانیاندا پێکهات و لەلایەن پادشای بروسیا سەرپەرشتی دەکرا.

بەلام هەرێمەکانی باشوری ئەلمانیا وەك: (بادن، بافاریا، نورتمبرگ) ئەو ناوچانە لەدەرەوەی ئەو یەکێتیە مانەوە، هەر چەندە پەیوەست بوون بەپەیمانێك کە هێزەکانیان لەژێر دەسەلاتی پادشای بروسیا بێت.

٣- قۆناغی سێیەم: جەنگی بروسیا دژ بەفەرەنسا.

بسمارك بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو کەوڵاتەکەی ئامادەی جەنگ بێت دژ بە فەرەنسا، بەبۆچوونی خۆی دەوڵەتی فەرەنسا تەنها رێگر بووە لە بەردەم تەواو کردنی یەکێتی خاکی ئەلمانیا.

لەلایەکی دیکەوە، لە فەرەنسا تووڕە بوون و نارەزاییەکی گەورە سەری هەڵدابوو بەرامبەر

بەسیاسیەتی (ناپلیونی سێیەم)، بەهۆی سەر نەکەوتنی لەوەی کەهەرێمی (ماینز) بخاتەوە سەر خاکی فەرەنسا، هەروەها سەرنەکەوتنەکانی فەرەنسا لە (لۆگسبۆرك) بەهۆی رێگری بسمارك.

هەوڵ و پلانەکانی بسمارك بۆ ئەوە بوو کە کێشەو بیانوو دروست بکات و فەرەنسا ناچار بێت بڕیاری جەنگ لەدژی ئەلمانیا ڕابگەیەنێت، ئەو سیاسەتەش دوو هۆی هەبوو، بسمارك ترسی لەوە هەبوو کەنەمسا لەماوەیەکی نزیك بتوانی خۆی بەهێز بکاتەوەو ببێتە هاوکاری فەرەنسا بۆ تۆڵەسەندنەوە لەشکستەکانی رابردووی. هەروەها لەهەمانکاتدا بۆ ئەوەی بسمارك هاوکاری هەرێمەکانی باشوری ئەلمانیا بەدەست بێنێ.

سیاسەتی بدرەکی بسمارك، ئامانجی ئەوە بوو، کەفەرەنسا هیچ هاوکارییەکی دەرەکی پەیدانەکات. ئەگەر جەنگ لەنێوان هەردوولایان هەلگیرسا.

لەو ماوەیەدا هەلێکی باش هاتە پێشەوە، ئەوەش جێگری شوێنی پادشابوو لەولاتی ئەسپانیا. چونکە بەبرپیارێکی ناپلیۆنی سێیەم، شاژن (ئیزابیلا) سالی (١٨٦٦)، لەپێگەی پادشایەتی ئەسپانیا. دوور خرایەوە، ئەم کێشەیەش بێنەوبەرەی زۆری لەسەر دروست بوو. لەئەنجامدا بووە هۆی هەلگیرساندنی جەنگ لەنێوان فەرەنسا و ئەلمانیا. لەبارودۆخێکدا کەفەرەنسا هیچ خۆ ئامادەکردنێکی نەبوو بۆ جەنگ. بەپێچەوانەی ئەلمانیا.

لەرۆژی ١٤/تەمووز/١٨٧٠ جەنگ لەنێوان هەردوولا هەلگیرسا. ئەوجەنگە نزیکەی (٦) هەفتەی خایاند. کەلەو ماوەیەدا سوپای فەرەنسا تووشی تێکشکانێکی

گەورە هات و لەشەڕی (سیدان) لە ٢/ئەیلول/١٨٧٠ ناپلیۆنی سەرکردە لەگەڵ هێزێکی گەورەی فەرەنسا خۆی دایە دەست هێزەکانی ئەڵمانیا.

سوپای ئەڵمانیا گەیشتە پایتەختی فەرەنسا، هەر لەکۆشکی پادشایەتی لەشاری پاریس (ڤارسای) چەند بڕیارێکی قورس بەسەر فەرەنسا سەپێندرا، هەروەها لەو کۆشکە تاجی پادشایەتی خرایە سەر ئیمپراتۆری بروسیا لە ١٨/کانوونی دووەم/١٨٧١و بووبە ئیمپراتۆری هەموو ئەڵمانیا.

# یەکگرتنی ئیتالیا

وڵاتی ئیتالیا دەکەوێتە باشوری کێشوەری ئەوروپا، سنورەکەی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- لەباکوورەوە: وڵاتانی سویسراو نەمسا.

٢- لەباشورەوە: دەریای ناوەڕاست

٣- لەرۆژهەڵاتەوە: سلۆڤینیا

٤- لەرۆژئاواوە: فەرەنسا

رووبەری خاکی ئیتالیا (٣٠١.٢٧٧)کم٢.

ژمارەی دانشتوانی لەساڵی ١٩٩٦. نزیکەی (٥٨.١٦٧.٠٠٠) کەسە.

پایتەختەکەی شاری (رۆما)یە.

سیستمی حوکرانی لەئیتالیا، کۆماری (١٢)

## ئیتالیا لەمێژوودا.

مێژووی ئیتالیا لەسەدەی یازدەی پێش زاین بەدواوەو بۆماوەی نزیکەی پێنج سەدە بەدوایەکدا، مێژووی (تروسکان) یەکان و رۆمای کۆن بووە، لەسەدی یازدە (پ.ز) بەدواوە، شاردکان لەم وڵاتەدا بەخێراییەکی سەرنج ڕاکێش گەشەیان دەکردو بوونەتە ناوەندی ژیانی سیاسی و هەندێکیان بوونەتە خاوەن سامانێکی زۆرو هەریەکەیان سیاسەتی دەرەکی تایبەت بەخۆی هەبووە.

ژیان لەو (دەولەت – شار)انە، بەشداریان لەسەردەمی رابوون کردووە، هەروەها پشتگیری تاقیکردنەوە هونەرییەکان و هاندانی پێشکەوتنی زانستی و فیکریان داوە لەبواری ئاداب و زانست و کەلەپوری یۆنانی و رۆمانی.

ئـــەم وڵاتـــە ماوەیـــەكی دوورو دریـــژ ناوچـــە پچڕەپچـــڕەكانی لـــەژێر دەســـەڵاتی دەوڵـــەتی بیزەنتەبووە، پێشتر ئیتالیا(١٣) بۆ ماوەی نیـوان (٤٩٣ – ٥٣٦) زاینی لەژێر دەسەڵاتی هۆزەكانی (قوتی) ڕۆژ هەڵات بوونە بەسەركردایەتی ثیودریك.

دوای مردنـی ئیمپراتـۆر (جسـتنیان) بەسـێ سـاڵ، دەسـەڵاتی بیزەنتـە بەسـەرباكوری ئیتالیـا كۆتـایی پێهات، ئـەو ناوچانە كەوتـە بـەر هێرشـی هۆزەكـانی (لومبارد) كەدەسەڵاتیان درێژەی كێشا لـەنێوان (٥٦٨-٧٧٦)ز.

دواتـــر هۆزەكـــانی (نورمـــان) دەســـەڵاتیان بەســـەر زۆربەی ناوچـەو شارەكانی ئیتالیا سـەپاندو درێـژەی كێشا تا ساڵی (١٠٨٥)ز.

بەم جۆرە لەو وڵاتەی کە ئێستا پێی دەوترێت ئیتالیا، تەنها دەوڵەتی شار و ناوچەی دەرەبەگەکان و دوقیەو دەسەڵاتی پاپابووە.
ئیتالیا لەڕووی رۆشنبیرییەوە بەشی رۆژ هەڵات و باشووری لەژێر کاریگەری کولتوری بیزەنتی بوو، لەناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتە کەلەپووری رومانی لەهونەرو زمان و ئەدەب سەری هەڵداو گەشەی کردبوو.
دەسەڵات لەزۆربەی (دەوڵەتی - شار) کەمایەتیەکی خاوەن سامان لەبازرگانەکان بەڕێوەیان دەبرد، بەڵام بەزۆری کەسایەتیەکی دەسەڵات دار وەك فەرمانڕەوایەکی رەها کاروبارەکانی بەدەستەوەگرتبوو.

ئـەم وڵاتـە ماوەمـاوە تووشـی کارەسـات و ڕووبـەڕووی کێشـەی دژوار دەهـات وەك لافـاو، برسـێتی و گرانـی، نەخۆشی، جەنگی درێژ خایەن.

کویلەیەتی هەرمابوو بەڵام لەسـنورێکی تەسـك، ژیـان بۆبەشێك تەنها ژیان بەسەر بـردن بـوو، هەنـدێکیش زۆر دەوڵەمەنـد و بەخۆشی دەژیان.

هەواڵنامەی کتێب

## دۆخی سیاسی لەئیتالیا پێش یەکگرتنەوەی : (١٤)

ئیتالیا لـەکۆتایی سـەدەی هـەژدەدا تـەنها نـاوێکی جوگرافی بووە، ئەو وڵاتە دێرینە لەمێژوودا، دابـەش ببـوو بەسـەر چـەندین ناوچـەو هـەرێم و دۆقیـەو میرنشـــین و دەرەبەگایـــەتی و ویلایەتـــەکانی ژێردەسەڵاتی پاپا.

ئـەو هـەرێم و ناوچـە جـۆراو جۆرانـە، رووبـەریان جیاواز بوو، هەنـدێکیان مۆرکی سیاسیان پێوە دیار بوو هەندێکیش ئایینی.

بـۆ نموونـە. وڵاتـی (نـاپۆلی) رووبـەرێکی گـەورەی هـەبووەو بگـرە نیـوەی باشـوری ئیتالیـاو دورەگـەی (سـقلیە)ی گرتبـووەوە. هـەروەها میرنشـینی (بیرمونت) یان (سەردینیا) کەدەکەوێتە سەرچیاکانی ئـەلب. ئـەم شـوێنە جواگرافیـە و سروشـتەکەی.

هەواڵنامەی کتێب

پێگەیەکی گرینگی پێ بەخشیوە لەو ململانێیانەی ڕوویداوە لەئیتالیا، ئەگەر ناوخۆیی بن یان دەرەکی.

ئیتالیا بەپێی پەیمانی (ڤییەنا)* ساڵی ١٨١٥ز، دابەشکرابوو لەنێوان نەمسا، دەوڵەتی پاپا، ناپۆلی، سەردینیا، لەگەڵ چوار دوقیە.

لەباکوورەوە میرنشینی (سەردینیا) وڵاتێکی بچووک بوو لەسەر چیاکانی ئەلب، بێ دەرامەت و هەژارو دواکەوتوو، ئەم میرنشینە لەلایەن (ڤیکتۆر عەمانوییل)ی دووەم حوکمڕانی دەکرا، کەلە خانەوادەی سافوای بوو، پایتەختی ئەم میرنشینە شاری (تۆرینۆ) بوو. لەباکوری ڕۆژ هەڵاتەوە، هەردوو ولایەتی (لۆمباردیاو بوندوقیە) هەبوون، کەدوو ناوچەی بەپیت و دەوڵەمەند بوون، لەژێر دەسەڵاتی نەمسادا بوون.

لەناوەڕاستی ئیتالیا دەوڵەتی پاپای پیرۆز هەبوو، کەبەهۆی سۆزی ئایین پەرومرە کاسۆلیکەکان بەڕێوە دەچوو، ئەرکی پاریزکاریکردنی لەئەستۆی فەرەنسادابوو.

چەند فەرمانرەوایەکی دیکەی بچووك هەبوو، لەئاکامی بڕیارەکانی کۆنگرەی (ڤییەنا) دروست ببوون و لەژێر سێبەری دەسەلاتی نەمسادا بوون، وەك میرنشینی (بارما – مودینا – تۆسکانیا).

لەخوارووی ئیتالیا میرنشینی (سقلیە) هەبوو. کە بەشی خوارووی ئیتالیا و دورگەی (سقلیە)ی دەگرتەوە، فەرمانڕەوای ئەم میرنشینە لەخانەوادەی (بۆربۆن) بوو، پایتەختەکەی شاری ناپۆلی بوو. رەفتاری کار بەدەستەکانی ئەم میرنشینە ستەم و زۆرداری پێوە دیار بوو.

لەناو ئەو هەموو دۆخە نالەبارە. تەنها (سەردینیا) دەسەڵاتێکی دەستووری دیموکراسی پیادە دەکرد و ببوە جێی ئومێدی نیشتمان پەروەرانی ئیتالیا. (١٥)

سەرەرای ئەو بارو دۆخانەی باسکران، ئەوی زیاتر کۆمەلانی خەلکی ئیتالیای بێ ئومێدو هەراسان کردبوو، باری ژیان و گوزەرانیان بوو کەباج و سەرانەی قورس بەسەریاندا سەپێنرا بوو، رێگرتن لەهەربیرو رادەربرینێك، ئازادییەك، هەر جۆرەکەبوونەوەیەك، خەلکی ئەو ناوچەو هەرێمانە بەهۆی رێگرتن لە بەردەم هەر چالاکیەکی ئاسایی و ئاشتیانە لەلایەن فەرمانرەواو رژێمەکانەوە، بۆ بەدەست هێنانی ماف و داواکارییەکانیان، ئەوا پەنایان دەبردە بەر کاری نهێنی و شۆرشگێرانە، لەم بوارەدا چەندین رێکخراوی نهێنی پێکهاتووە لە ژێر ناوی جیاوازو لەناوچەی جۆراوجۆر.

بەناوبانگترینیان: کۆمەڵەی - راجی - لەبولونا کۆمەڵەی – شینتری – لەمانتوا، کۆمەڵەی کاربوناری، (کرێکارانی خەڵوز) لەناپۆلی کە لەهەموویان گرینگترە، ئەم کۆمەڵەیە گرینگترین کۆمەڵە بووە کەلەساڵی (١٨٠٧) دامەزراوە.

ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەبوژاندنەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئیتالی هەبوو:

١- رۆلی ئەدەبی ئیتالی: (١٦)

بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی کۆنی ئیتالی رۆلێکی گەورەی گێڕاوە لەزیندوو کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لای ئیتالیایەکان، هەروەها هاندەرێك بووە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی لەڕووی هزرییەوە.

هەردوو نووسەری لێهاتوو (دانتی ١٢٦٥ – ١٣٢١) (بتراوخ ١٣٠٤ – ١٣٧٤) بەکۆڵەکەی ئەو ئەدەبە

دادەنرێن، کایگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی ئیتالیا جێ هێشتووە هەندێ لەمێژوو نووسان جەخت لەسەر ئەو دەکەن کەسەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی ئیتالیا لەسەدەی نۆزدەداو لە ناویاندا (ماتزینی)، نووسینەکانی دانتی کارتێکردنی گەورەی بەسەریاندا هەبووە.

لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە. شەپۆلێك لەهەستی نیشتمان پەروەری لەناوچین و توێژی رۆشنبیرانی ئیتالیا بڵاوبۆتەوە. بەهۆی نووسینیەکانی (فیتوریوالفیری) و شاعیر (ئەرجو فوسکولو)وە. هەروەك دەردەکەوێ.

هەروەها لەهەمان سەردەمی سەرەوە. کۆمەڵە رۆشنبیرێکی ئیتالی، یەکەم رۆژنامەیان دەرکرد بۆ ورژاندنی هزرو پێکهێنانی پیشەنگێکی نیشتمانی.

## ٢- شۆڕشی فەرەنساو کاریگەری لەبزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئیتالیا:

شۆڕشی فەرەنسا کاریگەری گەورەی لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا بەجێ هێشتووە، بەڵام کارتێکردنی لەسەر بارودۆخی سیاسی و بزاڤی ناسیۆنالستی زۆرتر بووە.

ئەو شۆڕشە گۆڕانێکی لەژیانی سیاسی کۆندا پەیدا کرد و بنچینەکۆنەکانی هەڵتەکاندو دۆخێکی هێنایەکایەوە کە نەتەوەی ئیتالیای تیادا دروست بێت.

هەر بەهۆی شۆڕشی فەرەنسا. رۆشنبیرانی ئیتالیا لەسەر ڕێبازی، (ئەقلانیەتێکی جیهانی بەرەو ناسیۆنالستیەکی لیبرالی) هەنگاویان نا.

هۆکاری ئەو کارتێکردنە قوڵە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئیتالیاییەکان بە درێژایی سەدەی پێشووتر بیرو هزری فەرەنسیەکانیان بەکار دەهێنا، تەوژمی شۆڕش

فەرەنسا بەرووداوو هزرەوە، نموونەیەکی بەرجەستەکرد بۆ ئاواتەکانیان و هاندانیان لەپێناو چاکسازی و ئازادی بۆ ئیتالیای نوێ.

هەر بەبەرپابوونی شۆرشی فەرەنسا، داواکاریەکان لەئیتالیا بەرز بوونەوە دەربارەی دەستور لەزۆربەی ناوچەکان، هەروەها داواکان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکان.

هەست و سۆزە نەتەوایەتیەکان دەستی بەدروست بوون کرد لە چوارچێوەی نیشتمان پەروەریەکی نوێ. کە ناوەرۆکێکی سیاسی و کۆمەلایەتی هەبێ. تارادەیەکی گەورەش نموونەی فەرەنسا یان لەبەر چاو بووە.

کاتێ ناپلیۆن ئیتالیای داگیرکرد لەسالانی (١٧٩٦) خەلکی ئیتالیا وەك قارەمان و رزگار کەر تەماشای ناپلیونیان دەکرد.

ئەو وڵاتی ئیتالیای لەژێردەسەڵاتی نەمسا دەرهێنا، سەر لە نوێ یەکە سیاسییەکانی دامەزراندەوە، لەباکوری ئیتالیا (میرنشینی ئیتالیا) پێکهات، هەولیدا سیستم و یاسا نوێیەکان لە حوکمڕانی و کاروباری رۆژانە پیادەبکرێت، سیستمی دەرەبەگایەتی نەهێشت.

هەموو ئەو کارانە بوونە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی لای خەلکی ئیتالیا، لەگەڵ توند بوونی داواکاریەکان بۆ یەکگرتن.

٢- کارتێکردنی هزرەسیاسییەکان:

بەشێک لەمێژوو نووسان، بڕاڤی هەستانەوەو رابوون لەئیتالیا، کەلەکۆتایی سەدەی هەژدەدا بلاوبۆتەوە. بەگرینگترین هۆکار دادەنێن بۆ دروست بوونی یەکگرتووی سیاسی لەو وڵاتەدا.

هەواڵنامەی کتێب

هەندێکی دیکەیان بەخاڵی دەست پێکردنی دادەنێت لای ڕەوتە سیاسییە تازەکانی ئیتالیا.

هەر لەرێگای بڵاوکراوەو چاپەمەنیە ئەدەبیەکانەوە، بانگەواز بۆ ئەو بیروباوەڕە سیاسییە نۆییانە کراوە، بەو هۆیەوەش زۆر لە نووسەران تووشی ستەم و جەوری توند بوونەتەوە لەلایەن حکومەت و فەرمانڕەواکانەوە.

هەر لەمیانەی ئەو بیروباوەڕە سیاسێیانە سێ ڕەوتی سەرەکی جیاواز لەنێوان خۆیاندا تارادەیەکی گەورە دەرکەوتن. بەڵام هەموویان ڕەگەزە لیبرالیە بنچینەییەکانیان پێوە دیاربوو، ئەو سێ ڕەوتەش:

ا- میانڕەوەکان:

ئەوانە بانگەوازیان بۆ یەکگرتنی ئیتالیا دەکرد، لەچوارچێوەی سیستمێکی فیدرالی و بەسەرۆکایەتی پاپا، لەسەرۆکەکانی ئەم ڕەوتە (فنسنزوجیوبوتی)

سەرکردەی حیزبی پاپای نوێ، ئەو دەیویست پاپا ببێتە سەرکردەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەئیتالیا.

ب- کۆماریەکان:

لەلایەن (ماتزینی) و بزووتنەوەی ئیتالیای لاو رابەرایەتی دەکرا، ئەم بزووتنەوەیە لەسەردەستی ماتزینی دامەزرا لەساڵی (١٨٣١)ز، بەرنامەیەکی نەتەوایەتی دیموکراسی بۆ دانابوو، بیرۆکەی (کۆماری)لە چەقی بەرنامەکەیدا بوو.

ج- پادشایەتی دەستووری

ئەم ئاراستەیەش ئامانجی بەدیهێنانی یەکگرتنی ئیتالیا بوو، لەدەوڵەتێکی پادشایەتی دەستووری و لەژێر سێبەری پادشای (بیدمونت).

ئەم ئاراستەیە ساڵی (١٨٤٧) پێکهات لەلایەن کۆمەڵە سیاسییەك کەهەڵگری بیروباوەڕی لیبرالی بوون بەسەرکردایەتی کافور، هەروەها رۆژنامەیەکیان دەردەکرد لەژێر ناوی (ژیانەوە) (Risorgimento).

٤- شۆرشەکانی (١٨٤٨) و کاریگەری لەسەر بزافی ناسیونالستی لەنیتالیا: شۆرشەکانی (١٨٤٨) لەئیتالیا، لەشاری (ناپۆلی)یەوە دەستی پێکرد، هەر لەوێوە بۆ ناوچەکانی دیکەی نیتالیا بلاوەکرد، و گەیشتە ولاتانی دیکەی ئەوروپا.

لەراستیدا ئەو شۆرشانە، وەك راپەرینێکی جەماوەری. بەرابەرایەتی (چینی ناوەراست) دەستی پێکرد، بۆ بەدیهێنانی چەند داواکارییەکی سیاسی لیبرالی، وەك: دەستورو پەرلەمانی هەلبژێردراوو دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی تاك، هەروەها ئەو

شۆرشانە رەوتێکی بەهێزی تیادا بوو، کەداوای یەکگرتنی هەموو ئیتالیای دەکرد.

ئەو بزووتنەوە جەماوەریانە ئەگەر چی لەسەرەتادا توانیان هەندێ سەرکەوتن بەدەست بێنن و رۆما رزگار بکەن و سیستمی کۆماری رابگەیەنێت، بەلام لەبەر چەندین هۆی ناوخۆیی و دەرەکی تووشی شکست هات.

ئاکامەکانی ئەو بزووتنەوەو راپەڕینە جەماوەریانە بەوە گەیشت، کە زۆربەی سەرکردە سیاسییەکان لەپشتی پادشای بیدمونت کۆببنەوەو رازی بن بەبیروباوەڕی لیبرالی و سیستمی پادشایەتی دەستووری، کەکافور نوێنەرایەتی دەکرد.

هەولێرنامەی کتێب

## ڕۆڵی بیدمۆنت لەبزاڤی یەکگرتنی ئیتالیا: (١٧)

(بیـــدمۆنت) وەك میرنشـــینێکی ســـەربەخۆ، چـــەند ناوچـــەیەکی لەژێردەســـەڵاتدا بـــوو، وەك دورگـــەی (سەردینا) و (جەنەوە) و (سافۆی) سەرەرای هـەرێمی بیدمۆنت، کەدەکەوێتـە سەرچیای ئـەلب و شـارەکانی بچووك بوون، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٥) ملیۆن کـەس دەبـوو، جیاواز بـوون لەئاسـتی رۆشـنبیری و کۆمەڵایەتیـــەوە لەگـــەڵ بەشـــەکانی تـــری ئیتالیـــا، وڵاتێکـی کـەم دەرامـەت و هـەژار بـوو، تارادەیـەك مـۆرکی دواکـەوتویی و رۆشـنبیری و سیاسـییان پێـوە دیـــاربوو، بەپێچـــەوانەی ناوچـــەی (بوندوقیـــە) کەلـەرووی فیکرییـەوە تونـدرەو بـوون و سیسـتمی کۆماریان لاپەسند بوو.

(سـافۆی) پێگـەی بنەماڵـەی پاشـایەتی و زمـانی فەرەنسی بوو، سیستمی دەرەبەگایـەتی تیـادا زالبـووە، پیاواتی ئاینی لەو ناوچەیەدا دەسەلاتداربوون.

ولاتی (بیدمونت) جێگای ئومێدی ئیتالیەکان بوو بـۆ ئـەوەی رابەرایـەتیان بکـات. بـەلام ئـەم ولاتـە لـەدوو جەنگـدا، سـالانی (١٨٤٨ و ١٨٤٩)ز، تووشـی شکسـتی هـاتبوو، شـا (شـارل) وازی لەدەسـەلات هێنـابوو بـۆ کوڕەکـەی (ڤیکتـور) کەپالپشـتی بـوونی دەسـتووری دەکردو سیستمی پەرلەمانی لەولاتەکەی هێشتەوە.

(ڤیکتور) بڕیاریدا (کافور) بکات بەسـەرۆك وەزیـران بـۆ ولاتەکـەی، کـافور بەچـەند کـارێکی گـرنیگ هەستا:(١٨)

١- لەسـەر ئاستی ناوخۆ، بڕیاریدا ولاتەکەی ببێتـە خـاوەن سوپایەکی بەهێزی نوێ، کەلە توانایدا بێـت سیاسـەتی نەتەوایەتیەکەی جێ بەجێ بکات.

٢- لەبواری ئابوریدا، بەشداری کرد لەدامەزراندنی چەندین بانك و کۆمپانیای پیشەسازی و بازرگانی.

٣- تۆرێکی هاتوو چۆی پیشکەوتووی بۆ وڵات دروستکرد، کە لەگەڵ بارودۆخی وڵات، بۆکاتەکانی ئاشتی و جەنگ بگونجێ.

٤- لەبواری سیاسەتی دەرەوە، ئەرکەکانی (کافور) قورس بوون، ئەو دڵنیا بوو لەوەی کەهەموو گەلی ئیتالیا هەست بەنیازەکانی ئەوروپادەکەن، بەوەی کە دژی یەکگرتنی ئیتالیان، بۆیە دەبێ بەسەر ئەو نیازانە زاڵ بێت.

٥- کافور لێکدانەوەی بۆ هەڵوێستی دەوڵەتە زلهێزەکان ورد بوو. تێگەیشتنی بۆ هەڵوێستی هەریەکەیان هەبوو، بەتایبەتی بۆ: (ئینگلتەرا، فەرەنسا، نەمسا، روسیا) تاچەند دەتوانێ سوود لە ململانێیەکانی نێوانیان وەربگرێ، بۆ بەرژەوەندی ئیتالیا.

## کۆبوونەوەی پلۆمبیر: (١٩)

ئەم کۆبوونەوەیە گرینگیەکی تایبەتی هەیە، لەنێوان ناپلیۆنی سێیەم و کافور بەسترا بەشێوەیەکی نهێنی لە ٢١/حوزەیران/١٨٥٨، لەشاری پلۆمبیر، لەو کۆبوونەوەیە لەسەر ئەم خاڵانە رێککەوتن:

١- سنووری وڵاتی سەردینیا (بیدمونت) فراوان بکرێت لەباکوردوە، بە جۆرێك کە (لۆمباردیا) و (بوندوقیە) بگرێتە خۆی، واتا لەسنوری چیاکانی ئەلبەود تا دەریای (ئەدریارتیکی).

٢- لەناوەڕاستی ئیتالیا یەکێتیەك لەنێوان میرنیشین و ویلایەتەکانی (مودینیا وتۆسکانیا) دروست بکرێت، بەڵام رۆماو دەوروبەری بۆ پاپا بمێنێتەوە.

٣- لەباشووردوە هەردوو هەرێمی (سقلیە) وەك خۆی بمێنێتەوە.

٤- لەنێوان ئەو ویلایەت و میرنشینانە یەکێتیەك دروست بێت، ئەگەر هەر بەناویش بێت.

٥- لەبەرامبەر هاوکاری فەرەنسا بۆ بیدمونت، هەردوو ناوچەی (نیس و سافوای) وەربگرێت.

٦- کچی پادشای (بیدمونت) شوو بکات بەکوری ناپلیون، بۆ پتەکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و کۆمەڵایەتی.

لەئاست ئەم رێککەوتنە نهێنییە فەرەنسا بەڵێنی دا کەهێزێکی سەربازی گەورە ئامادە بکات بۆ هاوکاری بیدمونت. لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگ لەگەڵ نەمسا، بەڵام بەمەرجێك کەنەمسا دەست پێشخەر بێت لە هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە.

## شەڕەکانی رزگار کردنی ئیتالیا: (٢٠)

کافوری (سەرۆك وەزیران) ئەم دەرفەتەی لەدەست نەدا، بۆیە لەناوچە سنووریەکان لەگەڵ نەمسا کەوتە دروست کردنی کێشەو ئاژاوە بۆ وروژاندنی نەمسا، سەرەرای ئەوەی بەردەوام خەریکی ئامادەکردن و بەهێز کردنی لەشکرەکەی بوو، بۆیە نەمسا ئەم بارەی پێ قبول نەکراو کەوتە داوی پلانەکانی کافور، لە ٢/نیسان/١٨٥٩ هەرەشەی لە (بیدمونت) کرد کە تاماوەی سێ رۆژ سوپاکەی بڵاوە پێ بکات و چەکی لەشکرەکەی داماڵێنێ، کاتێ (بیدمونت) ئەم هەرەشەیەی لەلایەن نەمساوە پشت گوێ خست. نەمسابریاری جەنگیدا دژ بەبیدمونت.

هەوالنامەی کێبر

## ڕێرەوی شەرەکان:

١- هێزەکانی (بیدمونت) بەهاوکاری لەشکری فەرەنسا، هێرشیان کردە سەر نەمسا لەمانگی حوزەیرانی/١٨٥٩، توانیان دەست بەسەر ناوچەکانی (لومبارديا) و (میلانو) بگرن.

٢- هەر لەدرێژەی ئەو جەنگەدا لەساڵی (١٨٦٠) دەستیان بەسەر ناوچەکانی (توسکانیا - بارما - مودینیا) کرت.

٣- هێزێکی هەزار سەربازی بەسەرکردایەتی (گاریبالدی) توانیان ناوچەکانی (سقلیە) و (ناپۆلی) رزگار بکەن.

دواتر لەمانگی ئەیلولی (١٨٦٠) کاریبالدی توانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتداری پاپاش رزکار بکات، تەنها شاری (رۆما) و دەوروبەری نەبێ.

بەم جۆرە شاری رۆما لەژێر دەسەلاتی پاپا مایەوە ناوچەی بوندوقیە لەژێر دەسەلاتی نەمسا مایەوە.



هەوارنامەی کتێب

٤- لەگەڵ هەلگیرساندنی جەنگ لەنێوان بروسیا و نەمسا لە (١٨٦٦) ئیتالیا بووە هاوپەیمانی بروسیا لەو شەڕەدا، بەشداری جەنگیان کرد لەو جەنگەدا دژ بەنەمساو ناچاریان کرد هێزەکانی شاری (بوندوقیە) چۆڵ بکات، بەم جۆرە ئەم شارە گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی ئیتالیا.

٥- دوای تێشکانی ناپلیۆنی لەبەردەم سوپای بروسیا لە (١٨٧٠)ز، بە سەرکردایەتی بسمارك، سوپای فەرەنسا ناچار بوو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پاپا (رۆماو دەوروبەری) بکشێتەوە، ئیتالیا ئەم هەلەی لەدەست نەداو سوپاکەی گەیشتە شاری رۆماو کردی بە پایتەختی ئیتالیا، بەڵام دەسەڵاتی پاپا لە ناوچەیەکی بچووك (ڤاتیکان) مایەوە، بەم جۆرە لەساڵی (١٨٧٠) تەواوی خاکی ئیتالیا لەژێر دەسەڵاتی بێگانە زرگارکراو یەکگرتنی ئیتالیا هاتەدی.

ئـەم كـارە گرینگـە بـەلێهاتوویی كـافوری سـەرۆك وەزیـران و تواناكـانی مـاتزینی و گیـان فیـداكاری كاریبالدی هاتەدی.

چـەند ناوچـەیەك لـەخاكی ئیتالیـا لـەدەرەوەی سـنوری(٢١) ولآت مایـەوە، وەك ناوچـەكانی (ترینـۆ، بتوول- ئەستیریا – تریستا)، ئـەم ناوچانەش لـەدوای جەنگی جیهانی یەكەم چارەسـەریان بـۆ دۆزرایـەوەو خرانەوە سەرخاكی ئیتالیا.

هەواڵنامەی کتێب

# بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەچین

چین وڵاتێکی گەورەو فراوانە، دەکەوێتە رۆهەڵاتی کیشوەری ئاسیا.

سنوری ئەم وڵاتە لەگەڵ دراوسێکانی بەم جۆرەیە:

١- لەباکوورەوە: مەنگۆلیای میللی

٢- لەباشوورەوە: بورما – ڤیتنام – لاوس

٣- لەرۆژهەڵاتەوە: کۆریای باکور – روسیا – نۆڤیانووسی هێمن

٤- لەرۆژئاواوە: روسیا – هیند – کشمیر- نیپال – بۆتان – ئەفغانستان

رووبەری وڵاتی چین (٩.٥٩٦.٩٦٠)کم٢.

ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی ٢٠٠٤ نزیکەی (١.٢٠٠.٠٠٠.٠٠٠) کەسە.

پایتەختەکەی – شاری پەکین

سیستمی حوکمرانی کۆماری میللی (٢٢)

## نەتەوەی چین – پێکهاتنی و پەرە سەندنی: (٢٣)

نەتـــەوەی چـــین، رەچـــەلەکێکی ســـنوور فراوانـــە، پێکهـاتووە لـە (٥٦) لـق، ئـەم ڕەچـەلەکە گەورەیـە لەماوەیـــەکی دوورو درێـــژدا پێکهـــاتووە، لـــەڕێگای تێکەڵبوونی چەند گروپێکی (ئـەثنی) جیـاواز لـەناو نەتەوەی چین، رەچەلەکی (هان) بەگـەوردترین ئـەو رەچەڵەکانە دادەنرێت.

لەمێـــژووی چـــین دا ســـێ ســـەردەمی گـــەورە هەیـــە، لـــەماوەی ئـــەو ســـێ ســـەردەمە، تێکـــەڵبوونی ئـــەو رەچەڵەکانە روویداوە، ئەو سەردەمانەش بریتین لە: ســەردەمی بــەهارو پــایز (میرنشــینە شــەرکەرەکان) سەردەمی هەردوو رەچەڵەکی (وی ـ جین)، سەردەمی یۆنانی پادشایەتی.

کۆمەڵگــەی فراوانــی چــین بەدرێــژایی مێــژوو پێکهاتووە، بەهۆی گۆڕنکارییە یەك بـەدوای یەکـەکان و تێکـەڵبوونی گروپـە (ئـەتنیـە)کان لەیـەك گـروپ، بەخوونــەریت و کــەلتورە تایبەتیەکانیانــدا لــەناو یەکتر.

بــەر لــەپێنج هــەزار ســاڵ ئــەو کۆمــەڵ و گەلــە جیاوازانــە، لەناوچــە فراوانــەکای چــین نیشــتەجێ بوون، گۆڕانیان بەسەرداهات و گەشەیان کرد، خیـل و هۆزیان لێ پێکهات بەپێی ڕێسای باوك سالاری.

لــەوڵاتی چــین ژمارەیــەکی گــەورەی میرنشــین و ناوچــەی دەرەبەگایــەتی پەیــدابوو لەســەردەمی ڕەچــەڵەکی پادشــایەتی، ئــەو دیاردەیــە بــووە هــۆی نــاکۆکی بــەردەوام، لەهــەمان کاتــدا بووبــەهۆی بیرکردنەوە لەپێناو یەکگرتنی سیاسی وڵات.

میرنشین و دۆقەکانی (تشو). فەرمانرەوای بەتوانابوون، پێکهاتەی دامەزراوەییان دامەزراندبوو، پێکهاتبوو لە وەزیران و ئەمینداری نهێنی، فەرمانبەرانی نووسینگەکان، چینی ئەریستوکرات دابەش ببوو بەسەر پێنج پلە: میر، مەرکیز، خانەدان، ڤیکونت، بارۆن.

لەسێبەری ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە چەند گروپێکی دیکەی کار بەدەست هەبووە، وەك: گەورەی مامۆستایان، سەرۆکی پاسەوانان، وەزیری کشتوکاڵی، وەزیری ئەشغالی گشتی، وەزیری جەنگ. گەورەی پیاوانی ئایین، سەرپەرشتی کاری رێ و رەسمی بۆنە ئایینیەکان.

یەکەم مێژووی نووسراوی چین بۆ ساڵی (١٧٦٦)پ.ز(٢٤) دەگەڕێتەوە. لەساڵی (١١٢٢)پ.ز. دانیشتوانی رۆژ ئاوای چین کۆتاییان بەشارستانیەتی

(شانگ) هێناو لەجیاتی ئەو شارستانیەتی (تشو)یان دامەزراند کە تاساڵی (٢٥٦)پ.ز بەردەوام بوو.

ساڵی (٢٠٨)زایینی، (وانگ مانگ) دەسەڵاتی گرتە دەست و بنەماڵەی (زین)ی دامەزراند، بەڵام بنەماڵەی (هان) توانیان دەسەڵاتیچین وەربگرنەوەو لەسەردەمیان زانست و ڕۆشنبیری گەشەیان کردووە.

ساڵی (٦١٨)ز. بنەماڵەی تانگ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و زیاتر لە (٣٠٠)ساڵ حوکمڕانیان کردووە. لەو سەردەمەدا ئابوری وڵات پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە.

دواتر بارێکی پڕ ئاژاوە کەوتۆتە وڵات تابنەماڵەی (تونگ) دەستیان بەسەر هەموو چیندا گرتووە لە (٩٦٠) ز. پاش ئەو دۆخە چین بەرەو ڕووی هێرشی وێرانکاری مەغول بۆتەوە. کەدەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو لە (١٢٩٧ — ١٣٦٨)ز.

هەواڵنامەی کتێب

ژیان لەوڵاتی چین لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا پاشەکشەی دەکرد، هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان لەزۆربووندا بوو.

## هزری سیاسی کۆن لەچین: (٢٥)

هۆکاری مانەوەی ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیە لەوڵاتی چین بێ گۆڕانکاری و بۆ ماوەی زیاتر لەدوو هەزار ساڵ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەکەلتوری باو لەچین لەهزری کۆنفوشیۆسەوە وەرگیراوەو بنەماکانیشی لەسەر ئەو هزرە دامەزراون.

هزری کۆنفوشیۆس، وەك ڕێبازێك، باو بووە لەناو توێژی زاناو خوێندەواران، هەر لەمنداڵیەوە دەبوایە فێری ببن، تا ڕادەیەك ڕێگا نەدەدرا بەهیچ کەسێك کار لەدام و دەزگاکانی حکومەت بکات. ئەگەر هەڵگری هەر بیرو باوەڕێکی دیکە بوایە، بۆیە

فەلسەفەی کۆنفۆشیوس زاڵبوو بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتی چینی کۆندا.

وڵاتی چین لەبەشێکی گەورەی مێژوودا دوور بووە لەجیهان وکێشەکانی، بەتایبەتی لەئەوروپا تادەوروبەری سەدەی سێزدە، لەکاتێ هەندێ (مژدەبەخش) ئەوانی ئایینی مەسیحیان بڵاودەکردەوە روویان لەو وڵاتەکرد، ئەوانە هۆکاری سەرەکی پەیوەندیکردن بوونە لەنێوان ئەوروپاو چین، تاسەرەتای سەدەی هەژدە، کەفەرمانی رەسمی لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینەوە دەرچوو بەقەدەغەکردنی کاری بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت.

## پەیوەندی نێوان چین و ئەورووپا: (٢٦)

دوای ڕێگرتن لەچالاکیەکانی مژدە بەخشە مەسیحیەکان، لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە، هەندێ لەبازرگانەکانی ئینگلیز روویان لە بازرگانیکردن کرد بە (حەشیشە) و لەڕێگای قاچاغەوە دەگەیشتە شارەکانی چین.

ئەم مادە بێهۆشکەرە بەزۆری لەوڵاتی هیندستان دەچێنرا، کە لەژێر داگیرکاری بەریتانیا بوو لەو سەردەمە.

(حەشیشە) لەوڵاتی چین بڵاوبووەوە بەشێوەیەکی فراوان، هەڕەشەی گەورەی بەسەر باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتە هەبوو، بۆیە دەبوو کاربەدەستانی چین بەرەو رووی ببنەوەو هەندێ بریار بۆ چارەسەکردنی وەربگیرێ.

هەواڵنامەی کتێب

هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی چین بۆ ڕێگرتن لەبازرگانی کردن بە (حەشیشە) لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپا جێگای نارازی بوون بوو، ڕووداوەکان بەرەو گرژی پەرەی دەسەند، لەئاکامدا ململانێی چەکدری ڕوویدا، هێزی چەکداری بەریتانیا پەلاماری بەندەری (هۆنگ کۆنگ)ی چینی داو داگیری کرد لەساڵی (١٨٤٢)، لەئاکامی ئەو ململانێیەش چین ناچار کرا کە ڕێککەوتننامەی (نانگیف) مۆربکات، کە زۆر ناحەقی تیادابوو بەرامبەر بەچین.

لەنێوان ساڵانی (١٨٥٦ - ١٨٦٠)ز، چین بەرەو ڕووی دوو هێرشی سەربازی دیکە بووەوە، هەر لەئاکامی ئەو هێرش و پەلاماردانە چین ناچار کرا چەند پەیمانێکی دیکە لەگەڵ وڵاتانی یابان و ئەمەریکا مۆر بکات، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێ، بەڵکو

دەرگای بۆ دەست تێوەردانی بیانی خۆش کرد لەکاروباری ناوخۆی چین.

بەم جۆرە بازارەکانی چین کراوە بوو لەبەردەم بازرگانانی بیانی و بڵاوبوونەوەی (حەشیشە) و کەرەستەو کاڵای هەرزانی بێ کەڵکی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا کە بەلێشاو لەشارو بازەڕەکانی چین بڵاودەبوونەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕێگادرا بەگەڕانەوەی (مژدەبەخشە) کان، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت و دژایەتیکردنی هزری کۆنفوشیوش و بنەما شارستانیەکانی چین.

## کاردانەوەی چین بەرامبەر بەو بارودۆخە:

ئـەو بارودۆخــە کەبـەکورتی خرایـە روو، سـەرەڕای لاوازی و بـێ توانـایی حکومـەتی چـین لەبەرامبـەر دەسـتێوەردانی دەرەکـی، بـوو بـەهۆی پەیـدابوونی نـاڕەزایی تونـد لەلایـەن زۆربـەی چـین و توێـژەکانی گـەلی چـین، لەبـەر ئـەوەی بـارگرانی ئـەو دۆخــە ئابوورییـە زیـاتر بەسـەر ئەوانـەوە بـوو کـە بـاجی هەموو ئەو دیاردانەیان دەدا.

بۆیە چەند کاردانەوەیەکی گەورە سەری هەڵدا، وەك:

١- هـەڵگەڕانەوەیەکی گەورەی دژ بەحکومـەت کەنزیکـەی (١٥) ســاڵی خایانـد لـەنێوان ســاڵانی (١٨٥٠ – ١٨٦٥) ناسرا کە بەهەڵگەڕانەوەی (تایینگ) ناسرا.

٢- شۆڕشی (ئەلبوکسرز) لەسالی (١٩٠٠)، بەهۆی خراپی باری ئابووری و دەسـت کـورتی و برسـێتی جـەماوەر، لەمیانەی رووداوەکان جەماوەری شۆڕشـگێر هێرشـیان

کرده سەر بنکەکانی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت و ئەو گەڕەك و شوێنانەی بێگانەی تیادا نیشتەجێن، هەروەها بارەگای باڵیۆزخانە بیانیەکان لەپایتەخت.

بەرامبەر ئەو راپەڕینە جەماوەریانە حکومەت هێزەکانی خۆی بەکار هێناو بەتوندی بەرەڕووی بوونەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی نارازی خرانە بەندیخانەکانەوە، سەرکردەکانیشیان لەسێدارە دران.

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا وڵاتی چین بەرەو رووی هێرشێکی سەربازی گەورەی یابان بۆتەوە لەساڵی (١٨٩٥)ز، لەو هێرشەی یابان، سوپای چین تووشی شکان هات و چەند ناوچەیەکی فراوانی چین داگیرکرا.

هەر لەسەرهەمان شێواز چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا بەهێزی سەربازی چەند ناوچەیەکی دیکەی

هەواڵنامەی کتێب

چینیان داگیرکرد، یان لەژێر چاودێرییان بوو، وەك روسیاو فەرەنساو بریتانیا.
بەم جۆرە وەك دەردەکەوێ چین لەنێوان سالانی (١٨٩٥ – ١٨٩٨) خاکەکەی پچرپچر کراو بووە چەند ناوچەیەکی داگیرکراو لەلایەن دەولەتە گەورەکان.

**قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەچین:**

بەپێی بیروڕای نووسەرو شارەزایان، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەولاتی چین بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕ بووە، ئەگەر چی ئەو بیروڕایانە جیاوازیشیان تیادا بەدی دەکرێ، هەروەك کتێبی (القومية و المذاهب السياسية) لەنووسینی د. احمد عبدالکریم، ئاماژەی بۆ کردووە.

بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی چەند فاکتەرێکی گرینگ کارتێکردنی بەسەریدا هەبووە لەماوەی رێرەوی مێژوویدا، وەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە چین و جۆری کەلەپورو شارستانیەتی، کاریگەری هێرشی یابان بۆ سەر چین، هەروەها شۆڕشی (ئۆکتوبەری) کۆمونیستی لەروسیا.

دەکرێ ئەم بزووتنەوەیە بەخەسلەتە ناسیۆنالیزمیەکەیەوە کەگەشەی کردوە، دابەش بکەینە سەر چەند قۆناغێك. بریتین لە : (٢٧)

١- قۆناغی یەکەم:

قۆناغی بزووتنەوە سەرەتاییەکەی. لەو قۆناغەدا چەندین راپەڕینی یەك لەدوایەکی جەماوەری بەرپابووە. کە هۆکارەکانی دەرەکی و ناوخۆیی بوون. ئامانجەکانیشی بەرژەوەندی کۆمەلانی خەلکی چین بووە، گرینگترینیان، هەلگەڕانەوەی (تایبنگ) سالی

(١٨٥٠)ز، هەروەها شۆڕشی (ئەلبوکسوز) ساڵی ١٩٠٠ز، لەم قۆناغەدا خەسلەتی جولانەوەکە پچڕ پچڕی و لاوازی ڕێکخستنی پێوە دیار بووە.

٢- قۆناغی دووەم:

ئەم قۆناغە تێکەڵاوییەکی لەگەڵ قۆناغی یەکەمدا هەیە، دەکرێ بڵێین، دەست پێ دەکات لە (١٨٩٥)ز، دوای جەنگی (یابان – چین) سەرەتای دابەشکردنی چین بۆ چەند ناوچەیەکی داگیراکراو لە لایەن دەوڵەتە گەورەکان (یابان، بریتانیا، ئەمریکا، روسیا) لەم قۆناغەدا چەند بۆ چوونێك سەری هەڵداوە، هەندێکیان، ڕێبازی چاکسازییە، لەهەوڵی زیندوو کردنەوەی کەلتووری چیندا بووە، بەڵام ئەوانی دیکە ئاراستەیان پیادە کردنی هزری رۆژ ئاوایی بووە.

ئەم قۆناغە لەساڵی (١٩١١) گەیشتە لوتکە، بەگۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لەشێوەی ئیمپراتۆرییەتەوە بۆ

کۆماری، کۆتایی دێت بەهاتنی (شیان کای شێك) بۆ سەر دەسەڵات لە ١٩٢٥.

گرینگترین کەسایەتی ئەم قۆناغە (سن یات سن) بووە، کە بیروباوەڕەکانی زاڵبووون بەسەر هزرو ئایدیۆلۆژیای ناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی چین.

٣- قۆناغی سێیەم:

ئەم قۆناغە بریتیە لەو ململانێیەی پەیدا بوو لەناو خودی حیزی نیشتمانی چین (کیومینتانگ) حیزبی دەسەڵات، لەنێوان دوو بۆ چوون:

ئەوانەی باوەڕیان بەشێوازی دیموکراسی ڕۆژئاوایی هەبوو. لەگەڵ ئەوانی باوەڕیان بەڕێبازی مارکسیەت هەبوو.

ئەم ململانێیە کاریگەری بەسەر ناوەرۆکی هزری ناسیۆنالیزمی چین هەبووە. هەربە هۆی ئەو ململانێیە. کۆمونیستەکان لە (کیومینتانگ) جیا

بوونەو لەکۆتایی بیستەکان و سەرەتای دەرکەوتنی رۆڵی ماوتسی تونگ.

٤- قۆناغی چوارەم:

دەکرێ ئەو قۆناغە ناوبنرێ قۆناغی جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی چین. ئەم قۆناغە بەدامەزراندنی کۆماری چینی میللی گەیشتە لوتکە.

گرینگترین روخسارەکا ئەم قۆناغە بەرنامەکەی (ماوتسی تۆنگ) بوو لەژێر ناوی (دیموکراسیەتی نوێ). بەپێی بۆ چوونەکانی ماوتسی تۆنگ، گەل دابەشکرا بەسەر چوارا چیندا، بریتین لە: کرێکاران، جوتیاران، رۆشنبیران (بورژوازییەتی بچووك)، بورژوازییەتی نیشتمانی.

هەواڵنامەی کتێب

## ناسۆنالیزمی چین لەنێوان رابوون و پێناسەدا: (٢٨)

دوای ئـەو رووداوانـە. بـەڕوونی نیشتمان پـەروەران و رۆشنبیرانی چین، درکیان بـەوە کـرد کـەرزگارکردنی وڵاتەکـەیان لەپارچەپارچـە بـوون و لـەناو چـوون. پێویسـتی بـەدانانی بەرنامـەو بیروبـاوەڕێکی نـوێ هەیـە. ئـەو بیروبـاوەرە نوێیـەش دەبـێ سـوود لـە شارستانێتی رۆژ ئاوا وەربگرێ. ئەوەنـدەی کەلەگەڵ کۆمەلگـەی چـین بگـونجێ. پارێزگـاری لەرەگـەزە بەکەلکەکانی کەلەپورو کەلتوری و ڵاتەکەیان بکات.

لەسـەردتای سـەدەی بیسـتەمدا. چـەندین نووسـین بڵاوکراوەتـەوە بانگەشـەی بـۆ شـۆڕش و ڕاپـەڕین کـردوەو. دژ بـەو بارودۆخـەی خولقـاوەو داوای گۆرانیان دەکرد.

هەواڵنامەی کێتر

دیاردەکانی ئەوەی دەسەلماند کە کۆمەلگەی چین لەبەردەم گۆرانی گەورەدایە کەلاوان و رۆشنبیران رابەرایەتیان دەکرد.
رووە رۆشنبیرییەکەی ئەو گۆرانە. مامۆستای زانکۆ (شن تی هسیو) رابەرایەتی دەکرد. لەگەڵ بیرمەندی چین (هوشیە). ئەو بزاڤە بەردو گۆڕان ناوی لێنرا (رابوونی چین).
سەرکردەکانی ناسیۆنالیزمی لەچین بەسەر سێ گروپ دابەش ببوون لەوقۆناغە کە بریتی بوون لە:

١- شۆرشگێرە رادیکالەکان.
٢- پادشایەتی دەستوری (کۆنەپارێز)
٣- کۆمارییەکان.

خالی کۆکەرەوە لەنێوان ئەو سێ لایەنە. تەنها دژایەتی بوو بۆ دەست تێوەردانی بیانی.

رۆلی (سن یات سن): (٢٩)

(ســن یــات ســن) لەســاڵی ١٩٢٤، دوا کتێبــی خــۆی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (سێ کۆڵەکەی گەل).

دەکرێ لەدەستەواژەی (سێ کۆڵەکەی گەل) ئـەوە تـێ بگەین. کەبریتی بوو لەو ڕێبازە هزری و فەلسەفیەی نــاوبراو، کــەماوەی بیســت ســاڵی دوایــی لەتەمــەنی سیاسی خۆی پێوە ماندوو کردبوو.

لەو نووسـینەدا (سـن یـات سـن) هەوڵیـداوە چـەندین بیرو باوەڕ دەست بژێر بکات و لەگەڵ یـەك تێکـەڵیان بکــات و هزرێکــی نــوێی لێ پەیــدابکات. نــاوبراو لەنووســینەکەیدا، کولتــووری چــین تێکــەل بــەبیرو باوەڕەکــانی لیــنین دەکــات بەمەبەســتی بەرهەڵســتی کردنــی ئیمپریــالزم. هــەروەها یاســاکانی مونتســکیو بەدوای چەمکەکانی لینکۆڵن دەدات. سۆسیالستیەکەی

هنــری جــۆرج هاوپـــەیمانی مارکســیزم وهــزری

ئەندیشەیی چین دەبێت.

نوســـینەکەی بـــەکارێکی گـــرینگ و بنچـــینەیی

دەژمێردرێـــت، کـــە بەهۆیـــەوە هـــزرو ئـــیرادەو

پرســـیارەکانی تیکۆشـــانی ســـەرەتای ئـــەم ســـەدەیەی

پێگەیاند.

(ســـن یـــات ســـن) چـــالاکی شۆڕشـــگێرانەی خـــۆی

لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمەود دەســـت پێکـــردوە

تاکۆچی دوایی لەساڵی (١٩٢٥).

ساڵی (١٨٩٤) کۆمەڵێکی بچووکی شۆڕشگێری ڕێکخست

لەناوچـەی (هـوری). هـەروەها سـەرکردایەتی ئـەو

هەڵگەڕانەوەیـەی کـرد. کـە لەسـاڵی (١٩٠٤) ڕوویـداو

لەئاکامدا ناچار بوو پەنا بۆ دەرەوەی وڵات بەرێت.

لەســاڵی (١٩٠٥) لەشــاری تۆکیـۆ کۆمەڵەیـەکی دیکـەی

ڕێکخست لـەژێر نـاوی (کۆمەڵـەی شۆڕشـگێری). ئـەو

کۆمەڵەیە راستەوخۆ بەناوکەی کیومینتانگ (حیزبی گەلی نیشتمانی) دادنرێ، بەرنامایەکی بۆ دارشت کەلەسێ خاڵ پێکدێت:

١- گێڕانەوەی دەسەلات بۆ خەڵکی چین، بڕیاری چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان بدەن (یەکێتی نیشتمان).

٢- دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری (دەسەلاتی دیموکراسیەت).

٣- دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران. (چاکسازی کشتوکاڵ)

(سن یات سن) لەناکامی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩١١، بەسەرۆکی کاتی بۆ کۆماری چین دانراو



هەواڵنامەی کتێب

## شۆڕشی ساڵی ١٩١١: (٣٠)

لەبـەرواری ١٠/تشـرینی/١٩١١، یەکەیـەکی سـەربازی لەشاری (ووشانگ) دژ بە دەسەڵاتداری چین راپەڕین، ئامانجیـان دامەزرانـدنی سیسـتمێکی کۆمـاری بـوو، دواتر یەکەیەکی سەربازی دیکەش لەشاری (کـانتون) پشـتگیری خۆیـان بـۆ راپەڕینەکـەی (ووشـانگ) راگەیاند. هێزەکانی ئیمپراتـۆر توانیـان دەسـەڵات بۆ سەر شاری (ووشـانگ) بگەڕێننـەوەو راپەڕینەکە کپ بکەنەوە. بەڵام راپەرینەکەی (کانتون) بەرگری کردو بڕیـاری دامەزرانـدنی کۆمـارێکی کاتیانـدا. لەناوچـەی (نانکین). (سن یات سن) بـووە یەکـەم سـەرۆك کۆمـار بەشـێوەیەکی کـاتی، لەگـەڵ هـەموو هەوڵـەکانی ئیمپراتۆر بۆ رێگرتن لەوکارە.

ئـەم راپەڕینـە لەلایـەن کۆمەڵـە رۆشـنبیرێك سـەرکردایەتی دەکـرا کـە زۆرینـەیان باوەڕیـان

بەبنماکانی دیموکراسیەت هێنابوو. ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەردەمیانەی ناسیۆنالستی بوو، ئەگەر چی چین و توێژی فراوانی جوتیاران هەلوێستێکی پشتگیرییان نەبووەو کەم و زۆر بایەخیان بەم رووداوە گرنگە نەداوە.

ئەو شۆرشە لەراستیدا شۆرشی رۆشنبیران بوو لەشارەکاندا بەرپا بوو. بۆ دژایەتیکردنی دەستێوەردانی بیانی و لاوازی و گەندلی فەرمانڕەوایی چین.

دوای دامەزراندنی رژێمی کۆماری، چەندین حیزبی سیاسی لەو وڵاتە دامەزرا، خۆیان ئامادە کرد بۆ بەشداریکردن لەهەلبژاردن. لەنێوان ئەو حیزبانە، حیزبی گەلی نیشتمانی (کیومینتانگ).

لەلایەکی دیکەوە (یوان شیکای) کەیەك لەسەرکردەکان ئەم شۆرشەبوو (پێشتر لەسەردەمی

هەواڵنامەی کتێب

ڕژێمـی ئیمپراتـۆر کاربەدەسـتێکی گـەورەبوو)، دژ بەدامەزراندنی سیستمی کۆماری وەستاو خۆی وەك ئیمپراتۆر ڕاگەیاند.

بۆیە بەشێکی گەورەی سەرکردەکانی شۆڕش ناچار بـوون چـین بـەجێ بهـێڵن و بـەرەو دەرەوە خۆیـان دەرباز بکەن.

لەساڵی (١٩١٥) یابانیەکان هێرشیان کردە سەر چین و هـەوڵی داگیرکردنیانـدا هـەروەها ئـەو وڵاتـە بکەنـە پاشـکۆیەك بـۆ خۆیـان. فـەرمانڕەوای نـوێ (یـوان شـیەکای) لـەپێناو مانـەوەی لەسـەر دەسـەڵات و بـەدیهێنانی پشـتگیری یابانیـەکان، ڕازی بـوو لەسـەر داواکاریەکانی یابان.

بـەڵام جـەماوەری چـین زۆر بەتونـدی دژی ئـەو هەڵوێستەی ئیمپراتۆر وەستان. لەچەندین ناوچەی چـین هەڵگەڕانـەوەو شـەڕو پێکـدادان ڕوویـدا، ئـەو



هەوڵنامەی کتێب

کاردانەوەد جەماوەرییە فراوانە. ئیمراتۆری ناچار کرد لەهەڵوێستەکانی خۆی بەرامبەر بەیابان پەشیمان ببێتەوە، زۆری پێ نەچوو ئیمپراتۆری ناوبراو کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەوەسەرکردەکانی حیزبی (کیومینتانگ) دەستیان کرد بەگەڕانەوە بۆ وڵات، بە(سن یات سن)وە، هەوڵی ئەوە یاندا کە ئەزموونی دیموکراسی لەو وڵاتە بچەسپێنن، بەڵام کۆچی دوایی (سن یات سن) لەساڵی (١٩٢٥) لەگەڵ پەیدابوونی ناکۆکی و ململانێ لەناو ئەو حیزبەدا، رێگای ئەو ئامانجەی لێگرتن.

هەروەها زاڵبوونی سەرکردەکان جەنگ و گەندەڵکاران لەچەندین ناوچەی جیاواز لەچین، هەموو ئەوانە سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسیەتی لە چین کردەکارێکی مەحال.

لەو ماودیەدا لەچین دوو حکومەت دامەزرا یەکێکیان لەباشور لەلایەن حیزبی (کیومینتانگ) و ئەوی دیکەیان لەباکور کەچەند سیاسەتمەدارێکی کۆنەپارێز ددستیان بەسەردا گرتبوو.

لەو سەردمە شۆڕشی (نوکتوبەر)ی کۆمۆنیستی لەروسیا سەرکەوت و یەکێتی سۆڤیەت دامەزرا، ئەم هێزە نوێیە گەوردیە سیاسەتەکەی پشتیگریکردنی حیزبی (کیومنتانگ)بوو. داواشی لەکۆمۆنیستەکانی چین کرد کە لەناو ئەو حیزبە کۆببنەوەو خۆیان رێك بخەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئاراستەی بکەن.

## ململانێ لەناو حیزبی (کیومینتانگ) : (٣١)

لەناست ئەو بارودۆخە، حیزبی گەلی نیشتمانی (کیومینتانگ) تووشی ململانێ و دووبەرەکی ناوخۆبوودوە، ئەم حیزبە بەسەر سێ باڵدا دابەش بوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- کۆمۆنیستەکان کە دەیانەویست هاوپەیمانەتیان لەگەڵ ئەم حیزبە درێژەی هەبێ.

٢- باڵێکی ئەم ناوەندە بەسەر کردایەتی(وانگ شینگ) لەگەڵ هاوسەرو کوڕەکەی(سن یات سن). ئەوانە بۆ ئەوە کاریان دەکرد کەپارێزکاری لەکەلەپووری (سن یات سن) بکەن و بیرو باوەڕەکانی سەربکەوێ و جێ بەجێ بێت.

٣- گروپێکی دیکە لە گەورە دەسەڵاتدارو خاوەن بەرژەوەندییەکان، بە سەرکردایەتی (شیانگ کای شیك).

ئەم گروپەش پابەندنی خۆی بۆ بنەماکانی دیموکراسیەت و بیروباوەڕەکانی (سن یات سن)یان ڕاگەیاند. بەڵام لەراستیدا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاریان دەکرد.

لەکۆتاییدا ئەم گروپە سەرکەوتن و کاروباری وڵاتیان گرتە دەست.

هەوارنامەی کتێب

## ململانێ لەنێوان حیزبی (کیومینتانگ) و کۆمونیستەکان: (٣٢)

حیزبی شیوعی لەچین، سەرەتای دامەزراندنی بۆ هەوڵەکانی چەند رۆشەنبیرێك دەگەرێتەوە، کە لەزانکۆی (بکین) کاریان دەکرد. ئەوانە لە ساڵی ١٩١٩ دەستەیەکیان پێکهێنا لەژێر ناوی (پەیمانگای کۆمونیستی)، لە کەسایەتیە دیارەکانی ئەو دەستەیە (ماوتسی تونگ) بوو، ناوبراو فەرمانبەر بوو لە کتێبخانەی زانکۆ.

ساڵی ١٩٢١، یەکەم شانەی رێکخستنیان لەشاری (شەنگەهای) دامەزراندو (د. تیشن تیو هسیو) بووە سەرۆکی ئەو رێکخستنە.

لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٢٧ – ١٩٣٤) حیزبی شیوعی چین بەرەو رووی هەڵمەتێکی توند بۆوە، لەلایەن

دەسەڵاتەوە دەکرایە سەری و زیانی گەورەی بەرپێکخستنەکانی گەیاند.

بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە، سەرکردایەتی جەماوەری دەکرد لەشەری پارتیزانی لەناو چەیەکی بچووکی ناوەڕاستی چین بەسەرکردایەتی ماوتسی تونگ،

هەر لەژێر فشاری هێزەکانی دەسەڵات، ئەو هێزە بچووکەی کومونیستەکان بەسەرکردایەتی (ماو) ناچار بوون بەرەو باکور مل بنێت، لەکردارێکی کەم وێنەی زۆر دژواردا، نزیکەی دەهەزار کیلۆمەتر ڕێگایان بری. ئەم ڕۆیشتنە درێژخایەنە ناوی لێنرا (رەوتی گەورە).

لەشکرەکەی ماوتسی تونگ لەو ماوەیەدا زۆر ماندو ببوو و تووشی زیانی گەورە هاتبوون. کەگەیشتنە ئەو ناوچەیەی جێگای مەبەست بوو. کۆمارێکی

بچووکیان دامەزراند. کاروباری ناوچەکەیان بەڕێوە دەبرد، لەو ماوەیەدا ماو دوو بیرۆکەی لاگرینگ بوو، هەولی جێ بەجێکردنی دەدا:

١- بەدیهێنانی سەربەخۆیی چین و رزگارکردنی لەژێر دەسەلاتی بێگانە.

٢- بەهێز کردنی چین لەرێگای سیستمی سۆسیالسیتەوە.

هێزەکانی (شان کای شیك) جارێکی دیکە هەولی لەناوبردنی ئەو کۆمارە بچووکەیاندا، بەلام ئەوان بە توندی بەرگریان کرد، لەلایەکی دیکەوە (ماوتسی تونگ) داوای لەسەرۆك کۆماری چین (شای کای شیك) کرد کە بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی پێك بهێنن. بۆ بەرەنگار بوونەوەی داگیرکاری یابانیەکان.

(شان کای شیك) ناچار بوو، بەو داوایە رازی بێت، ئەو رێککەوتنەی نێوان هەردوو لا درێژەی کێشا تا کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، کە یابان

تووشی روخان هات و هێزەکانی ولاتی چینیان بەجێ هێشت.

بەم جۆرە هەردوو (هێزی کۆمونیستی) و هێزەکانی حکومەتی شان کای شیك، بەرەو رووی یەکتر بوونەوە، جارێکی دیکە جەنگێکی سەخت لەنێوانیان روویداو درێژەی کێشا تاسالّی ١٩٤٩، کە کۆتایی هات بەسەرکەوتنی ماوتسی تۆنگ و هێزەکەی.

بڕیاری دامەزراندنی کۆماری چینی میللی دراو ماوتسی تۆنگ بووە سەرۆك کۆمار.

لەگەڵ ئەو سەرکەتنە، ماوتسی تۆنگ دەستی کرد بەرێکخستنەوەی کاروباری دەولّەت، لەسەر بنەمای بیرو باوەڕەکانی خۆی کەناوی لێنا (دیموکراسیەتی نوێ).

**ئەم چەمکە نوێیەی ماو چەند بنەمایەك دەگرێتە خۆی لەوانە:**

هاوکاری نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان: کرێکاران، جوتیاران، بورژوازی، بچووك (رۆشنبیران) لەگەڵ بورژوازییەتی نیشتمانی.

هەروەها دەولەت دەبێتە ئاراستەکەری کەرتی ئابوری، چاکسازی لەبواری کشتوکالی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران.

بەمە نەتەوەی چین هەنگاوێکی مێژوویی گەورەی هاویشت بەرەو پێشکەوتن و جێگرتنەوەی خۆی لەناو نەتەوە زیندووەکانی سەر رووی زەوی.

# کۆتایی

لەکۆتاییدا دەتوانین دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ناسیۆنالیزم و پەیوەندییەکانی بە ڕێبازە سیاسیەکان، دابەش بکەینە سەردوو تەوەری سەرەکی:

یەکەمیان/ پەیوەستە بەچەمکی ناسیۆنالیزم و پەیوەندییەکانی بە ڕەگەزو دەوڵەت. هەروەها ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی کەلێی پێکدێن و پوختەیەک لەمێژووی هزری نەتەوایەتی و سەرهەڵدانە بەتەوژمەکەی لەسەدەی هەژدەی زایین بەدواوە.

دواتــر پەیوەنــدی دیــاردەی ناســیۆنالیزم، بــەهزرو ڕێبــازە سیاســییەکانی ســەردەم، وەك: دیموکراســیەت، لیبرالیەت، مارکسیەت، فاشیەت.

دیدو تێرامانی هەریەکە لەو هزرانــە بــۆ ناسیۆنالیزم چیە، پەیوەنــدی نێوانیــان، لەگــەڵ کاریگــەری ئــەو هــزرە سیاســیانە لەگەشــە کــردن و پەرەپێــدانی، یــان کۆسپ و بەردنگار بوونەوەی.

بەشی دووەمی لیکۆلینەوەکە پەیوەستە بەئــەزموونی چــەند بزاڤێکــی ناســیۆنالیزمی لەچــەند وڵاتێــك کــەدەکرێ بڵــێین ســەرقافلەی بزاڤــی ناســۆنالیزمی بوونە وەك، ئەڵمانیا، ئیتالیا، چین

ئەزموونی ئەو وڵاتانە بەردەوام جێگای لێکۆڵینەوەو کەڵك وەرگرتنی نەتەوەکانی دیکە بوونە لەبە سەرهات و دیار دەکانی.

لەمیانەی لێکۆڵینەوە لەئەزموونی ئەو سێ نەتەوەدیە دەگەینە چەند ئەنجام و خاڵێکی هاوبەش، دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١- بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لەهەر وڵاتێك، قۆناغی یەککگرتن و بەهێزبوون و پێشکەوتنی نەتەوە بەرجەستە دەکات، ئەو بزاقە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێ، خۆی دەنوێنێ لەبنەماکانی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

هەواڵنامەی کتێب

٢- بۆ گەیشتن بەو قۆناغە مێژووییەو رزگار بوون لەپچڕپچڕی وڵات، پێویست دەکات هێزە کاریگەرەکان و سەرکردەکانی ناسیۆنالیزم، سوود لەهەر هەلێک وەرگرن کەلەماوەی خەبات و هەوڵیان دێنە پێش و بازنەدەن بەسەریدا.

٣- پێویست دەکات باروودۆخی ناوخۆیی لەبار بێت، هاوپەیمانییەتییەک لەنێوان هێزە سیاسییە کاریگەرەکان هەبێت، سەرەڕای سوود وەرگرتن لەهەل و مەرجی دەرەکی و ئەو ناکۆکی و ململانێییەی لەنێوان دەوڵەتە ناحەزەکان هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

٤- بوونی بارێک لەپاڵپشتی و هۆشیاری جەماوەری، رۆشنبیران و نووسەران رۆڵی گرینگی خۆیان بەکار بهێنن بۆ خولقاندنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی.

دیارە ئەو ئاستە هۆشیاریەش کاریگەر دەبێ بەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگە.

**بوونی سەرکردەی (کاریزما) بۆ رابەرایەتی کردنی بزووتنەوەکە، کە ڕەنگە گرینگترین خەسلەتی ئەو سەر کردەیە ئازایەتی و خۆراگری بێت.**

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەو پەراوێزەکان

## سەرچاوەکان


١- الاقطار والبلدان مصطفى فاخوري – دار المعرفة بيروت – لـ – ٢٠٠٢ ص٤٢.

٢- گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٥) ساڵی چوارەم ٢٠١٠. هەولێر لاپەرە (٩٩) بابەتی هۆشمەند علی

٣- مجلة – الهدف٢٠٠٠- العدد – ١٠٢ – السنة الثانية – القاهرة – ص١٠٧٢.

٤- القومية والمذاهب السياسية – د. عبدالكريم احمد – الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر – القاهرة – ط١ – ١٩٧٠ – ص٢٣٢.

٥- مجلة الهدف ٢٠٠٠ - سەرچاوەی پیشو.

٦- القومية والمذاهب السياسية - سەرچاوەی پیشوو – ص٢٣١.

٧- تاريخ اوربا الحديث والمعاصر – د. زين العابدين شمس الدين – دار المسيرة – للنشر والتوزيع – ط١ – سنة٢٠١١ – الاردن – ص٤٠٠.


هەواڵنامەی کتێب

٨- گۆڤاری مێژوو – ژماره(٥) ٢٠٠٨ – هەولێر – لاپەره٢٢١ – بابەتی بسمارك – سەرکردەی یەکێتی ئەڵمانیا – تابان صباح پیربال .

٩- مجلة (الهدف٢٠٠٠) العدد – ١٠٤ – القاهرة – سنة١٩٧٥.

١٠- مێژووی هاوچەرخ – ئەورپا – نووسین – د. عبدالعزيز سليمان – د. عبدالمجيد نعنعى – وەرگێڕانی – خالید هەرکی – چاپی/١ – ساڵی ٢٠٠٩- لاپەره/٢٩٥.

١١- تاريخ اوربا الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ص٤٠.

١٢ الاقطار والبلدانى • مصطفى فاخورى – سەرچاوەی پێشوو ص٧٢.

١٣- قصة الحضارة – المجلد ٢٤ ويل ديورانت – دار نوبلس للنشر – بيروت ط١ ٢٠٠٨ ص٦٩

١٤- مێژووی هاوچەرخ – ئەورووپا – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٧.

هەواڵنامەی کتێب

١٥- تاريخ اوربا الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ص٢٧٨.
١٦- القومية والمذاهب السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٦٩ – ٢٧٠.
١٧- تاريخ اوربا الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ص٢٨٤.
١٨- مێژووی هاوچەرخ – ئەوروپا – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٨.
١٩- مێژووی هاوچەرخ – ئەوروپا – سەرچاوەی پێشوو ص٢٧٦.
٢٠- الموسوعة السياسية – د. عبدالوهاب الكيالي – المؤسسة العربية للنشر واالدراسات – ص٤٤٢.
٢١- تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ص٢٩٣.
٢٢- فەرهەنگی ڕووداوەکانی کوردستان و وڵاتانی جیهان – ئامادە کردنی علی کندی ج١ – ٢٠٠٥ – هەولێر- لاپەرە – ١٢٤.

٢٣- تعرف على الصين سوشو يانغ – ترجمة حسان بستانى – ط١ – ٢٠٠٨ – الدارالعربية للعلوم ناشرون – بيروت – ص ٦٥ – ٨٢.

٢٤- الاقطار والبلدان – مصطفى فاخورى – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٧.

٢٥- القومية والمذاهب السياسية – سەرچاودی پێشو – ص٢٤٠.

٢٦- موسوعة قصة الحضارة الجلد٧ – الصين٢ – ويل ديورانت – دار النشر نوبلس بيروت ط١ ٢٠٠٨. صحـ ١٢٩ – ١٣٨.

٢٧- القومية والمذاهب السياسية – سەرچاودی پێشوو ص٢٢٩.

٢٨- تاريخ الصين - سەرچاودی پێشوو ص١٩٠.

٢٩- تعرف الى الصين – سەرچاودی پێشوو ص١٢٢.

٢٠- تعرف الى الصين - – سەرچاوەی پێشوو ص١٢١.

٢١- تاريخ الصين – سەرچاودی پێشوو ص ١٩٢.

٢٢ الموسوعة السياسية – د. عبدالوهاب الكيالي – سەرچاودی پێشوو ص٢٢٨.

## پەراوێزەکان

١- مارتن لوثه ر (١٤٨٣ — ١٥٤٦)ز.

قەشەیەکی خواناس و بیرمەندو نووسەرد، لە ئەڵمانیا بانگەشەی بۆ چاکسازی ئاینی دەست پێکرد، لەکلیسە جیابۆوە، رابەری رێبازی پرۆستانتی بوو، کە لەوڵاتانی ئەڵمانیا، دانیمارك، ئایسلەندا، نەرویج و سوید و فنلەندا بڵاو بۆتەوە.

ململانێ و ناکۆکی کەوتە نێوان لوثەرو کلیسەی پاپا لە فاتیکان لەسەر زۆر کێشەی ئاینی و دونیایی، وازی لەکاری ئاینی هێنا، ژنی خواست و چەند منداڵێکی بووە.

٢- فیختە : (١٧٦٢ — ١٨١٤)

فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، سەر بەرەچەڵەکی سەکسۆنی، بەکاروباری کشتوکاڵیەوە دەژیا، بەهاو کاری چەند مولکدارێکی ناوچەکە. فیختە خوێندنی

لەزانكۆ ڤییەناو لیبزگ تەواو كردود. بۆتە هاوڕی و قوتابی فەیلەسوفی بەناوبانگ (كانت) لەساڵی ١٧٩١.
لەساڵی ١٧٩٤وەك مامۆستا لەزانكۆی ڤییەنا دەرسی وتۆتەوە. بەلام لەساڵی ١٧٩٩ بەتاوانی بێ باوەڕی دەركرا لەو پێگەیە، نیشتمان پەروەرێكی توند بووە، كۆمەڵە وتارێكی ئاراستەی گەلی ئەلمانیا كردووە. رۆحی ناسیۆنالیزمی تیادا بەدی كراوە. كاتێ مامۆستا بووە لەزانكۆی بەرلین (١٨٠٧ – ١٨٠٨)

### ٢- كۆنگرەی ڤییەنا (١٨١٤ – ١٨١٥)

كۆنگرەی دەوڵەتە ئەوروپیە ئازادەكان بووە. ئامانجی گێڕانەوەی هاوسەنگی هێزبووە بۆ كێشوەری ئەوروپا، ئەو هاوسەنگیەی كەبەهۆی جەنگەكانی ناپلیۆن تێكچوو.
ئەو بڕیارو رێككەوتنانەی كەلەو كۆنگردیە هاتەدی. ماوەی (١٠٠) ساڵ پارێزگای ئاشتی كرد. تاهەلگیرساندنی جەنگی جیهانی یەكەم.

٤- كافور : (١٨١٠ – ١٨٦١)

سیاسەتمەدارێکی ئیتالیە. بووە سەرۆك وەزیرانی میرنشینی (سەردینیا) لە نێوان (١٨٥٢ – ١٨٥٩). هەروەها لە (١٨٦٠ – ١٨٦١)

ناوبراو هەلگری بیروباوەڕی کۆنە پارێزی بوو، ماوەیەك لەبەریتانیا ماوەتەوە. سیستمی سیاسی ئەو وڵاتەی لاپەسند بووە، بۆیە باوەڕی وابووە کە باشترین سیستمی حوکمڕانی، سیستمی پادشایەتی دەستوریە.

٥- گاریبالدی (١٨٠٧ – ١٨٨٢)

لەشاری نیس لەدایك بووە. ماوەیەك سەربازی دەریاوان بووە. بەشداری لە شۆرشەکانی ئەمریکای باشور کردووە دژ بەئیستعماری ئەسپانیا.

شارەزایەکی باشی هەبووە لەجەنگی پارتیزانی. ئەندام بوو لەکۆمەڵەی (کاربوناری) لەماوەی جەنگەکانی رزگارکردنی ئیتالیا. سەرکردایەتی هێزێکی گەورەی کردووە کە لە یەك هەزار چەکدار

پێکهاتبوو. ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی ناوچە جۆراو جۆرەکانی ئیتالیاو جێ بەجێکردنی یەکگرتنی ئیتالیا.

٦- ڕێککەوتنی گشتاین (gastein)

ئەم ڕێککەوتنە لە ٢٠/ئابی/١٨٦٥ مۆرکرا لەنێوان نەمساو بروسیا، ڕێکەوتنێکی رواڵەتی بوو، مافی دایەبروسیا کە ناوچەی شلزویك بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. هەروەها ناوچەی هۆلشتاینی دایە نەمسا.

هەواڵنامەی کتێب